ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

دووشەممە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٥ _ ٥ی دێسامبری ٢٠١٦ | ژمارە: ٦٩٣ | www.kurdistanukurd.com



## بەڕێوەچوونی سمینارێکی تایبەت بە ٢٥ی نوامبر لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب

پێش‌نیوەڕۆی ڕۆژی ٢ی سەرماوەز سمینارێکی تایبەت بە پرسی ژنان لە یەکێک لە سالۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکانی نێو ڕیزەکانی حیزب، بەڕێوەچوو.

ئەو سمینارە زانستی‌یە کە لە لایەن یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان ڕێکخرابوو، لە چەند پانێلێ ئامادە و پێشکەش بە بەشداربووان کرا. ... ل٢

# پێشمەرگە هێمای خەبات و پارێزەری نیشتمانە



«دوای زیاتر لە ٧٠ ساڵ بە هۆی فیداکاری و ئازایەتی و خوێن و قوربانیدان، ناوی پێشمەرگە لە نێو ئەدەبیاتی جیهانی و زمانە جۆراوجۆرەکانی دنیادا بۆتە ناوێکی ئاشنا. هەرچەند لەو ڕۆژەوە کە ناوی پێشمەرگە بە بەژنی چەکداری کورد بڕا و ئەرکی شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵا و دیفاع لە شەرافەت و کەرامەتی گەلەکەی کەوتە سەر شانی، دوژمنانی کورد بە تەواوی هێزی سیاسی و مالیی خۆیان هەوڵیان داوە ناوی پێشمەرگە بەدناو کەن و وەک تیرۆریست و پیاوکوژ و جەردە بە دنیای بناسێنن، بەڵام بە هۆی ڕاستگۆیی و پاکی، جوامێری و ئازایەتی و پشتیوانی خەڵکی کوردستان لە پێشمەرگە، پڕوپاگەندەی دوژمن نەیتوانیوە کاریگەری هەبێ و لە بەدناو کردنی پێشمەرگە و لەو بوارەدا سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە، بەڵکوو بە پێچەوانەی هەوڵی دوژمنان، پێشمەرگە ڕۆژلەڕۆژ خۆشەویستتر دەبێ، چونکە لە سەردەمی ئێستادا خەڵکی کوردستان لە لایەک و بەرەی دەژەتیرۆر لە سەرانسەری دنیادا لەلایەکی دیکە، بە چاوی ئومێدەوە دەڕوانە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەر ئەوە وایکردووە دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، ئەگەر بە زاهیریش بێ، بە ڕەسمی ناوی پێشمەرگە وەک ڕزگاریدەر و هێزی کاریگەری لە بەرابەر تیرۆردا، بێنن.» ل٣

## حیزبی دێموکرات و چەتری یەکبوون

کەماڵ کەریمی

بابەتی یەکگرتنەوە و یەکبوون و یەکیەتی و هاوکاری لە نیوان هێز و لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستان لە ڕۆژهەڵات، هەمیشە یەکێک لە بابەتە گرینگ و سەرەکی‌یەکانی بەردەم خەباتکارانی کورد بووە و هەتا خەبات بەردەوام بێ، ئەم پرسە گرینگیی خۆی دەپارێزێ. گرینگتر لە ئەسڵی بابەتەکە پێویستیی سەرنجدانی خەباتکارانی کورد لە ڕۆژهەڵات بە تایبەت حیزبە سیاسی‌یەکانە کە بەرپرسیاریەتی سەرەکی‌یان بەرامبەر ئەم پرسە لەسەر شانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی تەمەنی خۆی و بەتایبەت لە دەساڵی ڕابردوودا، ئەوەندەی لە توانای‌دا بووبێ هەوڵی داوە لە پێناو نیزیککردنەوەی لایەنە سیاسی‌یەکان و هاندانیان بۆ سازدانی هاوکاری لە نێوان هەموو لایەنەکان‌دا تێبکۆشێ. ئەم هەوڵانە ئەگەر تا ئیستا بە ئاکامێکی دڵخواز نەگەیشتوە بەڵام بێ ئاکامیش نەبووە و هەر ئەوەندەی دڕدونگی‌یەکان کەمتر بوونەوە و هاودەنگی‌یەک لەسەر ڕەوابوونی ئەم داواکارییەی خەڵک بەگشتی دروست بووبێ، دەکرێ وەک خاڵێکی ئەرێنی لە پێوەندییەکانی نێوان هێز و لایەنەکان‌دا بژمێردرێ. هەر لەم پێناوەش‌دا بووە کە بەردەوام خەمی لە بەهێزکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ لایەنە سیاسی‌یەکانی دیکەدا خواردووە و هەمیشە بە بایەخەوە و بەدوور لە تێبینی‌یەکانی لەسەر جۆری بیرکردنەوە و هەڵوێست و سیاسەتی ئەم یان ئەو لایەن و تەنیا لە پێناو ڕەخساندنی هەلی هاوخەباتی و هاوکاری زیاتر لەگەڵ هەمووان‌دا خۆی پێوە ماندوو کردوە.

داواکاریی حیزبی دیموکرات بۆ بەدواداچوون و بەئاکام گەیاندنی ئەم پرسە گرینگە ئەوە بووە، کە باسەکان لە کۆبوونەوە دووقۆڵی‌یەکانەوە لە نێوان هەرکام لەم حیزبە دۆستانە بگوازرێتەوە بۆ کۆبوونەوەیەکی گشتی‌تر بە بەشداری نوێنەرانی هەموو حیزب و لایەنە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵات. مەبەست لەوەش دەسپێکردنی باسێکی ڕاشکاوانە لەسەر وەزعی کوردستان و پێویستی‌یەکانی ئەم قۆناغە لە خەباتی ڕۆژهەڵات و خستنە بەرباسی گرفتەکانی بەردەم یەکڕیزی و یەکبوونمان لە بەرامبەر دوژمنی هاوبەشمان، کۆماری ئیسلامی‌دا بووە. بێگومان هەر یەک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات توانا و سیاسەت و بەرنامەی کاری خۆیان هەیە و ناکرێ و ناتوانرێ چاوپۆشی لە دەوری کەم و زۆریان بکرێ. بەڵام ئەو ڕاستی‌یە لە هیچ لایەنێک مەگەر خۆی لێ بدزێتەوە، شاراوە نیە کە هیچ حیزبێکی کوردستانی تەنانەت... ل٢

**قەیران لە بزووتنەوەی خوێندکاری‌دا**
(بە بۆنەی ١٦ای سەرماوەز، ڕۆژی خوێندکار لە ئێران)
ڕەحمان سەلیمی ل٤

**بەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەمریکا لەسەر کوردستان و ئێران**
مستەفا شەڵماشی ل٥

**بناژۆخوازیی ئیسلامی**
نووسەر: گریگۆر دێلفاکس
وەرگێران لە ئاڵمانی‌یەوە بۆ فارسی: شاهۆ حسێنی
وەرگێڕان بۆ کوردی: تەهای ڕەحیمی ل٦

**پێوەندییەکانی ڕوسیە و ئەمریکا بە ڕێبەرایەتیی ترامپ و پوتین**
عەزیز شێخانی ل٧

## حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵە کۆ بوونەوە



پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٨ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە سەرپەرەستی بەڕێز مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران( کۆمەڵە)ی کرد کە، لە لایەن هەیئەتێکی سەرکردایەتی ئەم حیزبەوە بەسەرپەرەستی بەڕێز سەلاح مازووچی‌یەوە پێشوازی لێکرا.

لەم دیدارەدا هەردوو لایەن وێڕای دەربڕینی بۆچوون و هەڵسەنگاندنی خۆیان لەسەر گۆڕانکارییە سیاسی‌یەکانی ناوچەکە و ئێران، سەبارەت بە باردۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان، ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

هەر لەم دیدارەدا هەردوو هەیئەت هاوکات لە گەڵ قسەکردن لەسەر ئەرکی هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان... ل٢

## ڕێبەری شۆڕشی وڵاتی کووبا کۆچی دوایی کرد



فیدێل کاسترۆ، ڕێبەری شۆڕشی وڵاتی کووبا، لە تەمەنی ٩٠ ساڵی‌دا کۆچی‌دوایی کرد.

تەلەویزیونی کووبا بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە، ٦ی سەرماوەز لە زمان ڕائوڵ کاسترۆ برای فیدل کاسترۆ هەواڵی کۆچی دوایی ڕێبەر و چریکی ناسراوی کووبایی پشتڕاست کردەوە.

فیدل کاسترۆ ١٠ساڵ لەمەوپێش بە هۆی نەخۆشی‌یەوە لە دەسەڵات نەما و، جێگەی خۆی ڕادەستی براکەی ڕائوڵ کاسترۆ کرد. فیدڵ کاسترۆ لە ساڵی ١٩٥٩دا دوای ڕێکخستنی شۆڕشێک دژ بە دیکتاتۆری باتیستا توانی دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتە بەدەستەوە بگرێ و نزیک بە ٥ دەیە ڕێبەری کووبا بوو.

### هەنگاونان بەرەو قۆناغێکی نوێ لە خەباتی مەدەنی

سمایل شەرەفی

خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستا توانیویەتی چەند قۆناغێک ئەزموون بکا. کە باس لە «ئەزموون» دەکەین، ڕاست بەو مانایە دێت کە نامانهەوێ... ل٨

### تورکیە لە بەردەم دوو ڕێیان‌دا

ڕەزا محەممەدئەمینی

دۆخی تورکیە نەگەڕاوەتەوە پێش شێوەکوودتاکەی چەند مانگی ڕابردوو و بەدڵنیایی‌شەوە هەتا ئەو ڕێڕەوەی ئەردۆغان گرتوویەتە پێش... ل٩

### ئاخۆ ئەمریکا دەبێ لە یەمەن ڕوومەتەکەی‌تری ڕاگرێ؟*

وەرگێڕان لە ئینگلیسی‌یەوە: کەماڵ حەسەنپوور

لانیکەم دوو تا سێ جار یاخییبووە حوسی‌یەکانی یەمەن، کە ئێران پشتیوانیانە، بە موشەک هێرشیان کردۆتە... ل٩

### ئاورێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ساڵە ڕەبەتی

هەیاس کاردۆ

لە بەرزترین لووتکەی زاڵ بەسەر دەشتی ڕەنگاوڕەنگی ناوچە، لەژێر سێبەری ئەشکەوتێکی... ل١٠

درێژەی

## حیزبی دێموکرات و چەتری یەکبوون

حیزبی دێموکراتی کوردستانیش کە خاوەن توانا و نفووز و ئیعتبارێکی زۆرە لە نێو خەڵکی کوردستان‌دا، ناتوانێ بە تەنیا خاوەنداریەتی بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان بکا. هەر بۆیە هەر حیزبێک بەو توانا و ئیعتبارەوە کە هەیەتی و خەمخۆری خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەکەی بێ، دەبێ لە ئاست پێویستی‌یەکانی ئەو بزووتنەوە هەوڵی یەکڕیزی و یەکخستنی هەموو تواناکانی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات بدا. ئەوەش جگە لە دانیشتنی بەردەوام لە ئاستی سەرەوەدا و دیتنەوەی خاڵە هاوبەشەکان و دیاریکردنی رێکاری هاوکاریکردن لە نێوان ئەو هێزانەدا رێگەیەکی دیکەی نیە.

هەرچەند دوای هەوڵێکی زۆر بۆ سازدانی کۆبوونەوەیەکی لەو چەشنە، کە بۆ تەنیا یەک جار کۆبوونەوەیەک بە بەشداری سکرتێرەکانی هەردوو لای دێموکرات و سێ لایەنی کۆمەڵە پێکهات، بەداخەوە نەفەسی درێژەدانی لیبڕا و بوو بە دوا کۆبوونەوەش. بە باوەڕی ئێمە درێژەدانی ئەم کۆبوونەوانە دەیتوانی کۆسپەکانی سەر رێگە هەڵبگرێ و زەمینەی لێک نیزیکبوونەوە و هاوکاریی نێوانیان خۆش بکا. ئەگەرچی ئەم باسانە لە دوا کۆبوونەوەی سکرتێرەکانی پێنج حیزبی کوردستانی رۆژهەڵات لە دیداری ئینستیتۆی مێری‌دا لە هەولێر، لە لایەن هەر یەک لەو بەڕێزانەوە بە جیاوازیی بۆچوونەکانیانەوە کەوتە بەرباس و هیوا و هۆمێدێکی لە دڵی خەمخۆرانی ئەم پرسەدا دروست کرد، بەڵام چاوەڕوانی‌یەکان زیاتر لە دەرکەوتنێک لە وەها کۆڕێک‌دا بوو. چاوەڕوانی ئەوەی کە مادام هەموو هەست بەو بۆشاییە دەکەن کە باسی دەکرا، ئەدی چ بەربەستێک لە بەردەم دایە کە پێشی لە بەیەکەوەبوونی ئەو هێزانە گرتووە جگە لە چاوەڕوانی تێپەڕینی زەمان و ئینشالا و ماشالاکان؟

ئەوەی راست بێ، گومان لەوەدا نیە کە حیزب‌تەوەری و هەوڵدان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی حیزبی بەتایبەت لە دە ساڵی رابردوودا و بەدوای لێکدابڕانەکان لە نێو هەردوو لای دێموکرات و کۆمەڵەدا و، خۆماندووکردن بە سەلماندنی رەوایی بوون لە لایەن هێندێک لەو لایەنانەوە هەتا ئێستاش کێشەی سەرەکیی بەشێک لەو حیزبانەیە. هەوڵدانێک کە جگە لە بەفیڕۆدانی هێز و پتانسیەلی خەباتکارانەی لە دژی کۆماری ئیسلامی، ئاکامێکی دیکەی نەبووە. هێز و توانایەک کە دەکرا و دەکرێ بە ئیرادەیەکی باشترەوە لە خزمەت بەرژەوەندیی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان‌دا بەکار بهێندرێ.

لەم پێناوەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵانی رابردوودا و بەبەردەوامی پێی لەسەر ئەوە داگرتوە کە، بۆ چارەسەری کێشەکان و خۆدوورخستنەوە لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەزموونە تاڵەکانی نێو بزووتنەوەی کورد پێویستە خەمی زیاتر لە یەکخستنەوەی ریزەکانی خەباتکارانی کورد بخۆین و بۆ ئەم مەبەستەش یەکخستنەوەی نێو ماڵی دێموکراتەکانی لە سەرووی ئەرک و بەرنامەکانی‌دا داناوە. بۆ ئەم کارەش بەپێی راسپاردەی گۆنگرەکانی حیزب، هەروەک لە راپۆرتی کۆنگرەی شانزدەهەم‌دا هاتووە و راستگۆیانە دەڵێ: «رێبەری و بەدەنەی حیزبی ئێمە لەو باوەڕە دایە کە لە پێناوی یەکگرتنەوەیەکی راستەقینە کە دەستەبەری بەهێزی و یەکگرتوویی دوارۆژی حیزبی دێموکرات بێ، پێویستە هەردوو لایەن (سەرفەنەزەر لەوە کە خوێندنەوەیان بۆ دابڕان چیە) ئێستا وەک هەن یەکتر قبووڵ بکەن و رەوتی وەسەریەککەوتنەوە بەجۆرێک مودیرییەت بکەن کە بەیەکەوە خاوەنداری لەو رەوتە و لە داهاتووی حیزب بکەن. رەوتێک کە لەودا لایەنێک خۆی بە ئەسڵ و لایەنەکەی دیکە بە دۆڕاو لە قەڵەم بدرێ. واتە حیزبێکی دێموکراتی بەهێز و یەکگرتوو کە چی دیکە لە کێشەکانی رابردوودا گیر نەکا و سازکردنی سەنتێز لە رابردوو و روانین و وزەی سەرجەم تێکۆشەرانی خۆی بکاتە دەسمایەی ئیدارەی خۆی و مودیرییەتی سیاسەت و خەبات لە کۆمەڵگا». هەر لەم پێناوەدا بووە کە بە لەبەرچاوگرتنی پرێنسیپی یەکتر قبووڵکردن گەڵاڵەی ئامادەکراوی خستۆتە بەردیدی هەموان.

هەرچەند جێگەی داخە کە ئەم هەوڵە دڵسۆزانەیەی حیزبی دێموکرات لە چەند ساڵی رابردوودا لە لایەن، لایەنەکەی دیکەی دێموکراتەوە بەهێند وەرنەگیراوە و هەرجارەی بە بەهانەیەکەی داتاشراو و تەنانەت هێرشی راگەیاندن بۆ سەر سکرتێری حیزب وەک دوا بەهانە، خۆیان لەم پرسە گرینگە دزیوەتەوە. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵە بێ ئاکامانە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبەر ئەوەی ئەمە بە ویستی کۆمەڵگەی کوردستان و داخوازی سەرەکیی خەڵک لە دێموکراتەکان دەزانێ، لێی ماندوو نەبوە و بردنەپێشی ئەم پرسە گرینگە وەک ئەرکێک لە بەردەم خۆی و هەموو دێموکراتەکان‌دا دەبینێ و خۆی لێ بە بەرپرسیار زانیوە. گرینگە لایەنەکەی دیکەی دێموکراتیش لە جیاتی هەڵدانی چەتری خۆیان بۆ هەموان، بیر لە چەترێک بکەنەوە کە هەموان لە سێبەری‌دا بتوانن وزە و توانای خۆیان تەنیا لە خزمەت دۆزی رەوای کورددا بخەنە گەڕ.

درێژەی

## بەڕێوەچوونی سمینارێکی تایبەت بە ٢٥ی نوامبر لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب

سەرەتای ئەو سمینارە پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر رۆژی جیهانیی «بەرەنگاربوونەی توندوتیژی دژ بە ژنان» لە لایەن سرووشت رەسوڵپوور پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

پاشان لە پانێلی یەکەم‌دا هاورێ عومەربالەکی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، باسێکی سەبارەت بە پرسی ژنان لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەو مادده قانوونیانە کرد، کە بە جۆرێک رێگەخۆشکەرن بۆ هەڵاواردن و چەوساندنەوەی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێران. ناوبراو بە خستنەرووی چەند مادده یاسایی لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی لەم بارەوە گوتی: بۆ چارەسەری پرسی ژنان و کەمکردنەوەی ئازارەکانیان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، پێویست بە پێداچوونەوە و چاکسازیی مادده یاسایەکان هەیە.

لە پانێلی دووهەمی ئەوسمینارەدا دوکتور ناسرسیمایی رەوانناس و مامۆستای زانکۆ باسێکی تایبەت و زانستی سەبارەت بە ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواری پێشکەش بە بەشداربووان کرد و، ناوبراو بە هەڵسەنگاندێکی مێژوویی و زانستیانەی کۆمەڵگەی ژنانی کورد لەگەڵ وڵاتانی دەراوسێ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، روانین و تێبینی خۆی لەسەر هەموو شێوە توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان و نیزامی پیاوسالاریی لە کۆمەڵگەی کوردستان خستەڕوو.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو سمینارەدا، خاتوو سوهەیلا قادری سکرتێری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان باسێکی کورتی سەبارەت بە پەروەردەی ژنانی نێو ریزەکانی حیزب پێشکەش کرد.

برگەی کۆتایی ئەو سمینارە تەرخان کرابوو بە پرسیار و تێبینی ئامادەبووان کە بەشێک لەوان لە گفتگۆیەکی کراوەدا پرسیار و تێبینی خۆیانیان خستەڕوو، کە لە لایەن کۆڕگیڕانەوە وەڵامدارنەوە.

درێژەی

## حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵە(رێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) کۆبوونەوە

لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی سیاسیی ئێستای کوردستان، راشکاوانە باسیان لە خاڵە بەهێزو لاوازەکان کرد و هەردوولا هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە سەبارەت بە تێکۆشان و یەکریزی، چاوەڕوانیی زۆر زیاتر لە هێزە سیاسی‌یەکان دەکرێ و ئەوان پێویستە لەم پێوەندییەدا هەنگاوی بەکردەوە هەڵێننەوە.

هەر لەم پێوەندی‌یەدا هەردوو هەیئەت، پێداگرییان لەسەر هاوهەڵوێستی و یەکریزیی نێوان هێزە سیاسی‌یەکان کردەوە.

## دیداری دوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

رۆژی شەممە، رێکەوتی ٦ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی بەڕێز مستەفا مەولودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب سەردانی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی کرد، کە لە لایەن هەیئەتێکی ئەو حیزبە بە سەرپەرستی بەڕێز عەبدوڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پێشوازیان لێ کرا.

لە دیدارێکی سێ سەعاتەدا کۆمەڵە باسێکی سیاسی لەسەر دوایین ئاڵوگۆرەکان لە ناوچە و دەوروبەر هاتە بەرباس و هەردوو لا لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی خۆیان بۆ مەسەلەکان هێنایە بەر باس و، تێبینی و سەرنج و روانگە و خوێندنەوەیان بۆ مەسەلەکانی رۆژ لە ناوچەدا باس کرد. لەسەر زۆر مەسەلەش بۆ چوونەکانیان وەک یەک بوو یان زۆر لە یەکتر نیزیک بوون.

تەوەرێکی دیکە باسی ئەو کۆبوونەوە، چۆنیەتی هاوکاری و کارکردنی بەکردەوەی هێزە سیاسی‌یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی کۆمەڵەکان و دێموکراتەکان بوو، کە ماوەیەک پێش ئێستا لە کۆنفرانسێک‌دا لە سەنتەری مێری، سکرتێرەکانی هەر پێنج لایەن باسی هەڵوێست و بۆچوون و سیاسەت کردنی خۆیان کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا هەوڵدرا کۆی ئەو باسانە کە لە سەنتەری مێری کراوە بکرێن بە هەوێن و باسی هاوکاری کردنی هێزەکانی رۆژهەڵات و رێگایەکی هاوبەش بدۆزنەوە بۆ هاوکاری بەکردەوەی زۆرتری لە نێو هێزەکان‌دا. دیارە ئیشارە بەوەش کرا کە لە چەند ساڵی رابردوودا هەوڵێکی باش هاتۆتە ئاراوە کە ئاکامەکەی بۆتە دارشتنی گەڵاڵە و پرۆژە و سەر ئەنجام ئامادەکردنی پلاتفۆرمی هاوکاری نێو حیزبەکان و تەنانەت ئەو باسانەی کە زیاتر لە ٥ ساڵە دێموکراتەکان و کۆمەڵەکان بۆ چەندین جار کۆبوونەوەی دوو قۆڵی و چەند قۆڵیان کردوە، بەڵکوو بە ئەنجامێکی عەمەلی بگەن. بەڵام بە هەر هۆیەک بێ، ئیقدامێکی گشتگیری لێ نەکەوتۆتەوە. لەوکۆبوونەوەیەدا باس کرا لە سەرجەمی ئەو گەڵاڵە و پلاتفۆرم و رێکەوتنی دوولایەنە، خاڵی هاوبەشی زۆر بەدی دەکرێ، کە دەکرێ هەموویان بکرێن بە سەرچاوەیەک بۆ ئەوەی حیزبەکان بە رێکەوتنێکی گشتگیر بگەن بۆ کاری هاوبەشی زیاتر و کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتی رەخساو لە زۆربەی ئاستەکان‌دا.

لە کۆتایی‌دا هەر دوو لایەن پێداگریان کردوە کە پێویستە ئەو دیدارانە زیاتر بن و دوو لایەنیش زۆرتر لە بواری جۆراوجۆردا هاوکاری یەکتر بکەن.

## چەند چالاکی‌یەکی دیکەی حیزبی

### سەردانی شاندێکی «هەدەپە» لە بنکەی نوێنەرایەتیی حیزب لە هەولێر

رۆژی سێ‌شەممە، ٩ی سەرماوەزی شاندێکی نوێنەرایەتی «هەدەپە» لە هەولێر، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێریان کرد.

سەرەتا شاندی هەدەپە لەسەر بارودۆخی تورکیە و باکوری کوردستان و بە تایبەت رووداوی دەستبەسەرکرانی هاوسەرۆکەکانی هەدەپە و، هەروەها دەستگیرکردنی بەشێک لە سەرۆک شارەوانی‌یەکانی هەڵبژێردراوی شارەکانی باکووری کوردستان قسەیان کرد و رایانگەیاند، گرتنی ئەو کەسانە لەگەڵ سەرەتایی‌ترین پرەنسیپ و ئوسوولی دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دژایەتییان هەیە و، خزمەت بە پرۆسەی ئاشتی و دیالۆگی نێوان کورد و تورک ناکات و بەرەو ئاقارێکی نادیاری دەبات.

دواتر ئیبراهیم زێوەیی بەرپرسی نوێنەرایەتیی حیزب لە هەولێر، سەبارەت بە رەوتی دەستگیرکردنی بەرپرسان و کاربەدەستانی هەدەپە و نوێنەرانی خەڵک و بەشێک لە سەرۆک شارەوانی‌یەکانی خەڵکی باکووری کوردستان پەرۆشی و نیگەرانی‌یەکانی خۆی و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لە ئاست ئەم رووداوانە دەربری و، مەحکوومی کرد و رایگەیاند کە ئەم کردەوە نەتەنیا هەر پرۆسەی ئاشتی و دیالۆگی نێوان کورد و تورک دەخاتە مەترسی‌یەوە بەڵکوو هیچ خزمەتێک بە قووڵبوونەوەی پێوەندی و تێکەڵاویی نێوان گەلانی تورک و کورد وبەرەوپێش چوون و گەشە و ئاوەدانی وڵاتی تورکیە ناکا، بگرە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی پرێستیژ و متمانەی دەوڵەتی تورکیە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

### بەشداریی هەیئەتێکی حیزب لە ساڵیادی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان لە وڵاتی سوئیس

لەسەر بانگهێشتی فەرمی، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی هاوڕێ زاهید شاعیری بەرپرسی کۆمیتە، بەشدارییان لە رێورەسمی ساڵیادی دامەزرانی پەکەکە کرد. ئەو رێورەسمە ئێوارەی رۆژی شەممە، ٢٦ی نوامبری ٢٠١٦ لە شاری لوتزەرن–ی وڵاتی سوئیس، بە بۆنەی یادی ٣٨ ساڵەی دامەزانی پارتی کرێکارانی کوردستان بەڕێوە چوو، کە تێیدا «زوبەیر ئایدار» ئەندامی کۆنسەی بەڕیوەبەریی کۆما جڤاکێن کوردستان( ک ج ک) و «رەمزی کارتال» هاوسەرۆکی کۆنگرەی گەل، بەشدار بوون.

لەو رێورەسمەدا پەیامی کومیتەی سوئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن زاهید شاعیری پێشکەش بە بەشداران کرا. شایانی باسە کە لە پەراویزی ئەو رێورسمەدا هەیئەتی حیزبی چاویان بە هەردووک بەڕێزان: زوبەیر ئایدار و رەمزی کارتال کەوت و باسیان لە هەلومەرجی ئێستای رۆژهەڵاتی کوردستان و سیاسەتی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد. جێگەی ئاماژەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا حیزب بوو لە رۆژهەڵات و باشووری کوردستان کە پەیامیان بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

### کۆبوونەوەی هەیئەتێکی کۆمیتەی ئاڵمان ح د ک لەگەڵ هەیئەتێکی رێکخراوی چەپەکانی ئاڵمان

رۆژی سێ‌شەممە، ٢٩ی نوامبر هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئاڵمان پێکهاتوو لە هاوڕێیان خالید حەسەنپور ئەندامی رێبەری وسولتان گوڵاوی بەرپرسی کۆمیتەی ئاڵمان لە دەفتەری رێکخراوی چەپەکانی ئاڵمان لە شاری بێرلین، لەگەڵ هەیئەتێک لە چەپەکانی ئاڵمان پێکهاتوو لە «ئاندریاز گونتەر» و بەرپرسی پێوەندییە نێوونەتەوێەکان و خانمی «ویدرمان» بەرپرسی کۆبووەوە .

هەیئەتی خانەخوێ سەرەتا داوایان لە هەیئەتی حیزب کرد، کە سەبارەت بە مێژوو و ئامانجەکانی حیزب و هەروها بارودۆخی ئێران و پرسی کورد لەو وڵاتە بەرچاو روونێک بدا. بۆ ئەو مەبەستە هەیئەتی حیزب سەبارەت بە مێژوی پێکهاتن و ئامانجە و ستراتیژی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ هەیئەتی خانەخوێ دوا و، لە درێژەی باسەکەدا تیشکی خستەسەر بارودۆخی سیاسی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی. لەپێوەندی لەگەڵ دۆخی ئێران‌دا ئەندامانی حیزب بە درێژی باسی ناتەباییەکانی سیستمی ئێران سەبارەت بە پرسی دێموکراسی و، مافی کەمایەتی‌یە ئایینی و نەتەوییەکان و هەروها هەڵاواردنی ئابووری و فەرهەنگیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یان دەرحەق بە گەلانی ئێران کرد و، لەو پێوەندیەدا قامکیان لەسەر باری خراپی گوزەران و بێدەرەتانی گەلی کورد لە رۆژهەڵات کوردستان دانا. لە بەشێکی دیکەدا هەیئەتی حیزب پەرژایە سەر پرسی مافی مرۆڤ و پێشێلکرانی چەند قاتی ئەو مافانە لەکوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە .

هەیئەتی رێکخراوی چەپەکان، خۆشحاڵی خۆیان لەو دیدارە دەربڕی و نیگەرانی خۆیان سەبارەت بە بارودۆخی نالەباری گەلی کورد لە کوردستانی ئێران نیشاندا و، پێشیلکردنی مافی مرۆڤ و بێ عەداڵەتیان دەرحەق بە پێکهاتەکانی ئێران مەحکووم کرد.

بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکە تەرخانکرا بۆ پرسی چۆنیەتی رێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان هەردووک لا، کە لە لایەن هەیئەتی خانەخوێ ئامادەیی تەواو نیشاندرا کە لەمەوبەدوا، ئاستی پێوەندییەکانیان لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان گەرموگوڕتر و قووڵتر کەنەوە.

شایانی باسە کە رێکخراوی چەپەکان لە هەڵبژاردنەکانی رابردووی پارلمانی لە ئاڵمان ١٠ لە سەدی دەنگەکانیان وەدەست هێناوە و لە ئێستا دا خاوەنی ٦٤ کورسین لە پارلمانی ئاڵمان‌دا.

## دیداری نێوان دوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

لە درێژەی دیدارو کۆبوونەوە لە گەڵ هێز و لایەنەکانی کوردستان، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ هەیئەتێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کۆبووەوە.

دوانیوەڕۆی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی ٨ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە سەرپەرەستی بەڕێز مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، لە لایەن هەیئەتێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرەستی بەڕێز عومەر ئێلخانی‌زادە، سکرتێری کۆمەلە پێشوازی لێ‌کرا.

لەم دیدارەدا هەردوو هەیئەت لە پێوەندی لە گەڵ دوایین گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەو، بارودۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان ئاڵوگۆڕی بیرو بۆچوونیان کرد.

# ٢٦ی سەرماوەز لە چەند قۆناغی مێژوویی‌دا



**عومەر باڵەکی**

ڕووداوەکانی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی کە بە هۆی هاتنی سوپای سۆڤیەت و بریتانیا بۆ نێو خاکی ئێران روویان دا، کاریگەریی تەواویان هەبوو لەسەر لاواز کردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری حکوومەتی ناوەندی لە تاران و سەرهەڵدان و پەرەگرتنی ئازادی و چالاکی سیاسی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران و، کوردستانیش بێبەش نەبوو لەو فەزایە کە هاتبووە پێشێ. خەڵک زۆر چالاکانە و ئازایانە هەلومەرجەکەیان قۆستەوە، بەتایبەتی کە سوپای سۆڤیەت نزیک بوو لە ناوچەی موکریان و لە ورمێ جێگیر ببوو، دامودەزگای دەسەڵات لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ئەو ناوچەیە تێکەوە پێچران و تەنیا شوێنێک کە ئاسەواری دەسەڵاتی پاشایەتیی ئێرانی لێ مابوو شاری مەهاباد بوو کە لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٣ی هەتاوی‌دا شارەوانی ئەو شارە بە دەستی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئەو شارە دەستی بەسەردا گیرا. (ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ١، سەبارەت بە گرتنی شارەبانی مەهاباد بە دەستی خەڵکی شار، تێلگرافی قەرەنی ئاغای مامەش کە بۆ وەزیری مشاویری تاران نووسیویەتی، بڵاو کردۆتەوە).

دوای گرتنی شارەوانی مەهاباد بە یەکجاری ئاسەواری دەسەڵاتی ڕەزاشا لە ناوچەکەدا نەما، هەرچەند حکوومەت هەوڵی دا لە ڕێگای سەرۆک خێڵ و عەشیرە بە دانی پۆست و عینوان، دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا بپارێزێ بەڵام سەرکەوتوو نەبوو؛ چونکە خەڵک گرینگیان بە نوێنەرانی حکوومەتی ناوەندی نەدا بەڵکوو لە شاری مەهاباد شووڕایەکیان لە خەڵکی شار بە سەرپەرستی و مەسئولیەتی قازی محەممەد پێک هێنا کە ڕۆژانە ئەو شووڕایە کاروباری خەڵکی لە بواری قەزایی و ئەمنی‌یەوە رایی دەکرد.

گرتنی شارەوانی مەهاباد لەو سەردەمدا لە چەند بواردا گرینگی هەبوو: یەکەم: لەسەر گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی و رەواندنەوەی ترس و دڵەراوکێی خەڵک لە دەسەڵاتدارن کاریگەری هەبوو. دووهەم: ئەو حەرەکەتە سەرەتایەک بوو بۆ پێکهێنانی هێزێکی چەکدار کە بتوانێ پارێزگاری لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بکا. سێهەم: گرتنی شارەوانی مەهاباد دەسپێکێک بوو کە خەڵکی کوردستان بەڕێوەبەریی کاروباری خۆی بە دەستی خۆی بێت و لەو بوارەدا ئەزموون کۆ کاتەوە و بە دەسەڵاتداران و نەتەوە ئازادەکان بسەلمێنێ کە ئەگەر مەجالی خۆبەڕێوەبردنی پێ بدرێ و چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی بێت، دەتوانێ وڵاتی خۆی بە باشترین شێوە ئیدارە بکا.

لە ١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤دا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەرکردنی بەیاننامەیەک رەسمەن بوونی خۆی راگەیاند و لەو ڕۆژە بە دواوە بە کردەوە کاروباری سیاسی، ئەمنی، دادوەری، ئابووری و فەرهەنگیی خەڵکی کوردستان لە لایەن بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ئیدارە دەکران. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی راگەیاندنەوە هەتا ڕۆژی ئیعلانی کۆماری کوردستان گەلێک کاری پڕبایەخ و گرینگی ئەنجام دا کە هێندێکیان ئێستاشی لەگەڵدا بێ، جێگای شانازی نەتەوەی کوردن، وەک دامەزرانی سوپای میللی، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان... .

پێک هێنانی سوپای میللی بەشێک لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، چونکە لە بەرنامەی حیزب‌دا هاتبوو کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری کاروباری کوردستان دەبێ بە دەستی گەلی کوردەوە بەڕێوە بچێ هەر بۆیە حیزبی دێموکرات دەبوایە لە فکری پێکهێنان و دامەزراندنی سوپایەکدا بێ کە بتوانێ دیفاع لە نەتەوە و دەستکەوتەکانی بکا. هەرەسی ئەرتەشی پاشایەتیی ئێران بە دوای هاتنی سوپای سۆڤیەت و بریتانیا بۆ نێو خاکی ئێران، هەر وەکی لە پێشدا باس کرا، بوو بە هۆی ئەوەی کە پادگان و پاسگاکان لە لایەن خەڵکەوە دەستیان بەسەردا بگیرێ و خەڵک دەستیان بە چەک رابگا و لەو بارودۆخەدا ڕێبەرایەتیی حیزب بێکار دانەنیشت و هەلەکەی قۆستەوە و ئەندام و لاینگرانی خۆی کە چەکدار بوون، لە هێزێکدا بە ناوی هێزی دێموکرات ڕێکی خستن کە لە راپۆرتی ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٠دا کە لەسەر بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان ڕۆژی راگەیاندنی کۆماری کوردستان بە روونی ئیشارە بە بوونی هێزی چەکدار ڕێکخراو دەکا کە بەشداری ڕێوڕەسمەکە بوون.

« ... موتابقی بەرنامەیەک کە لە پێشدا ساز کرابوو پێشەوا بە تەواوی حوزار ڕۆژباشی فەرموو پاشان تەشریفی لە تریبون هاتنە خوارێ و بە پێش تەواوی گوردان و گوروهان و دەستەی سەربازان و پێشمەرگەکانی کوردستان‌دا هات و هەمووی تەماشا کردن و بە هەموانی ڕۆژ باش فەرموو لەو کاتەدا بە دستووری معاوینی فەرماندەی هەموو هێز لە لایەن سەربازان و پێشمەرگەکان و تۆپخانەی کوردستان دە دەقیقە بێ‌وچان بە ئیفتخاری سەربەستی کوردستان و ناساندنی رەئیس جمهوری کوردستان شیلینگ کرا».

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ یەکی دیکە لەو ڕۆژە مێژوویانەیە قەت لە بیر و زەینی تاکی کورد ناسڕێتەوە. لەو ڕۆژەدا بە فەرمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکەم جار بە شێوەی رەسمی و بە بەشداری هەزاران کەس ئاڵای کوردستان لە ڕێوڕەسمیکی بە شکۆدا لە مەهاباد، هەڵکرا.

گۆڤاری کوردستان لە ژمارەی سێهەمی‌دا لە ژێر سەردێڕی «هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان لە مەهاباد» ئاوا دەنووسێ:

«هەر وەکوو لە پێش دەرهاتی کوردستان‌دا عەرز کرا، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز نوێنەرەکانی ئەهالی کوردستان لە شاری مەهاباد کۆبوونەوە لە سەعات ١٠ی بەیانی لە کانگای حیزب ئاڵای کورد بە حزووری دەهەزار نەفەر هەڵکرا و لە کاتێک‌دا دەستەی میوزیک مارشی میللی لێدەدا و لە سەرتاسەری شەقامی وەفایی سەفی نیزام کە لوولەی تفەنگ و موسەلسەل و سەرنێزەیان دەدرەوشاوە، دەستەی لاوان و قوتابیانی مەکتەب، کچ و کوڕ، لە لای راستی ئاڵا لە حەرەکەت‌دا بوون ، گەورە و چووکی مەهاباد هەیئەت و نوێنەرانی حیزبی دێموکرات لە پشت سەری ئاڵا سەری تەعزیمیان بۆ دانەواندبوو، بۆ ئیحترام چەپڵەیان لێدەدا و هورایان دەکێشا و، پێشەوای موعەزەمی کوردستان جەنابی قازی محەممەد وتارێکی بەتینی لە بابەت ئاڵای موقەدەسی کوردستان ئیراد فەرموو. ئەو جار لە پاش نوتق و خیتابە و تیر هاویشتنێکی زۆر و بەجێهێنانی مەراسم و نەسبی ئاڵا لەسەر عەمارەتی هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان جێژنە دوایی هات».

لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٣ لە گەرمەی شەڕی داسەپاو لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە بە سەر کوردستان‌دا، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێویستی زانی ڕۆژێک بە ناوی پێشمەرگەوە ناودێر بکا، لە لایەک نیشانەی پێزانین و ئەمەکداری بوو لە بەرامبەر ئەو هەموو ئازایەتی و فیداکاری و گیانبەختکردنەی هێزی پێشمەرگە و لە لایەکی دیکەوە پێویست بوو هێزی نیزامی کوردیش وەک هەموو ئەرتەشەکانی وڵاتان، ڕۆژێکی دیاری کراوی هەبێ بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا حکوومەت و خەڵک وەیەکڕا ڕێز لە فیداکاری و ئازایەتیی گیانبەختکردنی ڕۆڵەکانی خۆیان بگرێ. هەر بەم مەبەستە کومیتەی ناوەندیی حیزب لەسەر ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ساغ بۆوە کە لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر وەکی پێشتر باس کرا، دوو رووداوی گرینگن لە دوو ساڵی جیاواز و بە دوای یەکدا (١٣٢٣ ـ ١٣٢٤)؛ لەو ڕۆژەدا رووی داوە و کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر یەکتر هەبووە یەکیان سەرەتایەک بووە بۆ پێکهێنانی سوپای میللی کوردستان و ئەوی‌تریان ئاڵای کوردستانی تێدا هەڵکرا کە هێمای نەتەوەیی کوردە و، هەموومان باش ئەوە دەزانین کە پێشمەرگە و ئاڵا دوو جمکی لێک دانەبراون.

ئەوەتا دوای زیاتر لە ٧٠ ساڵ بە هۆی فیداکاری و ئازایەتی و خوێن و قوربانیدان، ناوی پێشمەرگە لە نێو ئەدەبیاتی جیهانی و زمانە جۆراوجۆرەکانی دنیادا بۆتە ناوێکی ئاشنا. هەرچەند لەو ڕۆژەوە کە ناوی پێشمەرگە بە بەژنی چەکداری کورد بڕا و ئەرکی شەکاوە راگرتنی ئاڵا و دیفاع لە شەرافەت و کەرامەتی گەلەکەی کەوتە سەر شانی، دوژمنانی کورد بە تەواوی هێزی سیاسی و ماڵیی خۆیان هەوڵیان داوە ناوی پێشمەرگە بەدناو کەن و بە عینوانی تیرۆریست و پیاوکوژ و جەردە بە دنیای بناسێنن، بەڵام بە هۆی راستگۆیی و پاکی، جوامێری و ئازایەتی و پشتیوانی خەڵکی کوردستان لە پێشمەرگە، پڕوپاگەندەی دوژمن نەیتوانیوە کاریگەری هەبێ و لە بەدناو کردنی پێشمەرگە و لەو بوارەدا سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە، بەڵکوو بە پێچەوانەی هەوڵی دوژمنان، پێشمەرگە ڕۆژلەڕۆژ خۆشەویست‌تر دەبێ، چونکە لە سەردەمی ئێستادا خەلکی کوردستان لە لایەک و بەرەی دەژەتیرۆر لە سەرانسەری دنیادا لەلایەکی دیکە، بە چاوی ئومێدەوە دەڕوانە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەر ئەوە وایکردووە دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، ئەگەر بە زاهیریش بێ، بە رەسمی ناوی پێشمەرگە وەک رزگاریدەر و هێزی کاریگەری لە بەرابەر تیرۆردا، بێنن.



«لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٣ لە گەرمەی شەڕی داسەپاو لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە بە سەر کوردستان‌دا، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێویستی زانی ڕۆژێک بە ناوی پێشمەرگەوە ناودێر بکا،... هەر بەم مەبەستە کومیتەی ناوەندیی حیزب لەسەر ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ساغ بۆوە»

## چەند هەواڵی کوردستان

### چالاکیی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە کۆمیسۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، لە شارەکانی مهاباد، بانە، دیواندەرە، مەریوان، ئیلام، ئیسلام‌ئابادی تاران و... بە بۆنەی هاتنی ٢٦ی سەرماوەز، «ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان» چالاکیی تەبلیغییان کرد.

لەو چالاکییە تەبلیغییانەدا خەڵکی بەهەستی ئەو شارانە، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوە و وێنەی پێوەندیدار، پاڵپشتی خۆیانیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە دەربڕی و، یادی شەهیدانی حیزب و گەل‌یان بەرز راگرت.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حێزب، وێڕای سپاس وپێزانین، لە سەرجەم دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەسخۆشی‌یان لێ دەکا و، سڵاوی بۆ ناردووون.

### نامەی سەرئاوەڵای بەشێک لە هونەرمەندان و چالاکانی مەدەنی بۆ روحانی

لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی کەم‌ئەندامان، بەشێک لە هونەرمەندان و چالاکانی مەدەنی بە نووسینی نامەیەک، بۆ حەسەن روحانی خوازیاری پێڕاگەیشتن و داکۆکیکردن لە مافی پێشڵکراوی وەبەرکەوتووانی «مین» بوون و داوایان لە سەرۆک‌کۆمار کردووە کە ڕێگە نەدا، مافی زیان‌وەبەرکەوتووان پێشل بکرێ.

هەواڵدەریی موکریان ئەو نامەیەی کە لەلایەن ١٣٠ کەس لە هونەرمەندان و چالاکانی مەدەنی و پارێزەران واژۆ کراوە، بڵاوکردۆتەوە.

لە بەشێک لەو نامەیەدا بە رەخنە گرتن لە خەمساردیی بەرپرسانی ناوەندە پێوەندیدارەکان سەبارەت بە پێڕاگەیشتن و گرینگی‌دان بە قوربانیانی «مین» کە زۆرجار تەنانەت بە باشی چارەسەری پزیشکیان بۆ ناکرێ و، مافە یاساییەکانیان پێشێل دەکرێ، بە راشکاوی باسی کارەساتی تەقینەوەی مین و خەسارە مرۆییەکانیان بۆ حەسەنی روحانی کردووە.

لە کۆتایی ئەو نامەیەدا، داویان کردووە کە لە زووترین کات بڕیارێکی یاسایی دەربکا بۆ ئەوەی چیتر مافی قوربانیانی تەقینەوەی «مین» لە شار و گوندەکانی سەرسنوور پێشێل نەکرێ.

### بەردەوامیی ناڕەزایەتیی کرێکارانی کوردستان

لە درێژەی ناڕەزایەتی دەربڕینی کرێکارانی کوردستان بەرانبەر بە دواکەوتنی مووچە و دەرکرانیان لەسەر کار ، کرێکارانی شارەداری «روانسەر»یش ناڕەزایەتیان دەربڕی.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو بە کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان، ڕۆژی چوارشەممە ٣ی سەرماوەز کرێکارانی دەرکراوی شارەداری روانسەر بە هەڵگرتنی پلاکارتگەلێک کە لەسەری نووسرابوون ئێمە کرێکارانی شارەداری روانسەر کە بێ هۆ لە کار دەرکراوین داوکاری پشتیوانی خەڵک و ئاوردانەوەی بەرپرسانین».

بەرپرسانی شارەوانی روانسەر لە شوێنی ناڕەزایی دەربڕینی کرێکاران‌دا کۆبوونەوە و بە کرێکارانیان راگەیاند کە هەر کەس ناڕەزایەتی دەرببڕێ بۆ ساڵی داهاتوو ئیش و کاری پێنادرێ.

شایانی باسە بەشێکی بەرچاو لە کرێکارانی شارەدارییەکان لە کوردستان بە شێوەی وەرزی کاردەکەن و، لە لایەن پەیمانکارانەوە بێ هیچ ماف و بیمەی کرێکاری لە کار دەردەکرێن.

لە ماوەی چەند مانگی رابردوو لە شارەکانی ئیلام وکرماشان و سنە و مەهاباد کرێکارانی وەرزی دەستیان داوتە ناڕەزایەتی دەربڕین و لە بەردەم ناوەندە پێوەندیدارەکان خۆپێشاندانیان وەرێخستووە، بەڵام تا ئێستا بەرپرسان لەم بارەوە وڵامدەر نەبوون.

### شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوانی کاسبکارانی کورد و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم

لە نێوان چەکدارانی ڕێژیم و کاسبکارانی کورد، لە ناوچەی سەردەشت شەڕ و تێکهەڵچوون رووی دا.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو بە کوردستان و کورد شەوی سێ‌شەممە، ڕێکەوتی ٩ی سەماوەز، کاتژمێر ٩هەتا ١٢ی شەو لە گوندی بێتۆشی سەر بەشاری سەردەشت وەک هەمێشە هێزە ئەمنییەکانی ڕێژیم هێرش دەکەنە سەر چەند کاسبکاری ئەوناوچە و، لە نێوان کاسبکاران و هێزەچەکدارەکانی ڕێژیم، شەڕ و تێکهەڵچوون روودەدا و، لە ئاکامی ئەو تێکهەڵچوونە کەسبکارێک بەناوی سیراون بە توندی بریندار دەبێ.

زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە سێ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم زیانیان وەبەر کەوتووە و بە هیلیکۆپتێر رەوانەی شاری سەردەشت کراون و ئەگەری ئەوە هەیە دووکەس لە هێزە چەکدارانی ڕێژیم کوژرا بن، کە تا کاتی ئامادە کردنی ئەم هەواڵە لە سەر کوژراوانی ئەو تێکهەڵچوونە زانیارییەک لە بەر دەست‌دا نیە.

شایانی باسە بە هۆی هەڵسوکەوتی ناشیاوی هێزەچەکدارەکانی ڕێژیم لە گەڵ کاسبکاران و کۆڵبەرانی سەرسنوور، چەندین جار رووداوی وای لێکەوتووتەوە کە خەڵکی وەزاڵەهاتوو وڵامی سووکایەتی و هێرشی هێزە چەکدارەکانیان داوەتەوە.

چەندمانگ لەمەوبەریش لە ناوچەی رەبەت، کە هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کەلوپەلی کۆڵبەران و کاسبکارانیان تاڵان دەکرد، بوو بە هۆی هاتنە ئارای شەڕ و تێکهەڵچوون و بریندار بوونی چەند کەس لە هێزەکانی ڕێژیم.

هەروەها هەواڵدەریی موکریان ئاشکرای کرد کە لە ئاکامی تەقە کردن لە ٨ کۆڵبەری دەوروبەری گوندی ساوجی کە کەسێک لەوان گیانی لە دەست دەدا و دووکەسی دیکەش بە توندی بریندار دەبن، یەک لە ئەندامانی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم دوابەدوای ئەوەی کە زانیویەتی بە هۆی تەقەی راستەوخۆی ئەو، کۆڵبەرێک کوژراوە، دەست دەدا بە خۆکوژی.

# قەیران لە بزووتنەوەی خوێندکاریدا

**(بە بۆنەی ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی ناوزەدکراو بە ڕۆژی خوێندکار لە ئێران)**



ڕەحمان سەلیمی

زانکۆ وەک ناوەندی بەرهەمهێنانی مەعریفە لە سەدەی ڕابردوودا و بەتایبەت دەیەی ٦٠ و ٧٠ی زایینی دا بۆتە ئاخێزگەی بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی کە تیایدا خوێندکاران وێڕای بەرگری لە مافە سینفی و پیشەییەکانی خۆیان، دەبنە هەڵگری خواستە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی کۆمەڵگە و ویستی گۆڕان لە سەرجەم جومگەکانی ژیانی کۆمەڵگە دەکەنە هەوێنی بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵ و پێکهاتەشکێن و تا ئاستی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە بەها و نۆڕمە باوەکانی کۆمەڵگە هەنگاو دەنێن. کاتێک خوێندکارانی زانکۆی سوربونی فەڕانسە لە مانگی مەی ساڵی ١٩٦٨دا داخوازە سینفی‌یەکانیان لە لایەن دەسەڵاتی ئەوکاتی فەڕانسەدا پشتگوێ خرا، هەرگیز مارشاڵ دوگۆڵ بیری لەوە نەدەکردەوە کە لە ماوەی چەند هەفتەدا خوێندکاران ببنە پێشەنگی شۆڕشێکی سەرتاسەری لە شەقامەکانی پاریس و کورسی دەسەڵاتەکەی بخەنە مەترسییەوە.

ئیدئۆلۆژی ئاکادیمی ئەو چەمکە بووە کە دەسەڵاتە دیکتاتۆڕەکان بەردەوام هەوڵیان داوە لە چوارچێوەی ئەو چەمکەدا سووژەی دەستەمۆ لە خوێندکار دروست بکەن تا پێش بە سەرهەڵدانی عەقڵانییەتی هزری لە زانکۆ بگرن و عەقڵانییەتێکی ئامێری جێگوزین بکەن. دەروازەی چوونە نێو باسی بزووتنەوەی خوێندکاریی لە ئێران بەو چەمکەدا تێدەپەڕێ. لێسەندنەوەی ئەساڵەتی ڕووناکبیری کە لە ڕاستی‌دا لە ئێران‌دا لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی خوێندکاری لەدایک بووە، دوورخستنەوەی خوێندکاران لە ڕوحی ڕادیکاڵ و پێکهاتەشکێن کە لە تایبەتمەندییە زاتی‌یەکانی ئەو چینە دێنە ئەژمار، سەرقاڵ کردنی خوێندکاران تەنیا بە پێشکەوتنە تکنیکی و زانستی‌یەکان بە مەبەستی گەشەی ئامێرتەوەری کۆمەڵگا و خەساندنی ڕوحی پرسیارخوڵقێنی؛ لە سەراسەری مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاری لە سەرهەڵدانی‌یەوە تا ئێستا جگە لە چەند وێستگەیەکی کورتی مێژوویی ئامادە بووە.

بزووتنەوەی خوێندکاریی لە ئێران بە هۆکاری جۆراوجۆری وەک نەبوونی ئەحزاب و سەندیکا و ڕێکخراوی ڕاستەقینە کە نوێنەرایەتی داخوازییەکانی کۆمەڵگا بکەن، ئەرک و ڕۆڵێکی جیاوازی بەخۆوە گرتووەو زۆرجار ئەوە داخوازە گشتی‌یەکانی کۆمەڵگە بوون کە بوونەتە کەڵکەڵەی بیر و پراکتیکی خوێندکاران. هەر بۆیە دەبینین سەفبەندییە سیاسی و چینایەتی‌یەکانی کۆمەڵگە لە قۆناغگەلی جیاواز لە زانکۆدا ڕەنگدانەوەی دیار و بەرهەستیان هەبووە. ئەگەر چەمکگەلی وەک دێموکراسی و ئازادی و عەدالەت لە بزووتنەوەی خوێندکاریی سەراسەری لە ئێران‌دا لە ماکەکانی ئەو بزاڤە لە قەڵەم بدەین، ئەوا سەبارەت بە کوردستان چەمکی بەهێز و کاریگەری ڕزگاریی نەتەوەیی لە ژێر کارتێکەریی گوتارێکی گشتگیری کوردستانی تایبەتمەندییەکی جیاوازی بە بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی داوە تا بە شوناسێکی جیاواز و داخوازی جیاواز دەرکەوێ. هەرچەند ئەو بزووتنەوەیە بە شێوەی تەشکیلاتی و ڕێکخستن تێکەڵ بە ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات نەبووە و نەبۆتە ئامرازی دەستی هیچ کام لە ڕەوتە سیاسی‌یەکان، بەڵام یەکیەتی‌یەکی گوتاری لە نیوان ئەحزاب و ئەو بزاڤەدا بوونی هەبووە.

لە ماوەی نزیک بە دە ساڵی ڕابردوودا مەندییەکی کەم وێنە بە زانکۆکانەوە دەبینرێ، کەمترین چالاکیی خوێندکاری وەک ئەوەی لە دەیەی چل و پەنجا و هەروەها کۆتایی دەیەی حەفتا و سەرەتای دەیەی هەشتای کۆچی شایەتی بووین، ئەنجام دراون. لە ڕاستی‌دا بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران‌دا سەلماندوویەتی هەرگیز خۆی نەیتوانیوە گۆڕانی گەورە دروست بکا و دەرفەتی گەورە بخوڵقێنێ بەڵکوو لەو کاتانەی کە کۆمەڵگا کراوەییەکی سیاسی و فەرهەنگی بەخۆوە دەبینێ، ئەو بزاڤە دێتە مەیدان و ڕۆڵی خۆی دەبینێ.

بە گشتی دەتوانین هۆکارەکانی ڕکوود یان سستی لە بزووتنەوەی خوێندکاری چ لە ئاستی سەراسەری و چ لە ئاستی کوردیدا بە سەر هۆکارە دەرەکی و خودییەکان دابەش بکەین :

### هۆکارە دەرەکییەکان

بەدوای هاتنە سەر کاری دەوڵەتی بنەڕەتخوازی ئەحمەدی نەژاد و داخرانی فەزای سیاسیی ئێران، دەرفەتی مانۆڕ و چالاکیی گشت بزاڤە کۆمەڵایەتی‌یەکان و یەک لەوان بزووتنەوەی خوێندکاری زۆر بەرتەسک بۆتەوەو تێچووی ڕەخنە و ناڕەزایەتی‌یەکان بە ڕادەیەک بەرز بۆتەوە کە پاشەکشەی بەو بزاڤە کردووە. لە لایەکی ترەوە کەمڕەنگ بوونەوەی هەرچی زیاتری گوتاری چەپی شۆڕشگێڕ لە ئاستی جیهانی‌دا وەک ئەوەی بۆ وێنە لە پەنجاکان و شەستەکان و تەنانەت حەفتاکانیش‌دا بە شێوەیەک لە شێوەکان بوونی هەبوو، کاری کردۆتە سەر بزووتنەوەی خوێندکاری بە شێوەیەک کە ئاکسیۆنی ڕادیکاڵ گەیشتۆتە نزمترین ئاستی خۆی.

### هۆکارە خودییەکان

هەروەک ئاماژەی پێکرا ئێلێمانە سەرەکی‌یەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران‌دا بریتین لە ئازادی و دێمۆکراسی و عەدالەت. کۆمەڵگەی ئێران بە شێوەیەکی گشتی گرفتاری قەیرانی گوتار بووە. لەوانەیە بێ ئاکام بوونی خەباتی دێموکراسیخوازی سەرەڕای خەباتێکی دوورو درێژ و قوربانی‌یەکی زۆر جۆرێک لە بێهیوایی بڵاو کردبێتەوە کە گومانی لە مەڕ گوتاری گۆڕانخواز دروست کردبێ. هەمان قەیرانی گوتاری لە بزووتنەوەی خوێندکاری هەم لە ئاستی سەراسەری و هەم لە ئاستی کوردستانیشدا بەدی دەکرێ.

هەروەها دەتوانین بڵێین گۆڕانی جۆری پەیوەندییەکان و پەرەسەندنی ئامرازەکانی پەیوەندیی ئێلێکترۆنی پەتایەکی تری بزووتنەوەی خوێندکارییە کە تا ڕادەیەک کاریگەری لە سەر سیستەمی بەها و ئەرزشەکان داناوە.

### کۆتایی

ئەگەر بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران‌دا بیهەوێ لەو قاوغە بێدەنگە دەرباز بێ و دەوری پێشەنگیی خۆی لە کۆمەڵگەدا ببینێ، پێویستە پێناسەیەکی نوێ لە ویست و داخوازییەکانی خۆی و کۆمەڵگا بکاو گوتارێکی مافخواز لە سەر بنەماگەلی نوێ وەک مافی مرۆڤ تیۆریزە بکا. لە ئاستی کوردستانیش‌دا پێویستە بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی پێداچوونەوەیەکی جیدی بە ستراتیژی بزووتنەوە لە مەڕ پرسی نەتەوەیی بکا، بە شێوەیەک کە بە پاڵپشتیی یاسا و بەڵگە نێودەوڵەتییەکان بەرگریی لە مافە نەتەوەییەکانی خۆی بکا.




«ئیدئۆلۆژی ئاکادیمی ئەو چەمکە بووە کە دەسەڵاتە دیکتاتۆڕەکان بەردەوام هەوڵیان داوە لە چوارچێوەی ئەو چەمکەدا سووژەی دەستەمۆ لە خوێندکار دروست بکەن تا پێش بە سەرهەڵدانی عەقڵانییەتی هزری لە زانکۆ بگرن و عەقڵانییەتێکی ئامێری جێگوزین بکەن»

ئەندیشە

# لە کۆمەڵگەی دیسیپلینی‌یەوە بۆ کۆمەڵگەی ژێر کۆنتڕۆڵ



ڕەسووڵ سێلەکە

دەسەڵاتی دیسیپلینی یان دەسەڵاتی ئینزباتی یەکێک لە تێزە بەهێزەکانی میشێل فۆکۆیە کە لە ساڵەکانی ١٩٧٠دا کاری لەسەر کردووە. تێزەکە زیاتر باسی جۆرێک لە دەسەڵات دەکا کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٨دا لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی‌یەوە کەڵکی لێوەردەگیرا. کۆمەڵێک مێکانیزم کە هەوڵی دەدا لە ڕێگای چاودێری بەردەوامەوە کۆنتڕۆڵی تاکەکان بکا و فۆڕم بە ڕەفتارەکانیان بدا و بەو شێوەیە مرۆڤەکان هاوکات گوێڕایەڵ و بەکەڵک بکا. دەسەڵاتی دیسیپلینی لە ڕێگای کۆمەڵێک تەکنیکەوە ئیجباری دەخستە سەر جەستە، جووڵە و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان. واتە چوارچێوەدار کردنی کات، شوێن و جووڵەی تاکەکان. زیندان، کەمپ، نەخۆشخانە، خوێندنگا و کارخانە، ئەو شوێنانە بوون کە زیاتر وەک سووژەی پڕۆسەکە بەکار دەهێنران.

لە سەدەکانی نێوەڕاستدا زیندانی‌یەکان و تاوانباران، بە شێوەیەکی دڕندانە سزا دەدران، بۆ ئەوەی خەڵکانی‌تر ترسیان لە سزای تاوانکردن هەبێ، بۆ نموونە کەسی تاوانباریان لە چوار ئەسپ دەبەستەوە و بە چوار ڕێڕەوی جیاوازدا ڕایاندەکێشا بۆ ئەوەی تا مردنی زۆرترین ئازار بچێژێ. دوای سەدەکانی نێوەڕاست زۆربەی زیندانی‌یەکان لە جیاتی مردن کەڵکیان لێ وەردەگیرا و دەیانبردن بۆ کاری زۆرەملێی درێژماوە. دوای ئەو ماوەیە و لە سەردەمی ڕۆشنگەری‌دا، هەندێک بزووتنەوەی فەلسەفی و مرۆڤدۆستانە سەریان هەڵدا کە پێیانوابوو دەکرێ زیندانی ئیسلاح بکرێ و بگەڕێندرێتەوە نێو کۆمەڵگە. ئەوەش لە ڕێگای دامەزراوەیەکی دیسیپلینی‌یەوە.

«پانۆپتیک» کە ئیدەیەکی بیناسازییە و لە لایەن فەیلەسووفی بریتانی، «ژێرێمی بێنتام»ەوە لە ساڵی ١٧٨٠دا داهێنراوە بۆ چاودێری بەردەوامی زیندانی‌یەکان. مێعماریی پانۆپتیک لە دوو بینا پێکهاتووە، یەکەمیان ژووری زیندانی‌یەکانی بە شێوەی بازنەیی تێدا گونجێندراوە و دووهەمیشیان بینایەکە لە نێوەڕاستی بینای پێشوو، بە جۆرێک کە دەتوانێ چاودێریی هەموو ژوورەکان بکا. لە میعماریی پانۆپتیک‌دا، زیندانی‌یەکان وا دەزانن کە بەردەوام لە ژێر چاودێریدان، لە کاتێک‌دا لەوانەیە کەسیش چاودێرییان نەکا.

ژێرێمی بێنتام فەیلەسووفێکی ڕیفۆڕمخواز بوو و دەیویست بە کەڵک وەرگرتن لەو ئیدەیەوە، تاوانباران لە جیاتی سزادرانی جەستەیی و ئیعدامکرانیان، وەک مرۆڤێکی بە سوود بەرهەم بهێنرێنەوە و بنێردرێنەوە بۆ نێو کۆمەڵگە، ئەوەشی بە تەنیا ڕێکاری کەمبوونەوەی تاوان لە کۆمەڵگەدا دەزانی. ئەو پێی وابوو لە جیاتی ئەوەی تاوانبار لەنێو ببرێ، پێویستە تاوان لەنێو ببرێ.

هەرچەندە «پانۆپتیزم» پێشتر لە زیندانەکان‌دا بە کار دەهێنرا، بەڵام ئەمڕۆ بووە بە سەمبۆلی ئانالیز کردنی دەسەڵاتێکی دیسیپلینی، واتە ئەو تێکنولۆژییانەی دەسەڵاتی سیاسی بە کاریان دەهێنێ بۆ کۆنتڕۆڵکردن و چاودێریی کردنی کۆمەڵگە بە ناوی باشتر کردنیان. پانۆپتیزم وکوو چاوی دەسەڵات بۆ چاودێریی کردنی کۆمەڵگە وایە. ئەمڕۆ نەک تەنیا زیندان بەڵکوو تەواوی کۆمەڵگە لە ژێر چاودێری و کۆنتڕۆڵی دەسەڵاتی سیاسی دایە. پێش سەدەی بیستەمی زایینی، دیسیپلین تەکنیکی دەسەڵاتی سیاسی بوو، تاکەکان لە شوێنێکی داخراو کۆ دەکرانەوە و دەخرانە ژێر چاودێرییەوە، وەکوو زیندان، خوێندنگا، کەمپ و هتد، بەڵام لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی‌یەوە کۆمەڵگەی دیسیپلینی جێگەی خۆی داوە بە کۆمەڵگەی ژێر کۆنتڕۆڵ، کۆمەڵگەیەک کە لەودا تاکەکان لە ژێر چاودێری و کۆنتڕۆڵ دان بەڵام نەک لە شوێنێکی تایبەت و داخراودا یان لە کاتێکی تایبەت‌دا، بەڵکوو لە هەموو شوێنێک و لە هەموو کاتێک‌دا. لە کۆمەڵگەی ژێر کۆنتڕۆڵدا مێکانیزمەکان جیاوازن و کۆنتڕۆڵەکان «بگۆڕ»ن و زەمانەکەش ئەلکترۆنی‌یە. لە جیاتی چوارچێوەی ژووری داخراو، چوارچێوەکان خۆیان لەگەڵ سووژەکان فۆڕم دەدەن. لە جیاتی ئەوەیکە لە کۆمەڵگەی دیسیپلینی‌دا سووژە لە چەندین شوێنی داخراودا لە ژێر چاودێری و ئیسلاح کردن‌دا بێ، لە کۆمەڵگەی ژێر کۆنتڕۆڵدا هەموو ئەو شوێنانە هاوکات لە یەک چوارچێوەدا پێکەوە هەن و بە بەردەوامی لەگەڵ سووژەکان دێن و دەچن. ئیمزاکان و ڕێژەی تاکەکان لە کۆمەڵگەی دیسیپلینی‌دا جێگەی خۆی داوە بە ژمارەکان و ئامارەکان لە کۆمەڵگەی کۆنتڕۆڵدا. تاک ئیتر مانای یەک کەس نادا، بەڵکوو واتای تاکێکی بەش‌بەشکراو دەدا؛ واتە هاوکات لە هەموو شوێنێک دەتوانێ بوونی هەبێ. ماشێنە مکانیکی‌یەکانی کۆمەڵگەی دیسیپلینی جێگەی خۆیان داوە بە کۆمپیوتەر و ماشێنەکانی زانیاری و داتا. بەرهەمهێنان جێگەی خۆی داوە بە بەرهەم.

ئەمڕۆ تەنیا دەسەڵاتی سیاسی نیە کە تاکەکان کۆنتڕۆڵ دەکا، بەڵکوو تاکەکان خۆیان لە ژێر چاودێری و کۆنتڕۆڵی یەکتر دان، لە ڕێگای تێکنۆلۆژی و بە تایبەت ئینتێرنێتەوە هەر تاکێک چاودێری و کاریگەری دەخاتە سەر کەسانی‌تر و بە هەمان شێوەش خۆی لە ژێر چاودێری و کاریگەریی ئەوانی‌تر دایە. ئینتێرنێت وەکوو مێکانیزمێکی ئیسلاح لە کۆمەڵگەی ژێر کۆنتڕۆڵدا ڕۆڵ دەگێڕێ. تاک لە ئینتێرنێت‌دا سووژەیەکی کۆنتڕۆڵە، گرینگ نیە لە چ کات و شوێنێکی جوغرافیایی دایە. پەیوەندیی نێوان تاکەکان، بە ئاراستەیەکیان‌دا دەبا کە لە لایەک دەچنە نێو پڕۆسەیەکی دروستبوونی ناسنامە و لە لایەکی دیکەشەوە بە ئاراستەی، خۆ سانسۆڕ کردن و خۆ کۆنتڕۆڵکردنیان‌دا دەبا. لە کۆمەڵگەی مەجازی‌دا، پاراستنی ژیانی شەخسی خەریکە بەرەو کۆتاییەکانی دەڕوا، چونکە زانیارییە شەخسی‌یەکان و کۆدەکانی ژیانی تایبەتیی تاکەکان ئەمڕۆ شیاوی دەستپێڕاگەیشتنە، هەم لە لایەن کەسانی‌ترەوە و هەم لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و کۆمپانیا و ئاژانسەکانەوە. لە کۆمەڵگەی ژێر کۆنتڕۆڵدا هەمووان لە لایەن هەموانەوە لە ژێر چاودێری دان.



«ئەمڕۆ تەنیا دەسەڵاتی سیاسی نیە کە تاکەکان کۆنتڕۆڵ دەکا، بەڵکوو تاکەکان خۆیان لە ژێر چاودێری و کۆنتڕۆڵی یەکتر دان، لە ڕێگای تێکنۆلۆژی و بە تایبەت ئینتێرنێتەوە هەر تاکێک چاودێری و کاریگەری دەخاتە سەر کەسانی‌تر و بە هەمان شێوەش خۆی لە ژێر چاودێری و کاریگەریی ئەوانی‌تر دایە»

ژمارە:٦٩٣ ●رۆژنامەی کوردستان

# بەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەمریکا لەسەر کوردستان و ئێران



**مستەفا شەڵماشی**

**یەکەم:**

هەرچەندە بۆ زۆربەی چاوەدێران چاوەڕوان نەکراو بوو، کاندیدی کۆماریخوازەکان لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ئەوەی بە پلەی یەکەم دەکرێ وەک بەرئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە چاوی لێ بکرێ، ئەوەیە کە زوربەی خەڵکی ئەمریکا لایەنگری ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بوون. بەرنامەی کاری خانمی کلینتۆنیان وەک درێژەدانی بەرنامەی ئیدارەی سەرۆک کۆماری ئێستا، ئاغای ئۆباما چاو لێ دەکرد و قسەکانی ئاغای ترامپ کە تەنانەت لەگەڵ بۆچونەکانی حیزبەکەی خۆشی لە هێندێک بواردا جیاوازی هەبوو، سەرنجی راکێشابوون. دیارە سەرۆک کۆماری تازە لە مەیدانی کردەوەدا بێگومان ناتوانێ هەموو دروشمەکانی سەردەمی پڕوپاگاندای هەڵبژاردن جێبەجێ بکا و مەجبورە هێندێک تۆرمز بگرێ، بەڵام هەرنەبێ ناچارە دەرسەدێک لەو چاوەڕوانی‌یانەی بە لایەنگرانی داوە، وەدی بێنێ. بەتایبەت ئەوەندەی پەیوەندی بە سێ مەسەلەوە هەیە کە بریتین لە: خەباتی کاریگەرتر و توندوتۆڵتر لەدژی تیرۆریزم لە هەموو دنیادا بە گشتی و لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی؛ گێڕانەوەی هەیبەتی وڵاتەکەی لە یاریکردنی رۆڵی زلهێز بۆ پاراستنی ئەمنیەتی جیهانی و؛ رەخساندنی دەرفەتی کاری زۆرتر بۆ هێزی کار لە وڵاتەکەی‌دا، کە سێ تێمای سەرەکی لە تەبلیغاتی هەڵبژاردن‌دا بوون، دەبێ کارایی لە خۆی نیشان بدا و بەڵێنەکانی بەرێتە سەر.

دیارە ئەگەر ئەو سێ مەسەلەیە بکەینە بناغەی هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکانی ئیدارەی داهاتوی کۆشکی سپی، بێگومان بەو ئەنجامە دەگەین کە بۆ وەدیهاتنیان ئاڵوگۆڕێکی بەرفراوان لە سیاسەتی ئابووری، سیاسەتی دەرەوە و پلان و تاکتیکی نیزامی‌دا پێویستە. کە لەنێو ئەو ئاڵوگۆڕانەش‌دا هەڵوێست بەرامبەر تیرۆریزم، رێژیمەکانی هاندەری تیرۆریزم، دەستکورتکردنەوەی دەسەڵاتە ناوچەییە ئاژاوەگێڕەکان و وەدەستخستنەوەی رۆڵی یەکەم لە دیاری کردنی سیاسەتی ئابووریی جیهانی‌دا خۆ دەنوێنن. دیارە هەڵسەنگاندنی هەریەک لەو هەنگاوانە پێویستی بە ئانالیز و لێکدانەوەی بەرفراوان و دەستنیشان کردنی هێڵەکانی پەیوەندی ئەو مەسەلانە بە تەک تەکی فاکتۆرەکانی کاریگەر لەسەر ئەو هەنگاوانە هەیە و لەم نووسینە کورتەدا جێگایان نابێتەوە. هەرچۆنێک بێ یەکێک لە فاکتەرەکان مەسەلەی کوردە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بێگومان لە نێو هاوکێشەکانی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا جێ دەگرێ. هەر بۆیەش پێویستە ناوەندەکانی دیاریکردنی سیاسەتی کوردی خۆی پێوە ماندوو کەن و ستراتێژی نەتەوەیی بۆ داڕێژن و هەموو هێزی کورد بەیەکەوە وەک فاکتەرێکی کاریگەر بە ئیدارەی تازەی ئەمریکا بناسێنن. لە هێندێک بۆچونی کورتی هاوشێوەی ئەمەدا هەوڵ دەدەم کاریگەرییەکانی ئەم ئاڵوگۆڕە لەسەر کوردستان، ئێران، ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان بە پێی توانای خۆم وێنا بکەم.

**دووەم: کاریگەری هەڵبژاردنی ئەمریکا لەسەر کوردستان**

لە هەلسەنگاندنی یەکەم‌دا گوتم کە (یەکێک لە فاکتەرەکان مەسەلەی کوردە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بێگومان لە نێو هاوکێشەکانی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا جێ دەگرێ).

ئەگەر سەرکۆماری تازەی ئەمریکا بیهەوێ کار بکا لەسەر ئەو سێ تێما گرینگەی کە پێشتر باسمان کرد واتە گێڕانەوەی هەیبەتی ئەمریکا وەک یەکەم زلهێز، شەڕی دژی تیرۆر و رەخساندنی هەلی کاری زۆرتر لە نێوخۆی ئەمریکادا، هەم لە شەڕی دژی تیرۆر و هەم لە گێڕانەوەی هەیبەتی ئەمریکادا دۆستێکی وەک نەتەوەی کوردی پێویستە. ناوەندی شەڕی دژی تیرۆر و هەروەها رێژیمە هاندەرەکانی گەشەکردنی تیرۆر، لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستن. کورد لە ناوچەکەدا باوەڕپێکراوترین و ئازاترین هێزی شەڕکەرە لە دژی تیرۆر. چونکە بەدرێژایی مێژوو قوربانی دەستی تیرۆر بووە، چ تیرۆری دەوڵەتی و چ تیرۆری رێکخراوەیی. هەروەها زەڕبەی زۆری لە دەستی ئەو رێژیمانە خواردوە کە هاندەری تیرۆرن لە ناوچەکەدا. بۆیە ئەگەر ئاغای ترامپ بە راستی بیهەوێ تیرۆر خاشەبڕ بکا، ناتوانێ دەست لە کورد هەڵگرێ. ئێستاش لەسەر ئەرزی شەڕ، هەم لە سوریە و هەم لە عێراق، کوردەکان چالاکترین هێزی لە نێوبردنی داعشن. پاشان بۆ دەستەمۆ کردن، دەست کورتکردنەوە و کۆنترۆڵ کردنی رێژیمەکانی پاڵپشتی تیرۆر، پێویستی بە هاوپەیمانی باوەڕپێکراو هەیە لە ناوچەدا، کە نەتەوەی کورد بە گشتی دەتوانێ یەکێک لەو هاوپەیمانانە بێ.

دیارە بەو دوو رێگایەش دایە کە هەیبەتی ئەمریکا دەگەڕێتەوە. چونکە هێزەکانی وەک داعش و رێژیمەکانی وەک ئێران، لە ناوچەیەکی گرینگی وەک رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کۆسپێکی گەورەن لە رێگای بەدەستهێنانەوەی هەیبەتی ئەمریکادا. لە چەند ساڵی رابردوودا دەتوانین بڵێین هیچ ساڵێک نەبووە کە لە راستی‌دا قەڵسەیەک بە ئەمریکا نەگێڕن. دەبێ ئاغای ترامپ کارێک بکا کە داعش شکست بێنێ، دەستێوەردانەکانی رێژیمی ئێران هەر لە عێراقەوە هەتا یەمەن

" رەنگە دوور لە چاوەڕوانی بێ کە جارێکی دیکە دەوڵەتی ئەمریکا خۆی تووشی شەڕێکی دیکەی گەورە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکا، بەڵام شک لەوەدا نییە کە ئیدارەی تازەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی ترامپ، بەو شێوەیە موماشات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ناکا، کە ئیدارەی ئۆباما دەیکرد "

کۆتاییان بێ و تورکیە بگەڕێتەوە سەر ئەو نەخشەی کە ناتۆ لە ناوچەدا پێی دابوو، نەک سوڵتان بازاڕی وەڕێ خا. لەو کاتە دایە کە هەیبەتی ئەمریکا دەگەڕێتەوە و هەر لەو کاتەش دایە کە قازانجە ئابوورییەکانی ئەمریکا لە ناوچەدا دەپارێزرێن و زەمینە بۆ رەخساندنی هەلی کاری زۆرتر ئامادە دەبێ.

بەڵام کورد دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو هەلومەرجە تازەیەدا بکا؟ کورد دەبێ بەهێز دەرکەوێ و ویستەکانیشی بەرێتە سەرێ. هێزی نەتەوەیی یەکگرتوو بکا و بەو هێزەوە داوای پشتیوانی بۆ چارەسەر کردنی یەکجارەکی مەسەلەی کورد بکا. لە باشوور نابێ بە کەمتر لە سەربەخۆیی رازی بێ. لە رۆژئاوا دەبێ قەوارەی ئیدارەیەکی نەتەوەیی داڕێژێ نەک فریوی دێموکراسی لە سوریە بخوا و ویستە نەتەوەییەکانی تێدا بدۆڕێنێ. لە باکوور دەبێ هەوڵ بدا سەرنجی زلهێزەکانی دنیا، بە تایبەت ئەمریکا بۆ لای خۆی راکێشێ و هەوڵ بدا لە پرۆسەی بە فیدراڵی کردنی تورکیەدا، دۆستی نێونەتەوەیی بۆخۆی پەیدا بکا. کورد نابێ بۆ هاوپەیمان لە ناوچەدا بگەڕێ. هیچ یەک لەو وڵاتانەی کە بەشێک لە کوردستانیان بەرکەوتوە، ناتوانن هاوپەیمانی کورد بن لە بەشەکانی دیکەدا.

لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش کاتی ئەوە هاتووە حیزبەکان نێوماڵی خۆیان رێکخەن، یەکبگرن و هیز نیشان بدەن. نیشان بدەن کە دەتوانن نەخشیان هەبێ و دەکرێ حیسابیان لەسەر بکرێ. دەبێ هەم لێبڕاو بن و هەم باوەڕیان بە خۆیان هەبێ. بۆ دوورتر لە کامپەکانی خۆیان بڕوانن و خەونی گەورە ببینن و ئامادەی ریسک کردن بن. دەبێ هەوڵ بدرێ خەباتی دەرەوە و شار و شاخ لێک گرێ بدرێ. رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بێتەوە نێو کایە سیاسی‌یەکانی ناوچە و جیهان و ئەوەش بە برەوپێدانی رۆژهەڵاتمێحوەری و گەورەکردنەوەی نەخشی رۆژهەڵات دەکرێ، نەک حیزب حیزبێنە و رەقابەتی ناسالمی نێوان حیزبەکان. بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان پێویستە غرور و هەیبەتی خۆی بەدەست بێنێتەوە و رۆڵی کۆکردنەوەی هێزەکان و پێشەنگیی خەباتی نەتەوەیی ببینێ؛ تواناکانی وەگەڕ خا و بۆ هەستانەوەیەکی گەورە بەرپرسایەتی‌یەکان دیاری بکا و، ئەندامانی حیزبیش پێویستە تواناکانی حیزبەکەیان ببینن و هاندەر بن لە وەگەڕخستن و گەشەکردنی ئەو توانایەدا.

**سێهەم: کاریگەریی هەڵبژاردنی ئەمریکا لەسەر ئێران**

لە کاتی تەبلیغاتی هەڵبژاردن‌دا، دۆناڵد ترامپ زۆر بە توندی هێرشی کردە سەر کۆماری ئیسلامی. ئەو لە یەکێک لە پانێلەکانی‌دا رایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزمە لە جیهان‌دا. ئیشارەی بە ئاژاوەگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد و ئەوەی هێنا گۆڕێ کە ئەو رێژیمە تانوپۆیەکی بەهێزی رێکخراوی تیرۆریستی، جاسوسی و نیزامی لە جیهان‌دا بە گشتی و لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە تایبەتی، پێکهێناوە. ئەو گوتی: بەڵێ کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا بەهێزە، بەڵام ئێمە (ئیشارەی بە دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە) لەو بەهێزترین.

لە کۆبونەوەیەکی تەبلیغاتی دیکەدا ئیشارەی بەوە کرد کە تیرۆریزم لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست خاوەن پوولە، داعش لە سوریە هوتێلی دروست کردوە، داعش نەوتی هەیە، ئەگەر ئەویش نەوتی نەبێ ئێران هەیەتی. ئێمە ٢ تریلیۆن دۆلارمان لە عێراق خەرج کرد و هەزاران سەربازمان کوژران، بە لام ئێران دەستی بەسەردا گرتوە و ئێمە هیچمان نییە، تەنانەت ناتوانین بچینە زۆر جێگای ئەو وڵاتەش، جگە لەوەش چەکێکی زۆر کە دامان بە عێراق دەستی دوژمن کەوتوە تەنیا لە یەک جێگا ٢٣٠٠ ماشێنی گەورەی نیزامی بۆ دوژمن بەجێ هێڵراوە، ئەوە گاڵتەی پێ ناکرێ.

ئەگەر ئەو بۆچوونانەی سەردەمی تەبلیغاتی هەڵبژاردن لە نەزەر بگرین، سیاسەتی ترامپ دەبێ بە ئاراستەی کورتکردنەوەی باسکی ئاژاوەگێڕانەی کۆماری ئیسلامی‌دا بێ لە ناوچەی پرکێشەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. رەنگە دوور لە چاوەڕوانی بێ کە جارێکی دیکە دەوڵەتی ئەمریکا خۆی تووشی شەڕێکی دیکەی گەورە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکا، بەڵام شک لەوەدا نییە کە ئیدارەی تازەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی ترامپ، بەو شێوەیە موماشات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ناکا، کە ئیدارەی ئۆباما دەیکرد.

پەیوەندیی نێوان ئێران و ئەمریکا بە فازێکی تەواو جیاوازدا دەڕوا و لە قۆناغی داهاتوودا پێموانییە هێندەی ئێستا لە کۆماری ئیسلامی قبووڵ بکرێ. ئەوەش بۆ کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەرفەتێکی تازە دێنێتە ئاراوە. ئەگەر سەرنج بدەینە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەمو کوردستان‌دا، بۆمان دەردەکەوێ کە تا ئێستا چەندە دەستی ئاواڵە بووە کە بە کەیفی خۆی لە کوردستان‌دا رمبازێن بکا. رۆژهەڵاتی کوردستان میلیتاریزە بکا و هەرچی جینایەتە بە پانەوە لەوێ ئیجرای بکا. لە باشوور مۆڵگەی جاسوسی دانێ و دەست لە کاروباری ئەو بەشە لە کوردستان وەردا و بە ناوی دۆست وەک گورک لە نێو ماڵی خۆتدا، لە دەرفەتی بەرخۆلە فڕاندن‌دا بێ و بە ئاشکراش دژی سەربەخۆیی بوەستێ. لە باکوور و رۆژئاواش هەم لە ناڵ بدا و هەم لە بزمار. بە رواڵەت خۆی بە دۆست لە قەڵەم بدا و ژێربەژێر تۆوی دووبەرەکی بچێنێ و لەگەڵ هێزە دژبەرەکانی کورد لەو دوو بەشەی کوردستان کەین و بەینی هەبێ و بە ئاشکرا شەڕ بۆ رێژیمێک بکا کە بە درێژایی مێژوو تەنانەت مافی هاووڵاتی بوونیشی بۆ کورد بە رەسمی نەناسیوە.

بۆیە لە ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی دۆناڵد ترامپ چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کە چیدی نەیەڵێ کۆماری ئیسلامی بە شێوەی ئێستا لە ناوچەدا رمبازێن بکا و لەمپەرێکی گەورە بێ لە بەردەم ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

## چەند هەواڵی ئێران

### هەڵوێستی ئێران سەبارەت بە دانوستانی دووبارە لەسەر بەرجام

بە پێی راپۆرتی هەواڵدەریی فارس، وتەبێژی کاروباری دەرەوەی ئێران سەبارەت بە هەواڵی بڵاوکراوە لە رۆژنامەی واڵ ستریت ژۆرناڵدا، ئەو هەواڵەی بە درۆ زانی و رایگەیاند هیچ دانوستانێکی دیکە لە نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و وڵاتانی رۆژئاوایی سەبارەت بە نێوەرۆکی رێککەوتنی بەرجام ناکرێ و، هەرچەشنە گوڕانکاریەکی لەم بارەوە بە درۆ لە قەڵەم دا.

بەهرام سادقی وتەبێژی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران گوتی: ئەو هەواڵە دوورە لە راستی و، هیچ دانیشتنێک لەو بارەوە نە کراوە و، وڵاتانی ئورووپا و دەوڵەتی نوێی ئەمریکا دەبێ پابەندی رێککەوتنەکە بن.

شایانی باسە کە رۆژنامەی واڵ سترایت ژۆرناڵ بە پێی هێندێک زانیاریی گوتبووی، لایەنە پێوەندیدارەکان لە رێککەوتنی ناوکیی ئێران و وڵاتانی ٥+١، دوای سەرکەوتنی دۆناڵد ترامپ لە هەڵبژرادنەکانی سەرکۆماریی ئەمریکا، نیگەرانن و، بۆ ئەم مەبەستەش سەرلەنوێ دانوستان لەو بارەوە لە تاران دەستی پێکردووە.

### کسینجێر: هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنی ئەتۆمی لە بەرژەوەندیی ئێران دایە

وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمریکا لەو باوەڕە دایە، تێکدانی رێککەوتنی نێوان ئێران و وڵاتانی پێنج کۆ یەک ، لە بەرژەوەندیی ئێران‌دا دەبێ.

هێنری کیسینجێر وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمریکا، فراوانبوونی دەسەڵاتی ئێران بەسەر ناوچەکەی بە گەورەترین کێشەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دانا و، گوتی، دەبێ واشنگتۆن لەو بارەیەوە بە ئاشکرا دژایەتیی خۆی نیشان بدا.

هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەگەری لادان و هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران و رۆژئاوا، بەر لەوەی بە قازانجی ئەمریکا بێ، لە بەرژەوەندیی ئێران‌دا دەبێ.

لەلایەکی دیکەوە لەبارەی هەڵوێستی بەرپرسانی ئێران لەسەر بەردەوامبوون یان هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنەکە لەلایەن دەوڵەتی نوێی ئەمریکاوە، ئاژانسی ئیسنای ئێران لێدوانێکی عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ئێرانی بڵاو کردەوە، کە تێدا سەرۆکی پەرلەمانی ئێران بە پێویستی دەزانێ لێدوانی بەرپرسانی وڵاتەکەی لەسەر ترامپ بە شێوەیەک بێ، کە وەزارەتی دەرەوەی ئێران بتوانێ هەڵوێستێکی روون و شەفافی لەو بارەیەوە هەبێ.

هەر بۆیە لاریجانی داوای لە بەرپرسانی حکوومەتی وڵاتەکەی کرد کە پێش رووداوەکان نەکەون و بەپەلە بڕیار نەدەن. هەڵویستی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ترامپ و چەند کەسی دیکە لە هاوبیرانی هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنی ناوکی‌یان کردووە.

### راهێنانی نیزامیی منداڵان لە لایەن سپای پاسدارانەوە

سپای پاسداران لە درێژە پیلانگێڕی و سەپاندنی سیاسەتەکانی خۆی لە نێو خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی منداڵان و لاوان لە رێگەی جۆراجۆر لە هەوڵ دایە.

بە پێی هەواڵی ماف نیوز، سپای پاسداران بە بەڕێوەبردنی ٤ گەڵاڵەی دارێژراو بە مەبەستی راهێنانی نیزامیی منداڵان لە شاری شنۆ، لە هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی منداڵانە کە ببن بە ئەندامی بەسیج.

سپای پاسداران لە ژێرناوی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان خەریکی زیادکردنی بنکە ومۆڵگەی تایبەت بە خۆیەتی و ، دەیهەوێت بەم جورە زۆربەی خەڵک بکات بە داردەست و لە هاتنە ئارای هەر چەشنە ئەگەرێک لە خەڵکی گوندەکان کەڵک وەربگرێ.

بە پێی هەواڵی ماف نیوز سپای پاسداران لە شارە جیاجیاکانی کوردستان بە دامەزراندنی ناوەندەکانی پێوەندیدار خەریکی مەشق کردنی نیزامی بە منداڵانە و بە بڵاوکردنی کتێب و نووسراوەی تایبەت دەیهەوێت لەسەر منداڵان و تازەلاوان کاریگەری دابنێ.

### دژایەتیی یوونسی لەگەڵ پێکهاتنی فراکسیۆنی نەتەوەکان لە مەجلیس‌دا

عەلی یوونسی یاریدەدەری تایبەتی سەرکۆماری ئێران بۆ کاروباری نەتەوەکان و کەمە ئایینی‌یەکان، لە دیدارێک لەگەڵ بژاردەکانی عەرەبی ئەهوازی‌دا، دانی بە هەبوونی هەڵاواردن سەبارەت بە نەتەوەکانی دیکە لە ئێران‌دا نا.

هەواڵدەریی ئیرنا بە بڵاوکردنەوەی راپۆرتێک لەو بارەوە رایگەیاند کە یوونسی لەو دیدارەدا بە باس کردن لەسەر پرسی نەتەوەکانی دیکە لە ئێران، کەمتەرخەمی‌یەکانی لەم بارەوە خستەبەرباس و گوتی: بە تەواویی ئاگاداری گیروگرفتەکانی کەمە ئایینی‌یەکان و نەتەوەکانی ئێرانە، بەتایبەتی ئەوەی کە هێشتا بەشێکی زۆر لە بەرپرسانی پارێزگای خوزستان خەڵکی خۆجێیی نین.

عەلی یوونسی لە درێژەی ئەو دیدارەدا لە وڵامی پرسیاری یەکێک لە چالاکانی سیاسیی عەرەب گوتی: پێکهێنانی فراکسیۆنی نەتەوەکان لە مەجلیس بە باش نازانم و لەم بارەوە ناڕەزایەتیی خۆی دەربڕی.

رەخنەگران و دژبەرانی پێکهاتنی فراکسیۆن لە مەجلیس‌دا، ئەمکارە بە مەترسی‌یەک بۆ سەر تەواوییەتی ئەرزیی دەزانن و دەڵێن ئەمە دەبێتە هۆی دابەشبوونی ئێران و هەر بۆیە بە توندی دژایەتی دەکەن.

### تۆڕی دەریایی ناردنی چەکوچۆڵ بە قاچاغی لە ئێرانەوە بۆ یەمەن

لێکۆلەرانی نێودەوڵەتی راپۆراتێکیان بڵاوکردەوە کە ئاماژەی بە تۆڕێکی نهێنیی گواستنەوەی چەکوچۆڵی ئێران بۆ حوسی‌یەکانی یەمەن لە رێگەی سومالی و پاشان بۆ یەمەن کرد.

بەپێی ئەم راپۆرتە کە لە نێوان مانگی فوریە تا مانگی مارس ئامادەکراوە، لە پشکنینێک‌دا چەکوچۆڵی ئێرانی لە بەلەمەکان‌دا بەرەو سومالی و لەوێشەوە بۆ وڵاتی یەمەن بەڕی کراوە.

بەپێی لێکۆڵینەوەکان سریاڵ و ژمارەی ئەم چەوچۆڵانەی کە لە بەلەمەکاندابوو و ئەو چەکوچۆڵانەی لەبەردەستی حوسی‌یەکان دایە لێک نزیک و پێوەندیی تەواویان پێکەوە هەیە.

لە چەند مانگی ڕابردوو چەندین باری قاچاخی چەکوچۆڵ کە بۆ یەمەن دەنێردرا لە ئاوە نێودەوڵەتی‌یەکان دەستیان بەسەرداگیراوە.

لە لایەکەی دیکە کاناڵی خەبەری سی ئێن ئێن ڕایگەیاندبوو کە هێزی دەریایی ئوستراليا پاپۆڕێکی ماسیگرتن، کە هەڵگری کۆمەڵێک چەکوچۆڵی جۆاروجۆر بوو بۆ یەمەن، دەست بەسەرداگیرا.

# بناژۆخوازیی ئیسلامی

**نووسەر: گریگۆر دێلفاکس**
**وەرگێڕان لە ئاڵمانییەوە بۆ فارسی: شاهۆ حسێنی**
**وەرگێڕان بۆ کوردی: تەهای ڕەحیمی**

لەپاش هێرشە تیرۆریستییەکان بۆ سەر ئەمریکا و ئورووپا، بەرەنگاربوونەوەی نێوان جیهانی عەرەبی موسلمان و ڕۆژئاوا ڕەهەندێکی نوێی بەخۆوە گرتوە. جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بۆتە هێمایەک لە دوژمن.

**ئیسلامگەرایی چیە؟**

«ئێمە بەدڵمانە یان نا»، گەورەترین کێشەی سیاسیی ڕۆژئاوا لە دە تا بیست ساڵی داهاتوودا، جیهانی ئیسلامی عەرەبی‌یە. وێدەچێ سیاسەت و کۆمەڵگە بەبێ دوژمن هەڵنەکەن، بەتایبەت لە زەمانی شەڕ و شەڕی دژ بە تیرۆردا، ئیسلام لە بەشێکی مەزن و بەرینی بیروڕای گشتی ڕۆژئاوادا، ئەو دەرکەوتەیەیە کە پێشتر کۆمۆنیزم بوو، هزرێکی مەترسیدار، بەربێژی هەڵنەگر، بۆ پیکانی دژبەرانی زاڵبوونی ئەو بەسەر جیهاندا، بەگوێرەی ئەوەی «لێکۆڵێەری ئیسلامی و عەرەبی مایکل لودرز» وتوویە:

«ڕاستە هەموو موسلمانان تیرۆریست نین، بەڵام ئەوەش ڕاستە، کە زۆربەی هەرە زۆری تیرۆریستەکان موسلمانن»، ئەو گێڕانەوەیە کە ساڵی ٢٠٠٤ لە «ئیسترن» بڵاو بۆتەوە، قسەی ئەبدولڕەحمان ئەلڕەشید بەڕێوەبەری تیڤی ئەلجەزیرەیە. ئەو گێڕانەوەیە بە جوانی تێڕوانینی جیهانی ڕۆژئاوا لە بەرەنگاربوونەوەی دژی جیهانی ئیسلام دەردەخا، ئەگەرچی بۆشیان گرنگە ئیسلام و ئیسلامگەرایی لێکهەڵاوێرن».




ئەگەرچی ئیسلام ئایینێکی کۆنی ١٤٠٠ ساڵەیە، ئیسلامگەرایی بە پێچەوانەوە ئایدیۆلۆژییەکی سیاسی‌یە، سیاسەتێکی بەرتەسک و ڕادیکاڵ. شوێنکەوتووەکانی ئەو ئایدیۆلۆژییە، «بناژۆخوازانی ئیسلامی»، مافە بنەڕەتی و مرۆیی و ئازادییە ئایینی‌یەکان پێشێل دەکەن. ئەوان دژی جیابوونی دەوڵەت و ئایینن و خۆیان بە دوژمنی دێموکراسی دەبینن. ئیسلامگەراکان بە پشتبەستن بە پیرۆزییەتی قورئان دەسەڵاتەکەیان دەپارێزن، لەگەڵ ئەوەشدا لێکدانەوەی قورئان تەنیا بۆخۆیان پاوان دەکەن، پێیان وایە هەر کەسیش لەو لێکدانەوەی ئەوان لە قورئان هەیانە لا بدا، هەڵگەڕاوەتەوە و تاوانی کردوە. پێیان وایە کەس ناتوانێ گومان بکا لە چوارچێوەی ئیسلام و هەڵوێستەکانی ئیسلام و، بۆ هێنانە ژێر پرسیار نابن. هەر کەسێک وەک ڕەخنەگری ئیسلام قسە بکا، وەک ڕەخنەگر ناناسرێ، بەڵکو وەک بێ بڕوا، دوژمنی خودا دەناسرێ، ڕەخنەگران زیاتر ژیانێکی مەترسیداریان هەیە، دەکەونە بەر هەڕەشە و ترساندنەوە، کوشتنی بێبەزەییانەی ون گوگ فیلمسازی هولەندی لە نوامبەری ساڵی ٢٠٠٤، وێنەیەکی ئاشکرای ئەو ژیانەیە، کە توندڕەوەی ئیسلامی بووە بە بەشێکی ڕاستەقینەی سیاسیی ژیانی ئورووپا.

**ئیسلامگەرایی چی دەوێ؟**

بەو جۆرەی بەسام تەبیبی، پرۆفیسۆری ناوداری پێوەندی نێونەتەوەیی وتوویە: «ئیسلاگەراکان، یان بەواتایەکی دیکە، بناژۆخوازانی ئیسلامی، دەیانەوێ جیهان بەپێی نەزمێکی نوێ دابڕێژنەوە، ئەوان بۆ یەکەم جار هەوڵ دەدەن بۆ پێکهێنانی نەزمێکی نوێی نائورووپایی. ئەوان دەیانەوێ جیهانی ڕۆژئاوایی ـ ئورووپایی بەرەو دوا بکشێننەوە، کەواتە ئەوان نەک هەر پێیان وایە کە دەبێ هێژمۆنی و دەسەڵاتی ئیسلامی، شوێنی هێژمۆنی ڕۆژئاوا بگرێتەوە، بەڵکوو پێیان وایە دەبێ نۆرم و بایەخە ئیسلامی‌یەکانیش شوێنی نۆرم و بایەخە ڕۆژاواییەکان بگرنەوە، کەواتە هیچ بڕوایەکیان بە فرەیی نیە، ئیسلامگەراکان بەگوێرەی ئەوەیکە لە «بولتۆنی ئیسلامگەراکانی دەرەوە»ی لەندەن ڕایانگەیاند، دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ئیسلامیان دەوێ».

پشتیوانی بزووتنەوە ڕادیکاڵە ئیسلامگەراکان ئامانجەکانی بەم گوێرەیە کۆ کردۆتەوە:

موسلمانان خوازیاری نەزمێکی ئیسلامین لەسەر بنەمای تێگەیشتنی خۆیان لە دەوڵەت و فۆرمی کۆمەڵایەتی وەک تاقانە تێگەیشتنی ڕێگەپێدراو، بەپێی بژاردەی بنەماکانی ئیسلامی ٧٠٠ ساڵی پێش، کە دەبێ جێی هەموو سیستەمەکانی دیکە بگرێتەوە. ئەو نەزمە ئیسلامی‌یە دەبێ هەموو بەشەکانی ژیان بگرێتەوە، وەک ئەو فەرمانەی خودا لە قورئان‌دا، مودێلی پێغەمبەرایەتی و کۆمەڵگەکانی پێشوو دایناوە. ئیسلامگەراکان ئەو ملیشیانەن کە بۆ دامەزراندنی نەزمی ئیسلامی زۆرەملی‌یانە، بڕوایان بە ڕەوایی بوونی خۆیان هەیە. ئەوان دەگەڕێنەوە بۆ قورئان کە بانگهێشتی جیهاد دەکا (لە ڕاستی‌دا: هەم شەڕی نێوخۆیی و هەمیش شەڕی پیرۆز)، ئەوان وەک ئەرکێکی پیرۆز بۆ شەڕی هەمیشەیی دژی ئەو موسلمانانەی لە ئیسلام لایان داوە و هەمیش دژی هەموو دوژمنانی ئیسلامی جا چ ولاتانی ئیسلامی و ولاتانی دیکە بێ، لە جیهاد دەڕوانن.

**وێککەوتنی شارستانییەتەکان؟**

زاراوەی وێککەوتنی شارستانییەتەکان لە کتێبی وێککەوتنی شارستانییەتەکانی ساموئێل هانتینگتۆن، لێکۆڵەری سیاسیی ئەمریکاییەوە داکەوتووە، هانگتینگتۆن پێی وایە لە سەدەی بیست و یەکەم‌دا ئیدی نەتەوەکان و دەوڵەتەکان ئەکتەر و سەرچاوەی پێکهەڵپڕژانەکان نین، بەڵکوو ژینگە فەرهەنگی‌یە جۆراوجۆرەکان لە کێشمەکێش و ناکۆکی‌یەکان‌دا دەور دەگێڕن. ساموئێل هانتینگتۆن لە ساڵی ١٩٩٨دا ڕوودانی پێکدادانە توندوتیژەکانی نێوان موسلمانان و ناموسلمانەکانی لە بەستێنی بەجیهانی بوون‌دا بەربێژی کرد. لە ڕاستی‌دا زاڵبوونی کەشی دوولایەنی حاشا و پێداگری لە لێکدانەوەکانی ڕۆژئاوا، وەک جیهانی عەرەبی ـ ئیسلامی، کە بەهۆی ترسی کۆمەڵگەی ڕۆژاوایی لەو جیهانبینی‌یە دواکەوتووانەی کە، لە لایەن نێوەرۆکێکی ئیسلامی سەدە ناڤینی‌یەکانەوە بیچمی گرتبوو، لایەنی بەرانبەری وەک دوژمن گریمانە کرد.

لەحاڵێکدا، دیاریکردنی ژیانی تاکەکەسی، ئاستی بەرزی پەروەردە، ئازادی ژنان، ئازادی جینسی، سیکۆلاریزم(جودایی کلێسە و دەوڵەت)، ئەمنیەتی قانوونی لە ڕێگەی دێموکراسی پارلمانی و بڕواداربوون بە پێشکەوتن وەک بایەخە ڕۆژاواییەکان پەسند کراون، بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی سەردەمی ڕووناکبیری و مودێرنیتەن. زۆربەی موسلمانانی دژی ڕۆژئاوا، یان بە شێوەی جیهانی چاوەڕوانی ئیدەی دەست پێڕانەگەیشتوو و یان لە حاڵەتی داوەشان‌دا دەرکەوتن، ئەوان هەروەها ئازادیی ئایدیۆلۆژیکی ڕۆژئاوا وەک هەڕەشەیەک لەسەر بنەماکانی بیروبڕوای خۆیان دەبینن.

کارناسی ڕۆژاوا «میشائیل لودرز» لەسەر بەکارهێنانی لەرادەبەدەر و بێ واتای «وێککەوتنی شارستانییەتەکان» وریامان دەکاتەوە، لودرز وردتر بە پارادۆکسی نێوان بنئاژۆخوازانی هەرتک بەر سیاسی ـ فەرهەنگی زانی: «پارادۆکسی نێوان مودێرنیستەکان و بناژۆخوازان، ئاکامی دژایەتی لەسەر ئارمانەکان، شێوازی ژیان و سیستمی کۆمەڵایەتی‌یە. ئەگەرچی بناژۆخوازی هەم لە ئایینی مەسیحی و هەمیش لە یەهوودی‌دا هەیە، وەک بزووتنەوەی شاری کنشیانی ئیسرائیل یان کلێسە ئازادەکانی پرۆتستانی لە ئەمریکا. بناژۆخوازی لە جیهانی ڕۆژاوا و زەینی ئێمەدا زیاتر دیاردەیەکی ڕووتی ئیسلامی دەژمێردرێ، کە وا وێنا دەکرێ: ئیسلام یەکسانە بە تیرۆر.

سەرنجڕاکێشە تەنیا موسلمانە بناژۆخوازەکان و شوێنکەوتووانی بیرۆکەی وێکەوتنی شارستانییەتەکانی هانتینگتۆنی پێیان وایە کە ئیسلامگەرایی یەکسانە بە ئیسلام و هیچ جیاوازییەک لە نێوان قورئان و شەڕی پیرۆزدا بوونی نیە.

**بۆچی ئیسلامگەرایی وەبڕەو کەوت؟**

پەرەگرتنی ڕوو لە زیادی بایەخەکانی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان، بۆشاییەکی بایەخیی هێنایە گۆڕێ، کە بەگوێرەی گەڕان و خواستی موسلمانان، ئەو بایەخە زیانبەخشە ڕۆژئاوییانە دژی نەریتەکانیانە. چونکی هەنووکە ڕۆژئاوا پێناسەیەکی بەرتەسکی لەژێر ناوی «سیکۆلار» لە ئایین هەیە، کە هەر لەم ڕێگەیەوە ڕۆژئاوا کاریگەری کردۆتە سەر بڕەوی ئیسلامگەرایی، زۆربەی گرووپە ئیسلامی‌یەکان بەتامەزرۆییەوە دەیانڕوانییە سەردەمی نێوان سەدەکانی ٧ و ١٧، سەردەمێک کە ئیسلام وەک دەسەڵاتێکی هێژمۆنی فەرهەنگی بیچمی گرتوە و کاری کردۆتە سەر ڕۆژئاوا. بەگوێرەی لێکدانەوەی لودرز کەلێنێکی قووڵی گومان لە کۆمەڵگەی ئیسلامی ـ عەرەبی‌دا هەیە. لە لایەکەوە شارستانییەتی ئیسلامی هاوچەرخ وەک شارستانییەتێکی دواکەوتوو، نارێکوپێک و لەبەرانبەری هێزی ڕاکێشەری فەرهەنگی ڕۆژئاوا، وەک دۆڕاوێک خۆی دەبینێ و لە لایەکی دیکەشەوە لاوازیی سیاسی و نەبوونی دوورەدیمەنێکی خودی، لەگەڵ تۆمەتی درۆبوون و ڕیاکاری لە ڕۆژئاوادا، چەشنێک ژینگەی پەروەردەیی دروست کردووە کە تێیدا بناژۆخوازی و تیرۆریزمی جیهادی گەشەیان کردوە. عەرەبەکان و موسلمانەکان زیاتر خۆیان بە قوربانی بەجیهانی بوون و ڕۆژئاوا دەزانن، وەک پەراوێزی ئاڵوگۆڕێک کە نە بۆیان کۆنترۆڵ دەکرێ و نە دەشتوانن بیوەستێنن. ڕابردوویەکی شکۆمەند کە ڕاییبردووە: سەردەمێک کە عەرەبەکان وەک ئیمپراتۆرییەکی پتەوی خاوەن پێشکەوتنی زانستی، هونەری و فەرهەنگی دووبارەنەبووە بوون. هەستی لە دەستدانی مێژوو و تێکەڵ بوون بە جیهانی بوون، لە ئاکام‌دا ئەو هەستەی لای زۆربەی عەرەب و موسلمان لێکەوتەوە کە ئاخ هەڵکێشن و بەدواداچوون بکەن بۆ چارەنووس و، پاساوێک بۆ بەرەنگاری و خۆڕاگرییەکی تیرۆریستی، دوانەهاتوو و ڕەها بدۆزنەوە.

ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو دوودڵی‌یە لە زۆربەی کۆمەڵگە ئیسلامی‌یەکان دەتوانێ بۆ جیهانبینی ئیسلامی بەکەڵک بێ و ئەو تێزانەی خوارەوە پەرە پێ بدا:

١ـ پێویستی ڕەخنەگرتن لەخۆ

٢ـ پەنای مێژوو

سەردەمەکان دەگۆڕدرێن، هەروەک چۆن فەرهەنگی عەرەبی بەسەر فەرهەنگی ڕۆژاوایی‌دا زاڵ بوو.

٣ـ لەنێو چوون و دابەزانی سەفستە

بۆچی کۆمەڵگە ئیسلامی‌یەکان بارودۆخێکی خراپیان هەیە؟ چونکی لە لایەن خوداوە غەزەبیان لێ گیراوە. دەکرێ چییان لێ بکەین؟ تێکۆشان بۆ سازانی ڕەها لەگەڵ خودا لە ڕێگەی خۆبەدەستەوەدانی بێ مەرج و مەرجەکانی ئەحکامی قورئان (کە لە خوێندنەوەی بێ ئەولاو ئەملای خۆیان‌دا گەڕاونەتەوە بۆ کۆمەڵگەی سەرەتایی ١٤٠٠ ساڵ لەومەوبەر) پێمل بوونی تەواوی ویستەکانیان.

## ڕۆژەڤی ئێران

# دەسەڵاتنوێنیی توندڕەوەکان



**حەسەن شێخانی**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی، گرووپ و ڕەوت و دەوڵەتە بیرتەسک و نادێموکراتیکەکان ئەوەیە کە ڕێگری دەکەن لە هاتنەئارای بیری جیاواز؛ ڕێگری دەکەن لە پێکهاتنی ئەو کۆڕو کۆبوونەوە و سمینارانەی، بۆچوون و بیری جیاواز تێیاندا دێتە ئارا. ئەوان هەوڵ دەدەن بە بیانووی جۆراوجۆر فشار بخەنە سەر ناوەندەکانی بڕیاردەر، کە ئیجازە نەدەن ئەو جۆرە کۆڕو کۆبوونەوانە پێک بێن، ئەگەر ئیجازەشیان پێدرا، بە شێوازی دیکە ڕێگە لە بەڕێوەچوونیان دەگرن.

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە هەموو ئەو بیروبۆچوون و مەیل و ڕەوتە سیاسی‌یانەی کە، ملکەچی ئایدۆلۆژی ویلایەتی فەقیە نەبوون، سەرکوتی کردن و لە مەیدانی وەدەرنان. وەک سروشتی هەموو سیستمە نادێموکراتیک و تا ڕادیەک توتالیتێرەکان، لە نێو باوەڕمەندانی ویلایەتی فەقیهیش‌دا بۆچوونی جیاواز هاتنە ئارا و ئەمەش بوو بە بنەمای دروست باڵەکان لە کۆماری ئیسلامی‌دا. لێرەدا قسە لەوە نیە کە باڵێکیان دێموکراتە و باڵەکەی‌تر نادێموکرات؛ بەڵکوو ئەگەر بە شێوەیەکی نێوتڕاڵ و ئۆبژێکتیڤ قەزاوەت بکەین، باڵی ناسراو بە ڕیفۆرمخواز بە بەراورد لەگەڵ ئەو باڵەی کە ئێستا پێی دەگوترێ بناژۆخواز، زیاتر خۆیان لەگەڵ نۆڕم و بەها ئەمرۆییەکان موتوربە کردووە و، هەر ئەمەش بۆتە ترسێکی هیستریک بۆ ناوکی سەختی کۆماری ئیسلامی، کە بە پێداچوونەوەخوازیان بناسێنێ کە هەوڵی گۆڕینی چییەتیی کۆماری ئیسلامی دەدەن.

بە شێوەیەکی بەرچاو لە سەرەتای هاتنە سەرکاری دەوڵەتی ئیسلاحاتەوە تائێستا، تەیف یان لایەکانی توندڕەوی نێو حاکمییەت بە شێوەی جۆراوجۆر لە هەمبەر دەوڵەتانی ڕیفۆرمخواز یان نزیک لە وان، کارشکێنی و قەیرانسازی دەکەن بۆ ئەوەی بە کۆمەڵگە بسەلمێنن ئەگەر ڕیفۆرمخوازان لەسەر کار بن ئەوە بەشێک لە حاکمییەت لەگەڵ وان هاوکاری ناکا و ئیقتداری پێویستیان نیە. لە قۆناغی هەنووکەیی‌دا بەشێک لە ئیستراتیژی لایەکانی توندڕەوی نیزام لەسەر ئەوە چڕ بۆتەوە کە دەسەڵاتی دەوڵەتی ڕوحانی ببنە ژێر پرسیار و بە خەڵکی بڵێن دەوڵەتی ڕوحانی دەوڵەتێکی بەدەسەڵات نیە تا بتوانێ داخوازییەکانتان بێنێتە دی. بەم شێوەیە خەڵکی لە دەوڵەت بێ‌هیوا بکەن و بڵێن دەوڵەتی بێ‌دەسەڵاتی ڕوحانی، توانای جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی نیە و ئومێدبەستن بەو دەوڵەتە، پووچ و بێ‌بنەمایە. ئەو شتەی کە ئەمڕۆژانە بۆ عەلی موتەهەری پێش هات، لەم دەلاقەیەوە دەکرێ خوێندنەوەی بۆ بکرێ و لێکبدرێتەوە. لە ڕاستی‌دا ڕێگری کردن لە وتاردانی جێگری سەرۆکی مەجلیس لە مەشهەد، بە چالش کێشانی دەسەڵاتی دەوڵەت بوو.

هەر لەم ماوەیەدا عەلی موتەهەری تەنیا کەس نەبوو کە ڕێگری لە کۆڕگێڕیەکی کرا، بەڵکوو سادق زیباکەلام و موجتەهیدی شەبێستریش لەو کەسانە بوون کە کۆڕەکانیان هەڵوەشایەوە. دیارە هەڵوەشانەوەی کۆڕی موتەهەری لەبەر ئەوەی کە کوڕی ئایدۆلۆگی کۆماری ئیسلامی، مورتەزا موتەهەری‌یە، هەروەها جێگری سەرۆکی مەجلیسە و بە پێی یاساکانی خودی کۆماری ئیسلامیش نوێنەرانی مەجلیس بۆیان هەیە لە مەڕ هەر پرسێک ڕاوبۆچوونی خۆیان دەرببڕن و بەدواداچوون بکەن، دەنگدانەوەی زیاتری هەبوو.

تا ئەو جێگەیەی کە بە عەلی موتەهەری پێوەندی هەیە، لەبەر ئەوەی کە ناوبراو بۆچوونەکانی لەگەڵ ڕێبەری کۆماری ئیسلامی هاوئاهەنگ ناکا، بۆیە کەوتۆتە بەر غەزبی بەشی سەخت و ئایدۆلۆژیکی سیستم و بە شێوازی جۆراوجۆر ئەزیەتی دەکەن و بەربینگی پێدەگرن. بەڵام ئەگەر لە ئاستێکی بەرینتردا سەیری مەسەلەکە بکەین دەبینین کە بەشی توندڕەو و حاکمییەتی سیستم، نەتەنیا گێرەشێوێنی دەکەن و دەیانەوێ مەجالی دەربڕینی بیروڕا بۆ کەسانی جودابیر نەهێڵنەوە، بەڵکوو زیاتر لەوەش هەوڵ دەدەن بنیاتە هەڵبژێراوەکانی کۆماری ئیسلامی لاواز و بێکاریگەر بکەن. ئەوەی ئەمڕۆژانە لە مەڕ مەحموودی سادقی نوێنەری تاران کرا و لە لایەن دەسەڵاتی دادوەری‌یەوە بڕیاری دەستگیر کردنی بۆ دەرکرا، تەنیا لەبەر ئەوەی کە ویستوویەتی گەندەڵی و ئیختلاسەکانی ئەو دەسەڵاتە لەقاو بدا و بەدواداچوونی بۆ بکا، هەروەها بەرنامەی شووڕای نیگابان بۆ ئەوەی کە چاوەدێری کردن بەسەر پارلمان‌دا، لە چاوەدێری‌یەکی قۆناغی هەڵبژاردنەکانەوە، بۆ چاوەدێری‌یەکی بەردەوامی مەجلیس بگۆڕێ، لەم ڕاستایەدا شی دەکرێتەوە. ئەم پلانەی شووڕای نیگابان پلانێکی مەترسیدارە و ئەگەر بێتوو سەر بگرێ، مەجلیس لەوەی کە هەیە، بێکاریگەرتر دەبێ.

بەو شیکردنەوانەی سەرەوە ئەوەی لایەکانی توندڕەوی نێو حاکمییەت پشتبەستوو بە باندەکانی دەسەڵات و سەرمایە ئەنجامی دەدەن، دەرخەری دەسەڵاتی ڕاستەقینەی ئەوانە لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا و، وا نییە بڵێین ئەوان لە واقیع‌دا دەسەڵاتیان نیە و تەنیا وا دەنوێنن کە دەسەڵاتدارن. ناچار کردنی ڕوحانی بە لادانی عەلی جەننەتی، وەزیری پێشووی وەزارەتی ئێرشاد، تازەترین و زەقترین نموونەی دەسەڵاتی بەرەی بناژۆخوازە لە سیستم‌دا.

دەسەڵاتنوێنی لەو جێگەیە واتادار دەبێ کە لە دەلاقەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی یان پێگەی جڤاکی‌یەوە لەو لایە توندڕەوانە بڕوانین. لێرەدایە کە بە شێوەیەک دەجووڵێنەوە کە هەروا بزانە زۆرینەی خەڵک لەگەڵیان هاوڕایە و لە ڕاستی‌دا بۆچوونەکانیان بە ناوی بۆچوونی کۆمەڵانی هەراوی خەڵک ڕادەگەیەنن. ئەوان لەم پێناوەدا لە جەوسازی، شەڕی ڕەوانی، پۆپۆلیزم، چەواشەکاری و هەڵخڕاندنی ئیحساساتی خەڵک کەڵک وەردەگرن؛ بۆ ئەوەی کە لایەنی بەرامبەریان بخەنە گۆشەی ڕینگەوە و بێدەنگ و مارژینالیان بکەن.

بەرگرتن لە بەڕێوەچوونی کۆنسێرتەکان، ڕێگری کردن لە کۆڕ و سمیناری ئەو کەسانەی ویشک و دوگم بە خوێندنەوەی ڕەسمی لە کۆماری ئیسلامی‌یەوە نەچەسپاون، ئەگەرچی پێش هەموو شتێک دەرخەری ئەوەیە کە ڕاستی توندئاژۆ لە ڕووی عەقڵانیەتەوە لاوازن و لە مەیدانی مەنتق و مەعریفە شتێکی جێی سەرنجیان پێ نیە، بەڵام لە دۆخی ئێستادا و لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکانی خولی دوازدیەمی سەرکۆماری‌دا، دەسەڵاتنوێنی و، بردنە ژێر پرسیاری ئیقتداری دەوڵەتە؛ بۆ ئەوەی بە خەڵکی بڵێن ئەگەر خواستەیەکیشیان هەبێ، تەنیا لە ڕێگەی ئەوانەوە جێبەجێ دەبێ.

# پێوەندییەکانی روسیە و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە ڕێبەرایەتیی ترامپ و پوتین



**عەزیز شێخانی**

شەری زلهێزەکان بە شێوازی گەرم و سارد لە مەڕ سەپاندنی ویست و داخوازەکانیان بە چیرۆکە گەورەکەی مێژوو دەژمێردرێ. دەسەڵات و گەورەهێزەکان لە تانوپۆی نەخشەی سیاسیی جیهان‌دا شوێن‌پەنجەیان دیارە و تێگەیشتن لە زلهێزەکان و پرسە جیهانی‌یەکان گرێدراوی یەکترن. قوتبوونەوە یان هەڵوەشانی زلهێزەکان باڵانسی هێز تێکدەدا و ریزبەندییەکی تازە لە نێوان دەوڵەتە کاریگەرەکان‌دا ساز دەکا. مێژووی سەدەی بیستەم دەیسەلمێنێ، کە چەندە و چۆن هاتن و رۆیشتنی زلهێزەکان کایەی سیاسەت و هەروەها باڵانسی هێزیان گۆڕیوە. پێوەندی نێوان زلهێزەکان بە سەرتۆپی پێوەندییە نێودەوڵەتی‌یەکان پێناسە دەکرێ. گەورەهێزەکان بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانیان، لەگەڵ دەوروبەر هەڵسوکەوت دەکەن. دەوڵەتە گەورە و خاوەن بڕیارەکان بە شێوەی جیاواز ئیدارە دەکرێن و سروشتی سەرکردە و رابەرەکانیان لەسەر تەوژم و تامی سیاسەت و پێوەندییەکان شوێندانەرن.

وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا و روسیە لەو زلهێزانەن کە لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوودا بە تەوژمی جیاواز لەسەر رووداوە ناوچەیی و جیهانی‌یەکان کاریگەر بوون و رەوتی سیاسەتی جیهانیان خەملاندوە. ئەوان وێڕای باقی زلهێزەکانی دیکە، لە شەڕە گەورە و قەیرانە جیهانی‌یەکان‌دا بەشدار بوون و تێکۆشاون بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە سەر ئەوانی دیکەدا پسەپێنن. ساڵی داهاتوو، ٢١٠ ساڵ بە سەر رێککەوتنی پێوەندیی دیپلۆماسیی نێوان ئەمریکا و روسیەدا تێدەپەڕێ. لەو ماوەیەدا دوو وڵات زۆر رێچکەی دۆستایەتی و دوژمنایەتیان بڕیوە و لە هەوراز و نشێوی پێوەندییەکانیان‌دا تامی دۆستایەتی و دوژمنایەتی یەکتریان کردوە. ئەوان لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا هاوکار و لە دوای شەڕ بوونە دوو جەمسەری دژ بەیەک، کە بۆ خۆپاراستن، دەستەوداوێنی گەشەپێدانی چەکی ناوکی بوون. سەرکردەی دوو وڵات لە دوای شەڕی سارددا سیاسەتی وێکهەڵکردنیان رەچاو کرد و هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت باڵانسی هێزی بە قازانجی ئەمریکا گۆڕی. شایانی باسە کە رۆڵی ئەمریکا وەک یەکەم زلهێزی دوای کۆتایی شەڕی سارد و روسیە وەک زلهێزی دیاری سەر گۆڕەپانەکە هێشتا بەرچاوە و درێژەی هەیە.

لە چەند ساڵی رابردوودا ئاڵوگۆڕی زۆر لە ناوچە و جیهان‌دا روویان داوە، کە بەشێکیان پێوەندیان بە پێوەندیی نێوان دوو زلهێزی ئاماژەپێکراوە. روسیە لە دوای بەخۆوە لکاندنی دورگەی کریمە و هەروەها درێژبوونەوەی قەیرانی سوریە لەگەڵ سیاسەتی رۆژئاوا و بە تایبەت وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا کەوتۆتە دۆخی نەخوازراو. ئەوان وەک ساڵانی رابردوو لەسەر پرسە ناوچەیی و جیهانی‌یەکان هاوڕا نین و بەرژەوەندییەکانیان کەوتۆتە راست و چەپی یەکتر. روسیە لەو ماوەیەدا سیاسەتی گۆڕیوە و توندوتۆڵتر لەگەڵ بەرەی رۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ئەمریکا لێرە و لەوێ هەڵسوکەوت دەکا. بەرەی رۆژئاوا بۆ پاشەکشەکردن بە روسیە و بە تایبەت پوتین ئابڵوقەی ئابووری خستۆتە سەر روسیە. بە مەبەستی خاوبوونەوەی گرژییەکان و دوورکەوتنەوە لە قەیرانی گەورەتر هەردووک بەرە دانیان بە خۆدا گرتوە و سیاسەتی چاوەڕوانیان رەچاو کردوە. لەسەر ئەو بناخەیە، پرسی پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و روسیە یەکێک لە بابەتە گرینگەکانی سەردەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ٢٠١٦ی ئەمریکا بوون. دۆناڵد ترامپ وەک سەرکۆماری هەڵبژێردراو، لە بەشێک لە دروشمەکانی هەڵبژاردن‌دا هەڵوێستێکی نەرمی بەرامبەر بە روسیە دەربڕی و رەخنەی لە سیاسەتی سەرکۆماری ئەمریکا دەگرت. ناوبراو لە گەرمەی کێبەرکێکانی هەڵبژاردن‌دا شێوازی ئیدارەکردنی پوتینی بە گونجاو و تەنانەت باشتر لە ئۆباما پێناسە کرد.

داڕێژەرانی سیاسەت و بڕیار لە مۆسکۆ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکادا لاگیری ترامپ بوون. دۆناڵد ترامپ لە رێڕەوی هەڵبژاردن‌دا تێکۆشا کە پاڵەپەستۆی سیخوڕیی روسیە لەسەر هیلاری کلینتۆن زیاتر بێ و ناوبراو لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن‌دا زۆرترین سوودی لێوەرگرێ. ئەو کولتورە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا دەگمەنە و کەمتر بینراوە زلهێزێکی دژبەری وەک روسیە بەو رێژەیە کار لەسەر کەیسی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بکا. بێجگە لەوە، پرسی بەرژەوەندییە بازرگانی و ماددییەکانی ترامپ ئەگەرێکی شاراوەی دیکەیە، کە رەنگە لە خاکی روسیەدا بنج و بناوانی هەبێ و بە شێوازێکی شاراوە لەسەر روانگەی ترامپ و پوتین بەرامبەر بە یەکتر شوێندانەر بێ. گفت و لفتی نەرمی ترامپ بەرامبەر بە پوتین لە روانگەی جیاواز لێکدراوەتەوە و لە تولەرێی سیاسەت‌دا بە گومانەوە پێشوازی ئەرینی لێکراوە. دەسەڵاتدارانی روسیە بە سەرکەوتنی ترامپ شاد بوون و دوومای روسیە(مەجلیس) بە چەپڵە پێشوازی لەو سەرکەوتنەی ناوبراو کرد. سەرکەوتنی هیلاری کلینتۆن بۆ روسیە درێژەی بە سیاسەتی ساردوسڕی نێوان دوو وڵات دەدا و بەرپرسانی روسیە خوازیاری بردنەوەی ترامپ بوون. پوتین لە ریزی یەکەمی ئەو کەسانەدا بوو کە پیرۆزبایی لە دۆناڵد ترامپ کرد و رایگەیاند کە خوازیاری ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی دوو وڵاتە. لەو پێوەندییەدا پوتین و ترامپ، پاش راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئەمریکا، لەسەر رێزگرتنی بەرامبەر، دەستوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆ و هەروەها هاوکاری بۆ سەرکەوتن بە سەر تیرۆریزم‌دا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لە جیهانی سیاسەت‌دا ساویلکەبوون گوناهێکی نەبەخشراوە، بۆیە ئەمریکایی و روسەکان هێشتا بە پارێزەوە باس لە داهاتووی رووداوەکان دەکەن. بەشێکی زۆر لە بەڵێنیەکانی ترامپ بۆ روسیە پڕ بوون لە بۆنی رۆژانی خۆش و بە خەونی شیرینی روسیە لە سەدەی ٢١دا پێناسە دەکرێن. ترامپ لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن‌دا باسی دوورکەوتنەوە لە دەرکەوتنی زیاتری بە روسیە بەخشی. بە سەرکەوتنی ئۆباما پێوەندییەکان سەرەتا ئاسایی و دواتر لە ئاکامی جیاوازیی سیاسەتی نێوان ئەمریکا و روسیە کەوتنە قۆناخی چەقین و کۆنەقین. کەیسی ئۆکڕاین و پەلهاویشتنی رۆژئاوا لە کاناڵی ناتۆ و یەکێتی ئوروپا بۆ جەرگەی هێڵی ئاسایشی روسیە، سەرکردایەتیی روسیەی تەنگەتاو کرد. روسیە بۆ رزگاربوون لەو قەیرانانە و کێشانی هێڵی سوور لە بەردەم ئەمریکا و ئوروپا و ناتۆدا، دەستەوداوێنی سیاسەتی هێز و بەکارهێنانی هێزی نیزامی و هەڕەشی تۆڵەسەندنەوە بوو. ئەو وڵاتە لە پرسی لکاندنی نیمچە دورگەی کریمەی ئوکڕاین‌دا، لە سیاسەتی هێز کەڵکی وەرگرت و لە رەوتی قەیرانی سوریەدا دژ بە سیاسەتی رۆژئاوا و ئەمریکا وەستایەوە. لە مەڕ پاراستنی دەسەڵاتدارانی سوریە و دوارۆژی ئەو وڵاتە سیاسەتی روسەکان وەبیرهێنەرەوەی قۆناخی شەڕی ساردە و ئامادە نین بە ئاسانی دەستبەرداری بەرژەوەندییەکانیان بن.

ئاڵوگۆڕ لە پۆستی سەرۆکایەتیی وڵاتە زلهێزەکان و گۆڕانی روخسارەکان لە کۆشکی سپیی یان کرێملین سەرەتاییەکی گونجاو بۆ داڕشتنی تاکتیک و شێوازی سیاسەتی ئەو زلهێزانە دەخولقێنێ. لە سەردەمی پشتێنەی سووری روسیە، دوورکەوتنەوەی ئەمریکا لە دابینکردنی ئاسایشی خۆڕایی بۆ وڵاتانی ئوروپا و وەرچەرخان لە سیاسەتی دەرەوەی کۆشکی سپی دەکرد. روسیە لە ژێر سێبەری ئەو دروشمانەدا ئارەزوو دەکا، کە بەشێک لە پێگەی دۆڕاوی سەردەمی سۆڤییەت قەرەبوو بکاتەوە. شایانی باسە کە بەشێک لە دروشم و سیاسەتی هەڵبژاردنی ترامپ تەنانەت بەرامبەر بە روسیە ناتەبا و دژبەر بوون، کە کەمتر تیشکیان خراوەتە سەر. ناوبراو باسی لە گەڕاندنەوەی مەزنایەتیی وڵات و بەهێزکردنی هێزە چەکدارەکان و پەرەپێدانی سیستم و بەرنامەی بەرگریی موشەکی دەکرد، کە بۆ روسیە هەڵگری قۆناخێکی تازە لە شەڕی بەرژەوەندیی زلهێزەکان بە ئەژمار دێت. گەڕانەوەی مەزنایەتی بۆ ئەمریکا و مانەوەی ئەو وڵاتە وەک سەرتۆپی زلهێزەکان نرخی خۆی دەوێ و لە رێگای کێبەرکێی هەمەجۆر لەگەڵ زلهێزە جیهانی‌یەکان و یەک لەوان روسیەدا دەستەبەر دەبێ.

پوتین ماوەیەکی بەردرێژەی لە لوتکەی دەسەڵاتی روسیەدا جێگیرە و خەریکە ناسناوی «رێویە زۆرزانەکە» وەردەگرێ. ناوبراو لەو پۆستەدا، لەگەڵ چەند سەرکۆماری ئەمریکادا تامی سیاسەت و دیپلۆماسی کردوە. ئەو لە سەرەتادا، روخساری زۆر دەرنەدەخست و لە مەیدانی سیاسەتی نێونەتەوەیی‌دا هێشتا تازەکار و بێ ئەزموون بوو. پاش تەواوبوونی سەردەمی کلینتۆن و دەستپێکی سەرکۆماریی جۆرج بوش، روسیە و ئەمریکا کەم و زۆر پێوەندییەکانیان متمانەپێکراو و ئاسایی بوون. پوتین لەو قۆناخەدا تێکۆشا، کە متمانەی ئەمریکا لە مەڕ شەڕ دژی تیرۆریزم دەستەبەر بکا، هەرچەندە روسیە نەیاری شەڕی دژ بە عێراق و دواتر پەلاماری هاوپەیمانان بۆ سەر لیبی بوو. دەرگیربوونی ئەمریکا لە زۆر قەیرانی ناوچە و جیهان و کەڵەکەبوونی رەخنەی زۆر لە نێوخۆ و دەرەوە دژ بە سیاسەتمەدارانی کۆشکی سپی، دەرفەتی ئەمڕۆدا رەنگە ساویلکەیی بێ، ئەگەر کەسێک چاوەڕوانی چارەسەربوونی کۆی کێشەکانی نێوان روسیە و ئەمریکا بێ. لە هەردووک بەرەدا هەوڵەکان لەسەر ئەوە چڕبوونەوە کە دەلاقەی دیالۆگ بەسەر یەکتردا دانەخرێن. بە واتایەکی دیکە، دیالۆگی نێوان سەرکردایەتیی ئەو دوو وڵاتە لە جووڵە نەکەوێ و دوو لایەن خوازیاری چارەسەر بن نەک قورمیشکردنی گرژییەکان و قووڵترکردنەوەی جیاوازییەکان. تێڕوانین لە مێژووی پێوەندییەکانی دوو وڵات و سروشتی رەقەبەرایەتی نێوانیان لە دوای کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی، هاوکێشەی پێوەندی نێوان پوتین و ترامپ ئاڵۆزتر دەکا. روسیە و رۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا لە بناخەدا کێشەیان هەیە و بە ئاسانی چارەسەر ناکرێن. بێجگە لەوە، ستایلی ئیدارەکردنی روسیە و ئەمریکا لەگەڵ یەکتردا جیاوازی قووڵیان هەیە. بە مانایەکی ساکار، کۆشکی سپیی و کرێملین بە دوو کولتووری جیاواز بەڕێوەدەچن. لە ئاکام‌دا ئەوەی پوتین لە روسیە دەتوانێ لە قاوغی سیاسەت‌دا راهێنانی لەسەر بکات، ترامپ ناتوانێ لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا دووپاتی کاتەوە.

دۆناڵد ترامپ گیرۆدەی درێژەدان بە سیاسەتی دیموکراتەکان نییە و ئاسانتر لە ئۆباما دەتوانێ لەگەڵ پوتین تاوتوێی قەیران و کێشەکان بکا. ترامپ دەتوانێ ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە و بە کردەوە لەگەڵ پوتین بۆ چارەسەرکردنی پرسەکان هاوکار بێ، بەڵام ئەو رێگایە پڕە لە کەندوکۆسپ. لە بەرەی ئەمریکا و رۆژئاوادا جۆرە نیگەرانیەک لە سەرکۆماری ئەمریکا بەرچاو دەکەوێ، کە رەنگە ترامپ زیاد لە پێویست لە مسکۆ نیزیک بێتەوە. لە بەرامبەردا لە نێو رووسەکان‌دا جۆرە نیگەرانیەک هەیە، کە ترامپ بە کردەوە نەتوانێ بە گوێرەی دروشمەکانی هەڵسوکەوت بکا و سیاسەتێکی ئارام و تەبا بەرامبەر بە روسیە بگرێتە بەر. چاوەڕوانی‌یەکانی روسیە و ئەمریکا لە یەکتر لە گۆڕەپانی کردەوەدا تاقی کراونەوە و دوو لایەن بە تەواوەتی شارەزای ستراتیژی و تاکتیکی یەکترن. ئەوەی زیاتر لەو نێوەدا جێگای باس و دیالۆگە، چۆنیەتی تێڕوانینی سەرکردەکانی کۆشکی سپی و کرێملین لە یەکترە. لە پێوەندی لەگەڵ ترامپ چاوەڕوانی‌یەکان زیاترن و رەنگە بەشێکی زۆریان لەسەر بناخەی هەست هەڵچنرابن. شایانی باسە کە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە سەرکۆماریی ئەمریکا لەگەڵ ساڵانی رابردوو جیاوازن و سەرکەوتنی ترامپ بە سەر کلینتۆن‌دا بە کاڵایەکی تایبەت لە کێڵگەی سیاسەتی ئەو وڵاتەدا پێناسە دەکرێ.

بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی روسیە خوازیارن کە لە لایەن کۆشکی سپی وەک زلهێزێکی هاوتا و خاوەن رێز وەرگیرێن و لە بەستێنێکی هاوتەرازدا تاوتوێی قەیران و کێشەکان بکەن. مۆسکۆ لە پاش لێکهەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ دەرفەتی سەرڕاستکردنەوە دەگەڕێ و خوازیارە لە هاوکێشەکان‌دا وەک زلهێزێکی کاریگەر رێزی لێ‌بگیرێ. رۆژئاواییەکان و یەکێتی ئوروپا لە مەڕ پەرەسەندنی هەستی مەزنخوازیی روسیە لە ژێر رێبەرایەتیی پوتین‌دا نیگەرانن و وتە و تێڕوانینەکانی ترامپ لەسەر روسیە و هەروەها یەکیتی ئوروپا دۆخێکی ناڕوونی بۆ خوڵقاندون. سیاسەتی چەند ساڵەی کرێملین لە کەرتی ئوروپا و هەروەها رۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەرئێشە و قەیرانی بۆ ئەمریکا و یەکیتی ئوروپا داتاشیوە. دەسەڵاتدارانی مسکۆ بۆ پاراستنی جۆغرافیا و پێگەی خۆیان وەک زلهێزێک ئامادە نین بە ئاسانی پشتێنەی ئاسایشی خۆیان خەوشدار بکەن و گوێڕایەڵی رۆژئاوا بن. ئەمریکا لە ساڵانی رابردوودا بە چاوی زلهێزە کۆنەکە چاوی لە روسیە نەکردوە و بە کردەوە لە زۆر بابەت‌دا روسیەیان پەراوێز خستوە. روسەکان لە بەهێزتربوونی ناتۆ تووڕە و ناڕازی بوون و گومانیان لە سیاسەتی ئەمریکا و یەکێتی ئوروپا لە تۆقدانی پشتێنەی ئاسایشی روسیە هەبوە.

بەڕێوەبەرانی روسیە، لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردوودا بۆ یەکەمجارە، کە بە زمانی هەڕەشە و بە زمانی سەردەمی شەڕی سارد لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتی ئوروپادا دەدوێن، کە رەنگە دەرئەنجامی سیاسەتی هەڵەی رۆژئاوا لە ناوچە و جیهان‌دا بێ. جێگای ئاماژەپێکردنە، کە ئابووری روسیە لە ژێر پاڵەپەستۆی ئابڵوقەی رۆژئاوا، دابەزینی نرخی نەوت و دراوەکەی‌دا سەری لە کزی داوە. داڕێژەرانی سیاسەت لە کرێملین بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە ناچارن لەگەڵ بەرەی رۆژئاوا بگەنە رێککەوتن. ئەگەر پوتین لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨دا خۆی بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرکۆمار ئامادە بکا، ناچارە زمانی دەربڕین و هەڵوێستەکانی بگۆڕێ. پێوەندییەکانی ئەمریکا و روسیە لەسەر پرسی ئۆکڕاین، سوریە و هتد. لە مەحەک دەدرێن و هیچکام لەو دوو زلهێزە ناتوانن ئەو پرسانە بە تەواوەتی پەراوێز بخەن. پرسی پێوەندیی نێوان ئەمریکا و روسیە لە کۆی کایەی سیاسەت لە جیهان و بە تایبەت لە ئوروپا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدەر نییە. بارودۆخی یەکێتی ئوروپا و ناتۆ و داهاتووی ئابووری و ئاسایشی وڵاتانی ئەو ناوچەیە لەسەر ستایلی پێوەندییەکانی روسیە و ئەمریکا کاریگەرن. بێجگە لەوە، رەوتی رووداوە ناوچەیی و جیهانی‌یەکان لەسەر پێوەندیی نێوان زلهێزەکان و بە تایبەت ئەمریکا و روسیە شوێندانەر دەبن.

بەشێکی زۆر لە چاوەدێران بە پارێزەوە باس لە چۆنیەتی پێوەندیی نێوان ئەمریکا و روسیە لە ژێر رێبەرایەتیی پوتین و ترامپ‌دا دەکەن. بە باوەڕی بەشێک لە شارەزایان مانگی هەنگوینی ترامپ و پوتین بەرگەی کێبەرکێی دوو زلهێز ناگرێ، چونکە سەرکۆماری هەڵبژێردراو لە ئەمریکا ناتوانێ گەمە بە چارەنووسی وڵات بکا. بە واتایەکی دیکە، سیاسەتی ترامپ بەرامبەر بە روسیە ناتوانن رێڕەوی مێژووی پێوەندییەکانی دوو وڵات لەبیر بکا و پشت لە بایەخە نەتەوەییەکانی ئەمریکا بکات. پێوەندیی نێوان دوو زلهێزی ئاماژەپێکراو گەلێک بابەت و ناوچە دەگرێتەوە و هەڵگری هەردووک توخمی سازان و ترازانن. دۆناڵد و ولادیمیر دەتوانن لە چوارچێوەی پێوەندییەکی کراوە و دیپلۆماسی‌یەکی هاوسەنگ‌دا پێوەندییەکانیان بە گوێرەی توانا ئاسایی بکەنەوە. لە سەریەک پێوەندیی نێوان روسیە و ئەمریکا تەنیا بە هەست کارا ناکرێ و پێویستی بە فاکتەری زۆرترە، کە سازکردنەوەی متمانە یەکێک لەوانە. روسیە خوازیارە لە گەڵ ئەمریکادا بگەنە رێککەوتنێکی تازە، کە بە جۆرێک لەگەڵ وێنەکانی سیاسەتی سەردەمی دوو جەمسەری یەک بخوێننەوە. روسیە چەند ساڵێکە خەون بەو رۆژانەوە دەبینێ و سیاسەتکارەکانی ئەو وڵاتە بە چڕی تێکۆشاون، کە قەیرانی سوریە، ئوکڕاین، دەرچوونی بریتانیا لە یەکیتی ئوروپا و هەروەها هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بکەنە فاکتەری دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان. پوتین خوازیارە، گەورەتر لە جاران لەگەڵ زلهێزێکی وەک ئەمریکا دانوستان بکا و لەسەر دابەشکردنی رۆڵ و پێگەی خۆیان و ئەمریکا بگەنە رێککەوتن.



«دۆناڵد ترامپ گیرۆدەی درێژەدان بە سیاسەتی دیموکراتەکان نییە و ئاسانتر لە ئۆباما دەتوانێ لەگەڵ پوتین تاوتوێی قەیران و کێشەکان بکا. ترامپ دەتوانێ ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە و بە کردەوە لەگەڵ پوتین بۆ چارەسەرکردنی پرسەکان هاوکار بێ، بەڵام ئەو رێگایە پڕە لە کەندوکۆسپ»

# هەنگاونان بەرەو قۆناغێکی نوێ لە خەباتی مەدەنی



سمایل شەرەفی

خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستا توانیویەتی چەند قۆناغێک ئەزموون بکا. کە باس لە «ئەزموون» دەکەین، ڕاست بەو مانایە دێت کە نامانهەوێ بڵێین ئەم چەند قۆناغە «تێپەڕ» کراوە. چونکی نە شەرایەتی «زەینی» و نە شەرایەتی «عەینی» لە ژینگەیەکی وەک کوردستانی ژێر دەسەڵاتی سەرکوت‌دا، نەیتوانیوە بۆ جۆری «خەباتی مەدەنی» فەراهەم بێت. بە مانایەکی دیکە ناکرێ لە وەها لێکدانەوەیەکدا بۆ جۆرێک لە خەبات کە بێ‌گومان شاخس و نیشانەی ئیستانداری تایبەت بە خۆی هەیە، قسە لە قۆناغبەندییەکی پێناسەکراو بکرێ. هەر بۆیە زیاتر هەوڵ دەدەین باس لە قۆناغە ئەزموونکراوەکان و، بە ڕاوەستان لە سەر ئەو ئەزموونانە قسە لە «ئەزموونکردن»ی قۆناغێکی نوێ بکرێ.

پێش لەوەی باس لە قۆناغە ئەزموونکراوەکان بکەین، پێویستە ئەو ڕاستی‌یەمان لە بیر نەچێت کە خەباتی نەتەوایەتی کورد- بە تایبەت لە نزیک بە هەشت دەیەی رابروودا- لەسەر بنەمای فەلسەفەی «مەدەنییەت» دامەزراوە و بەردەوام پەیامی ئاشتیخوازی و چارەسەری مەدەنی بانگەواز کردوە و لەم پێناوەیش‌دا قوربانی و هەزینەی قورس و گرانیشی داوە.

«دەسپێک و نامۆبوون» لەوانەیە باشترین تەعبیر بێت بۆ ئەزموونێکی تاڵی سەرەتایی. لە نێو دووبەرداشی؛ سەردەمێکی بێ‌دەرەتانی پڕ لە سەرکوت و داپڵۆسینی دەیەی ٧٠ هەتاوی‌دا لە لایەک و، لە لایەکی دیکەیشەوە دابڕان لە گۆڕانە کۆمەڵایەتی‌یەکان و زاڵبوونی ڕوانینی گوماندا، کۆمەڵە کەسێکی نەزۆر بەرچاو، لە شوێن و ناوەندی جۆراوجۆری زانستی(زانکۆکان)، ئەدەبی فەرهەنگی(ئەنجوومەنە ئەدەبی‌یەکان) پێیان وایە،[ دەکرێ] بەجۆرێکی دیکەیش چالاکی بکرێ. هەرچەند ئەم جوولە و هەنگاوانە هەم لە لایەن دەسەڵاتەوە خوێندنەوەی ئەمنییەتی بۆ دەکرا و بەلای خەڵکیشەوە نامۆ بوو و، هەم لە لایەن ڕێبەرایەتیی بزووتنەوە گشتی‌یەکە(هێزە سیاسییەکان)ەوە جێی لێ‌تێنەگەیشتن و «گومان» بوو، بەڵام دیسانیش توانی – هەرچەند بە ترسەوە- هەنگاوە سەرەتاییەکانی خۆی ئەزموون بکا.

ئەم هەنگاوە سەرەتاییانە لە کۆتایی‌یەکانی دەیەی ٧٠ و سەرەتاکانی دەیەی ٨٠ دا، لە ئاستێکی بەربەرینتردا (لە سەر ئاستی ئێران)، توانی قۆناغی گەشەسەندن لە زانکۆکان و ناوەندە فەرهەنگی‌یەکان و، هاوکات لەگەڵ ناوەناوە پاشەکشە و سەرکوت، دیسان «بەرەوپێشچوون» ئەزموون بکا. لەم قۆناغەدا چالاکانی خوێندکاری، فەرهەنگی، ئەدەبی، ژینگەپارێزی و... دیسان هاوکات لەگەڵ ئازایەتی نواندن بەرانبەر بە بەربەست و سەرکوتکاری‌یەکانی دەسەڵات، توانیان لەگەڵ خۆسەلماندنیان بە خەڵک، سەرنجی هێزە سیاسی‌یەکانی دەرەوەی وڵاتیش بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای خوێندنەوەیەکی واقعبینانە لە گۆڕانە کۆمەڵایەتی‌یەکانی نێوخۆی وڵات و بە وەدەسهێنانی دەرکێکی دروست لە جموجۆڵ و تێکۆشانی چالاکانی نێوخۆ وڵات و، هەروەها چۆنیەتی بەکارهێنانی هەموو ئەو هێز و وزە و پتاسیێلانەی نێوخۆی وڵات، بە مەبەستی ڕووبەڕووکرنەوەیان بەرانبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕاشکاوانە پشتیوانی خۆی لە جموجۆڵ و تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات ڕاگەیاند.

پشتیوانیی حیزبێکی خاوەن پێگەی جەماوەری، وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ چالاکانی نێوخۆی وڵات و بەگشتی کۆمەڵگەی مەدەنی، قۆناغێکی دیکەی پڕ لە دەسکەوت و پشتیوانی بوو بە خەباتی مەدەنی و خەباتکارانی نێوخۆی وڵات. چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم پشتیوانی‌کردنەی حیزبی دێموکرات، توانیان پێگەیەکی بەرز لە ئەرزش و بایەخ، بۆ خۆیان لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان‌دا دەستەبەر بکەن. پشتیوانی‌کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژێر ناوی پرۆژەی «ڕۆژهەڵات‌مێحوەری»دا توانی خەڵک لە بێ‌تەفاوەتی دەربهێنێ و هانیان بدا کە لە دەرفەتەکان بە قازانجی هێنانە ئارای ویست و داخوازییەکانی خۆیان کەڵک وەربگرن. کە لە کۆتایی‌دا وەک لە چەند ساڵی رابردوودا دیتمان ئەم قۆناغەیش بە کۆمەڵێک دەسکەوتی جێی بایەخ؛ (کۆتایی هێنان بە کەمتەرخەمی و پەرەسەندنی بەرچاوی چالاکی‌یە مەدەنی‌یەکان) ئەزموون کرا. بەڵام هەر وەک سەرەتا باسمان کرد، «ئەزموونکردن»ی ئەم قۆناغانە ناکرێ بە مانای «تێپەڕاندن»ی قۆناغەکان کە پێمان وابێ بە کۆتایی و ئاکامی یەکجارەکی گەیشتبێ، لێک بدرێتەوە! بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین، بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕە خێراکانی سەردەم و گەشەسەندنی سەنعەتی پێوەندییەکان و لە هامانکات‌دا بەردەوامیی دەسەڵاتی سەرکوت و نامۆ لە گەڵ ئەقڵی سەردەم، خەسڵەتێکی تایبەتی بە «قۆناغبەندییەکان»ی خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشیوە کە دەکرێ ناوی «قۆناغە نیوەچڵەکان»ی لێ بندرێ.

هەر لە بنەمای ئەم تێگەیشتنە لە خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و «قۆناغە نیوەچڵەکان»ی دەکرێ ئیدیعای ئەوە بکەین کە درێژەکێشانی خولانەوە لە نێو ئەم قۆناغە تایبەتیانەیش‌دا کە لە شەرایەتی ئێستادا بە سەنجدان بە ماهییەتی سەختی دەسەڵات، هیوایەک بۆ بە ئاکامگەیشتنیان بەدی ناکرێ، بە زیانی خودی خەباتەکەیە. هەر بۆیە هاوکات لەگەڵ هەوڵدان بۆ تەکمیل کردنی «قۆناغە نیوەچڵەکان»، پێویستە تەنیا بە پشت‌بەستن بە «ئازایەتیی چالاکانی مەدەنی»، کۆمەڵگەی مەدەنی هەنگاوی دیکە هەڵێنێتەوە.

ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک وەک پشتیوانەی هەرە ئەساسی و، لە کۆتایی‌دا بە «جەماوەری» کردنی خەباتی مەدەنی ئەو هەنگاوە پێویستەیە کە دەتوانێ پێناسەی «کۆمەڵگەی مەدەنی» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گشتگیرتر و بەهێزتر بکا.

ڕاستە کە ئێستا جوولە و خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چیدیکە «مەحفلی» نیە، بەڵام ناکرێ ئیدیعای ئەوەیش بکەین کە «جەماوەری»یە. بەرچاوتربوونی جموجۆڵی مەدەنی لە شارێک یان چەند شارێکی وەک مەریوان، ناکرێ وا لێک بدرێتەوە کە ئەم جۆرە لە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناغی جەماوەری دایە.

گشتگیر کردنی خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بێگومان کارێکی دژوار و خاوەن هەزینەیە، تەنیا بە چالاکانی مەدەنی ناگاتە ئاکام. بەڵکوو دەبێ و پێویستە کە باڵەکەی دیکەی خەبات کە هەمان هێزە سیاسی‌یەکانی دەرەوەی وڵاتن کە بزووتنەوە سیاسی _ نەتەوەییەکە ڕێبەری دەکەن، لەم پێوەندییەدا هاوکار و هاندەر بن. ئەوان دەتوانن بەشیک لە میدیاکانیان بکەنە تریبوونی چالاکانی نێوخۆ و هاوکات لە گوتار و هەڵوێستیش‌دا پشتیوانییان بن.

تێنەگەیشتن لە بە «جەماوەری» کردنی خەبات و هەوڵنەدان بۆ «لەگەڵداخستن»ی کۆمەڵانی خەڵک تا ئێستایشی لەگەڵدا بێ، کەمایەسایەکی هەرە ئەساسی و سەرەکیی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بووە. لە پرسی کۆمەڵگەی مەدەنی و خەباتی مەدەنی دا پێویستە ئەم کەماسییە قەرەبوو بکرێتەوە. کۆتایی هێنان، یان کەمکردنەوەی ئەم کەمایەسییە دەتوانێ بزووتنەوەی نەتەوەیی و مافخوازانەی کوردستان چەندین هەنگاو لە ئامانجەکانی نزیک بکاتەوە.




„ ڕاستە کە ئێستا جوولە و خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چیدیکە «مەحفلی» نیە، بەڵام ناکرێ ئیدیعای ئەوەیش بکەین کە «جەماوەری»یە. بەرچاوتربوونی جموجۆڵی مەدەنی لە شارێک یان چەند شارێکی وەک مەریوان، ناکرێ وا لێک بدرێتەوە کە ئەم جۆرە لە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناغی جەماوەری دایە „

## ئیسلامی سیاسی
### [و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]

# ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و ڕێکخراوە گرینگەکانی لە ئێران‌دا(بەشی دوازدەیەم)



حەسەن حاتەمی

**دوکتور عەلیی شەریعەتی ٥**

ئەگەر ئەو بۆچوونەی موهەندیس بازرگان کە- شەریعەتی یەکێک لە ڕێبەرانی شۆڕشی ئیسلامی بوو و بەرهەمە نووسراو و قسەکانیشی - کە نزیکەی ١٠ ساڵ لە حوسێنییەی ئێرشاد و زانستگاکان و شوێنی قسەکردن و کۆبوونەوەکانی کە شوێندانەری گرینگیان لە کۆمەڵگەی ئێران‌دا، هەبوو-، و قسەکانی ئاغای بنی سەدر بۆ ئینقلاب لە ئیسلام‌دا، بە دیوی فەزای وێژمانی ئازادی و هاوڕایی لەگەڵ شەریعەتی بۆ «ئیسلامیکی دیکەی ناسوننەتی(غیرە سنتی)» بکەین بە پێوانە، - کە هەردووکیان ماوەیەک لە کارەبەدەستانی هەرەسەرووی دەسەڵاتی نوێی ئیسلامی سیاسیی شیعە بوون؛ بازرگان سەرۆک‌وەزیری کاتیی ٩ مانگ و بنی‌سەدر یەکەمین سەرکۆماری هەڵبژێراوی مێژووی کۆماری ئیسلامی لە ئێران‌دا، کە لە لایەن ڕوحانی‌یەکان و بەتایبەتی ئایەتوڵڵا خومەینی ئیزنی کێبەرکێی هەڵبژاردن و گەیشتن بەو پلەیەی پێدرا بوو و- پتر لەساڵێک تەحەموول کرا-، ئەو پرسیارە دەتوانێ دروست بێ کە بۆچی ویلایەتی فەقیە- کە بەشێک لە ڕەخنە گرانی شەریعەتی لە گوتار و بۆچوونی «ئۆمەت و ئیمامەت» کەی‌دا، دەیبیننەوە، لە مەجلیسی خیبرەگانی یاسای بنەڕەتی‌دا، پەسند کرا کە هەردووکیان تێیدا ئەندام بوون و نەیانتوانی پێشی بگرن، هەرچەند موافیقی نەبوون.

لێرە دایە کە دەتوانین ئەو بۆچوونەی ئاغای «آرامش دوستدار»، سەبارەت بە کۆمەڵگەی ئێران بە هێند بگرین کە دەڵێ: فەرهەنگی ئێرانی دین‌ڕەفتارە کە لەودا، لێکۆڵینەوە و گەڕانی فیکری و پرسیار و بیری ڕەخنەیی قبووڵ ناکا. ئەوەی ئیبنی موقەفەع ١٢٠٠ ساڵ لەوەپێش بۆچوونەکانی ڕێبەرانی دینی بە ناسالم و دژی بیری ئازاد مانا دەکردەوە و هەوڵی ڕوون کردنەوەی دەدا، و فیردەوسی کە ١٠٠٠ ساڵ پێشتر پێی وابوو بە هێرشی عەربەکان بۆ ئێران ، بەڵایەکیان بەسەر ئەو مەملەکەتەدا، هێناوە کە قەرەبوو ناکرێتەوە، چونکە نیژادەکەی خراپ کردوە و پێناسەکەی لێ ئەستێندراوە. «ڕازی تەبیب» لەوەی کە خەڵکەکان ئاقل و تێگەیشتوون بەڵام پێغەمبەریان بۆ دیاری کراوە و هەر پێغەمبەری بۆچوونەکەی خۆی بەشەڕ و کێشە داسەپاندوە و شەڕ لە کۆمەڵگەکان دەسەڵاتیان دیاری کردوە، بە زوڵمێکی گەورەی دەزانێ و دەڵێ لاچوونی زۆر زەحمەتە. بە قسەی «ناسر خوسرەو» کوشتنی کافرەکان لە زەمانی پێغەمبەری ئیسلام‌دا، کە نەدەبوون بە موسڵمان و، بۆچوونی «مەولەوی» کە، عیرفان، عیشق و خۆشەویستی زەمانێک ڕەنگ دەداتەوە کە لەسەر عەرزی واقیع بە پێی کات و جێگا و ئازادانە، ئیزنی بوون و گەشەی پێ بدرێ، ئەوکات دەتوانێ کرانەوە لە کۆمەڵگەدا، پێک بێنێ. بەڵام بەگشتی چونکە فەرهەنگی ڕەخنەییمان کەم بووە و «ڕێبازی دینی» یا «دین خو»یی پتر تان‌وپۆی کۆمەڵگەکەمانی تەنیوە و بە ئامرازگەلێکی بەهێز داسەپێندراوە؛ فیداکاری و لە خۆبردویی کەسانی هەوڵکەوتەی زۆری دەوێن، کە هەوڵی ئاڵوگۆڕی بۆ بدەن.

- برنامەی میزبان، گفتگوی رازی، ابن مقفع، در میهمانی آرامش دوستدار، ٢١ آبان ١٣٩٥، رادیو فردا-

لە لایەکی دیکە ڕەخنەگرەکانی عەلیی شەریعەتی، وەک: دوکتور عەباسی میلانی- لە ڕوانگەی دژایەتیی شەریعەتی لەگەڵ مودێڕنیزم و هەڵسوکەوتی لەگەڵ ڕۆژئاوادا-، و لە باسەکانی دوکتور سەید حوسێنی نەسر- ئیسلامناسی نزیک لە دەرباری پەهلەوی دوویەم‌دا، کە ئێستا لە زانستگاکانی ئەمریکا بە پلەی پڕۆفیسۆڕی وانەی ئیسلام‌ناسی دەڵێتەوە-، خوێندنەوەی دیکەی بۆ دەکرێ و شەریعەتی بە تاوانبار لە قەڵەم دەدرێ. ئاغای نەسر دەڵێ: شەوێکی عاشووڕا بوو لە کۆبوونەوەیەک لە حوسێنییەی ئێرشاددا، لەگەڵ مورتەزا موتەهەری و دوکتور ئیسماعیل یزدی- برای دوکتور ئیبراهیم یزدی و سەرۆکی زانستگای ددان‌پزشکی تاران-، گوێمان لە قسەکانی شەریعەتی گرتبوو. ساڵۆنەکە لە حەشیمەت جمەی دەهات و پڕ پڕ بوو. شەریعەتی لەسەرەوە [پشت تریبون]، قسەی دەکرد. ئەو وتی: ئیمام حوسێن چێگوارای سەردەمی خۆی بوو و چێگورا ئێستا حوسێنی زەمانەیە!؟ لەگەڵ مەرحوومی موتەهەری کۆبوونەوەکەمان بەجێ هێشت و ڕوومان لە حوسێنییەی ئێرشاد نەکردەوە. زۆری پێ نەچوو کە ئەو شوێنەش داخرا.

- یوتیوب، علی شریعتی، محمد رضا شاه، ساواک، «سید حسین نصر- مانوک خدابخشیان»-

لەو گرتە ڤیدئۆییەدا، «مانوک» باس لە کوودتای ئەمریکایی بە دژی کوودتای ئینگلیسی لە گەلاوێژی ١٣٣٢(١٩٥٣)دا، دەکا. ئەو دەڵێ: ئینگلیسی‌یەکان گەرەکیان بوو ئیسلامی‌یەکان بو وێنە: ئایەتوڵڵا کاشانی یا تەنانەت فیداییانی ئیسلامی بە دەسەڵات بگەیەنن و ئەمریکاییەکان، کەسێکی وەک ژێنڕاڵ فەزوڵڵای زاهیدی‌یان – وەک کوودتاکانی ئەمریکای لاتین- لە لا گونجاوتر بوو. بەڵام ڕووپەڕکە بە جۆریکی دیکە و بەقازانجی شا هەڵدرایەوە.

هەروەها ڕەخنەکانی ئاغای ئەکبری گەنجی بەتایبەتی لە «ئوتۆپیایی لێنینیستی شەریعەتی»دا، وێڕای پەسندی ئاکاری بوێرانە و ئازایانەی شەریعەتی لە بەرانبەر ئیسلامی سوننەتی‌دا، «ویلایەتی موتڵەقەی فەقیە» و «دیکتاتۆڕی پرولتاریا»، لە یەک قامووس‌دا، دەخوێنێتەوە، کە شەریعەتیی لە باسی» ئۆمەت و ئیمامەت»دا، تیئۆریزەی کردوە. دیارە کتێبی «فاطمە، فاطمە است»ی شەریعەتیش ڕەخنە لەسەرە و ئەویش «ئاوی لە ئاشی» ئیسلامی سوننەتی، کردوە.

سارا شەریعەتی- کچی دوویەمی د. شەریعەتی کە وەک سوسەنی خوشکی پلەی دوکتوڕای هەیە- سەبارەت بە باوکی دەڵێ: ژیاننامەی خۆنووسی شەریعەتی دەتوانێ ناوی ئەدەبیاتی کوێرەوەری (محنت)ی لەسەر دابنێی؛ کە هەم ڕیشەی سیاسی و هەم دینی هەیە. لەبەر ئەوەی ئەو نەقشی ئیسلاح‌خوازێکی دینی هەبوو.

دوکتور ئیحسانی شەریعەتی- تاقە کوڕی دوکتور عەلیی شەریعەتی- یش وتوویەتی: نەقشی د. شەریعەتی لە کەڵک وەرگرتن لە زانستە مرۆڤایەتی‌یەکان(علوم انسانی)ی نوێ، بەتایبەتی مێژوو و کۆمەڵناسی، بۆ تێگەیشتنی زانستی و واقع بینانە و ئاڵوگۆڕخوازانە لە فەرهەنگیی میللی و دینی ئێران و ئیسلام تەجرەبەیەکی جێی تێڕامانە. باس و ناسین و ڕەخنە لە میراتی فیکری ئەو، بۆ بەردەوامی کاری زانستە مرۆڤایەتی‌یەکان لە ئێران‌دا، زۆر گرینگە.

- سمینار یک روزە، «شریعتی و آیندەی علوم انسانی، باز گرداندن شریعتی بە آکادمی»-

هەروەها، شوێندانەری شەریعەتی لە کۆمەڵگەی ئێران‌دا وایکردووە کە کوردێکی سوننی و تێکۆشەری شێلگیری ڕێی مافی نەتەوەیی و سەربەخۆیی‌خوازی وەک: مامۆستا هەژار(عەبدولڕەحمانی شەرفکەندی)ی نەمریش، چوار کتێبی دوکتور عەلیی شەریعەتی کردوە بە کوردی. خاڵی سیفری بێ برانەوە(یک جلوش تا صفر بی نهایت)، کە بە دەنگ لە یووتیووب‌دا، مەوجوودە. دایە، باوە، کێ خراوە(پدر، مادر، مقصر کیست)، ئەرێ برا، وا ڕابرا(آری اینچنین بود برادر)، عیرفان، بەرامبەری، ئازادی(عرفان ، برابری، آزادی).

بڵاو بوونەوەی کتێب و نووسراوە و وتەکانی دوکتور شەریعەتی بە ئەمرازی پێشکەوتووی ئەمرۆ، و قسە و لێکدانەوەکانی کە لەسەریان دەکرێن، دەتوانێ پێناسەیەک بێ لە: شەریعەتی- ئاڵۆگۆڕخوازی دینی دوێنێ و شوێندانەری لەسەر لایەنگرانی کە زۆربەیان بوون بە ئاڵوگۆڕخوازی دینیی ئەمڕۆ، چ لە نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و چ دەرەوەی دەسەڵات ئەودا. بۆ پێداچوونەوەی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە حکوومەتی ئیسلامی دوای نزیکەی ٤٠ ساڵ لە ئێران و شکستی پێگەی دین لە دەسەڵات‌دا، کە سبەینێ – لە کێبەرکێی دەسەڵاتی دین لە بەڕێوەبەری و ناتەبایی لەگەڵ مۆدێڕنیزم‌دا–دێتە ئاراوە، بەرهەمەکانی شەریعەتی دەتوانن باشترین سەرچاوە بن و ئەو لەو ڕەهەندەدا، هەوڵی بەرچاوی دا.

# تورکیە لە بەردەم دوو رێیاندا



رەزا محەممەدئەمینی

دۆخی تورکیە نەگەڕاوەتەوە پێش شێوەکوودتاکەی چند مانگی رابردوو و بەدڵنیاییشەوە هەتا ئەو رێڕەوەی ئەردۆغان گرتوویەتە پێش و ئەو وڵاتەی پێدادەبا، نەگۆڕێ، دوخی تورکیە ئاسایی نابێتەوە. ئیستاش راوەدوونان و گرتن و هێرش بۆ سەر نەیارانی دەوڵەتی پارتی داد و گەشەپێدانی ئەردۆغان بەردەوامە و رۆژ نیە چند چالاکوانیی سیاسی، بەتایبەت لە نەتەوەی کورد نەگیرێن و هێرش نەکرێتە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب و رێکخراوە کوردستانیی‌یەکانی ئەو وڵاتە.

هەر ئیستا تورکیە لەگەڵ چند کێشەی مەزن لە نێوخۆ و لە دەرەوە بەرەوڕوویە کە هەرکامیان کاریگەریان لەسەر داهاتووی ئەو وڵاتەدا هەیە. لەنێو خۆی تورکیەدا کۆنترین و قوول‌ترین کێشەی ئەو وڵاتە، واتە کێشەی نەتەوەی کورد، نەک هەر بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە، بگرە، ئەو چەند هەنگاوە سەرەتای‌یەش کە بە رواڵەت بۆ دابین کردنی بەشێکی هەرەکەمی ماف و داخوازی‌یەکانی ئەو بەشە لە نەتەوەکەمان هەڵێندرابوونەوە، پاشەکشەی لێکراوە و کورد گوتەنی ریسەکەیان کردەوە خوری.

تورکیە بەرەو کوێ دەروا؟ داهاتووی ئەو وڵاتە بە رواڵەت ئورووپایی و لائیکە چۆن دەبێ و پارتی داد و گەشەپێدان کە پارتێکی ئیسلامی‌یە چ خەون و خەیاڵێکیان بۆ تورکیە لەسەر دایە؟ ئەوانە و زۆر پرسیاری دیکە هەن کە وڵامەکەیان بەستراوەتەوە بە ئاراستە و رێڕەوی سیاسی ئەردۆغان و پارتەکەی.

> ❝ئاشکرایە ئاراستەی سیاسیی ئێستای تورکیە دەتوانێ لەوەی کە هەیە زیاتر ئەو دەوڵەتە بەرەو ناوەندگەرایی و دیکتاتۆری بەرێ و کێشەکان قوول‌تر بکەتەوە و لە ئاکامدا کۆمەڵگە بەسەر دوو جەمسەری نەتەوەیی‌دا زیاتر دابەش بکات، ئەگەری پێکەوەژیانی ئاشتیانە لاوازتر و تەنانەت مەوجوودی‌یەتی تورکیە لە درێژخایەن‌دا بەرەوڕووی مەترسی بکاتەوە❞

هەر چەند بە درێژایی مێژووی نوێی تورکیە، نەتەوەی کورد حاشا لە بوون و مەوجوودییەتی کراوە و سیاسەتی تواندنەوە و ئاسیمیلاسیۆنی لەدژی بەڕێوە چووە و بە توندترین شێوە سەرکوتیان کردوە و هەر ئێستاش ئەو سەرکوت‌کردنە بەربڵاوە بەردەوامە؛ هەرچەند دێموکراسی و پلۆڕالیزمی سیاسی تەنانەت بۆ نەتەوەی باڵادەستیش نەهادینە نەبووە و تورکیە چەند کوودتای بە خۆیەوە دیتووە، بەو حاڵەش حکوومەتەکەی لائیک بووە، یاساکانی، بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیی ژنان و بە گشتی ئازادی‌یە تاکەکەسی‌یەکان لە هەمبەر وڵاتانی ناوچە پێشکەوتووتر و سەردەمیانەتر بوون.

بەو حاڵەش بە هاتنە سەرکاری پارتە ئیسلامی‌یەکەی نەجمەددین ئەربەکان، پارتی ریفاه و دواتر بەدەسەڵات گەیشتنی پارتی داد و گەشەپێدانی ئەردۆغان لە ساڵی ١٣٨١ بەم‌لاوە، بەرەبەرە بنەماکانی سیستەمی لائیسیتە لەو وڵاتەدا لەرزۆک کراوە و تورکیە بەخێرایی بەرەو نیزامێکی ئیسلامی، ناوەندگەرای دیکتاتۆری هەنگاوی هەڵێناوەتەوە. ئەو هەنگاوانە، بەتایبەت لەدوای شێوە کوودتاکەی چەند مانگی رابردوو خێراتر و بەکردەیی‌تر و، سەرەڕویی ئەردۆغان و دەوڵەتەکەی زەق‌تر و ئاشکراتر بوون. هەر لەو پێوەندییەدا حیزبی دەسەڵاتدار بە نیازە هەفتەی داهاتوو گەڵاڵەیەک لە پارلمانی تورکیە پێشنیار بکات کە دەسەڵاتی ئەردۆغان لەوەی کە هەیە بەرفراوان‌تر دەکات.

ئەردۆغان بە کەڵک‌وەرگرتن لە زۆرینەی رەهای پارتەکەی لە پارلەمانی تورکیە و ئەو دەسەڵاتەی کە بەپێی پەسندی پرۆژەیاسای هەلومەرجی قەیراناوی‌دا لە لایەن پارلمانەوە رادەستی کراوە، جگە لە سەرکوتی نەیارە سیاسی‌یەکانی و داسەپاندنی فەزای ئەمنیەتی و ترس و تۆقان لەو وڵاتە، دەستی بەسەر هەموو جومگەکانی دەسەڵات‌دا گرتوە و دەکرێ بڵێن کەم‌ترین شوێنەواری لە دێموکراسی و پلوڕالیزمی سیاسی لە تورکیەدا هێشتۆتەوە. هەر بۆیەشە جگە لە پارتە کوردی‌یەکان دوو پارتە سەرەکی‌یەکەی دیکەش، پارتی کۆماری گەل(جەهەپە) و پارتی نەتەوەیی دەوڵەت باخچەلی(مەهەپە)، رخنەی توندیان لە کردەوەکانی ئەردۆغان گرتووە.

جگە لەوەش تورکیە لەگەڵ چەند کێشەی نێوخۆیی دیکە بەرەوڕوویە کە گرینگترینیان دابەزینی ئاستی گەشەی ئابووریی ئەو وڵاتەیە. هەر چەند بە هاتنەسەر دەسەڵاتی ئەردۆغان و پارتەکەی، ئابووریی ئەو وڵاتە گەشەیەکی باشی بە خۆیەوە بینی و تورکیە لە وڵاتێکی «هەتا ئاوکان» قەرزدار، بوو بە خاوەن ئابووری‌یەکی سەقامگیر و خۆی گەیاندە ریزی بیست وڵاتی گەشەسەندووی ئابووری لە جیهان‌دا، بەڵام شەر لەگەڵ گەلی کورد، لەژێر ناوی شەڕی دژبە تیرۆر و تێچووی زۆری ماددی تێوەگلان لەو شەڕە و هەروەها لەشکرکێشی بۆ سوریە و بەشداری لە شەڕی نێوخۆیی ئەو وڵاتەدا و ناسەقامگیری سیاسی و نەبوونی ئەمنیەتی کەرتە جیاوازە ئابوورییەکان، وەک کەرتی توریزم و بەرهەم‌هێنان لە زۆرێک لە بەشەکان‌دا، ئابووریی تورکیەی تووشی زیانێکی گەورە کردوە و ئەو زیان و زەرەرەش، بە لەبەرچاو گرتنی هەڵوێست و هەنگاوەکانی ئەردۆغان لە داهاتوودا و ئەو رێڕەوەی شوێنی کەوتووە، وادیارە هەر بەردەوام دەبێ.

هەروەها بوونی زیاتر لە دوو میلیۆن ئاوارە و پەناخوازی وڵاتی شەڕلێدراوی سوریە لە تورکیە، سەرەڕای بارگرانی‌یەکی لەڕادەبەدەر لەسەر شانی دەوڵەت و ئابووریی ئەو وڵاتە، هەم کاریگەری نەرێنی لەسەر زیادبوونی رێژەی بێکاری داناوە و هەم بۆتە هۆی ناڕەزایەتیی خەڵکی. جگە لەوەش لەنێو ئەو ئاوارانەدا زۆر تیرۆریست و خۆکوژ خۆیان حەشار داوە و ناوەناوە بە کردەوە خۆکوژی‌یەکانیان، ئاسایش و ئەمنیەتی ئەو وڵاتەیان خستۆتە ژێر پرسیار.

لە ئاستی دەرەوەش، تورکیە لەگەڵ گەلێک گرفت و تەنگانە و کێشە بەرەوڕوویە. لە دوای شێوەکوودتاکەی ژووئییەی رابردوو تا هەنووکە، ئالوگۆڕی بەرچاو لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیە روویان داوە و ئاراستە سیاسی‌یەکان گۆڕاون بە شێوەیەک کە هەتا دێ تورکیە لە وڵاتانی رۆژئاوایی دوورتەر دەبێتەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ شەڕ و قەیرانی سوریەدا، ئەگەر تورکیە لە ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵی رابردوو، مکووڕ بوو لەسەر روخاندنی بەشار ئەسەد لە دەسەڵات‌دا و هاوڕێ و هاوڕا بوو لەگەڵ عەرەبستان و قەتەر و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، ئەوا ئیستا روانینی گۆڕاوە. ئەردۆغان رۆژی پێنج‌شەممە ١١ی سەرماوەز لەلایەک باس لەوە کرد کە ئەوان شەڕیان لەگەڵ کەسێکی تایبەت نیە کە دیارە مەبەستی بەشار ئەسەدە و لە لایەکی دیکەش گوتی ئێمە تەنیا شەڕی تیرۆریزم دەکەین کە ئەویش دیارە مەبەستی شەڕوانانی کورد لە رۆژاوای کوردستانە.

ئەردۆغان بە داوای لێبوردن لە خستنەخوارەوەی فڕۆکە شەڕکەرە روسی‌یەکە لە پۆتین سەرۆکی کۆماری ئەو وڵاتە و سێ جار دیدار و چەند جاران وتووێژی تەلەفۆنی لەگەڵ ناوبراو، لەسەر پێوەندی‌یەکانیان و هەروەها کێشەی سوریە نیشانی داوە، نەک هەر زۆری مەبەستە پێوەندی‌یەکانی لەگەڵ ئەو زلهێزە ئاسایی بکاتەوە، بەڵکوو ئێستا زۆری بۆ گرینگە لە قەیرانی سوریە و پێوەندی‌یە دووقۆڵی‌یەکانیان‌دا هاوڕا و هاوتەریب بن. لە لایەکی دیکەش دیداری مەولوود چاووش ئۆغلوو وەزیری دەرەوەی تورکیە لەگەڵ هاوتا روسیەکەی، سێرگەی لاورۆڤ و هەروەها سەفەری لەناکاوی چەند رۆژی رابردوو بۆ تاران و چاوپێکەوتن لەگەڵ دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامی، سەلمێنەری ئەو راستی‌یەن کە بەلەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی هێزەکان لە سوریەدا، سیاسەتی ئەردۆغان و دەوڵەتەکەی گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە.

ئەردۆغان باش دەزانێ کە بە خاوەخاوی سیاسەتی دەوڵەتی ئۆباما لە قەیرانی سوریەدا و هاتنەکایەی بەهێزی روسەکان و پشتیوانی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی، ئیدی ئەگەری رووخاندنی رێژیمی بەشار ئەسەد، لە رێی چەک و سەربازی‌یەوە نەماوە؛ ئەگەریش ئەو رێژیمە لە سەرکار لابدرێ، ئەوە تەنیا لەپاش دامرکاندنەوەی بڵێسەکانی شەڕ و بە هاوئاهەنگی روسەکان و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و لە پرۆسەی هەڵبژاردنێکی رواڵەتی‌دا بەئەنجام دەگات.

هەروەها کورد لە رۆژاوا فاکتەرێکی بەهێزە و زێدەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێین هۆکاری هەرە گرینگی گۆڕانی ئاڕاستەی سیاسەتی تورکیە لە سوریەدا، رۆژاوا و ئەگەری دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی دووفاکتۆ لەو بەشە لە کوردستانە. ئەردۆغان دەزانێ لە ئەگەری بەکردەوە بوونی هەر سێناریۆیەک لە سوریەدا، کوردەکان، بەو هێز و توانا و کارامەی‌یە نیزامی‌یەی کە هەیانە و بەو پشتیوانی‌یە سەربازی و سیاسی‌یەی کە تەنانەت روسیەکانیش دەگرێتەوە، لێیان دەکرێ، جێگەو پێگەی شیاوی خۆیان لە داهاتووی سوریەدا دەبێ. هەربۆیەش پێویستیەتی بۆ بەرگری کردن لەو سێناریۆیانە؛ یەکەم دەستێوەردانی سەربازی بکات و بەناوی شەڕ لەگەڵ تیرۆریزم، کە ئیدی هەموو لایک دەزانن بیانوویە، بەگژ کوردانی رۆژاوا دابچێتەوە و دووهەم، ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی خۆی بەلای روسەکان و کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا بشکێنێتەوە و تەنانەت لەگەڵ ئەسەدیش «تەعامول» بکات.

لە پێوەندی لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپاش‌دا دەبینین ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیە تووشی شکان و شپرژەیی بوون و خەونی بەئەندام بوون لەو یەکیەتی‌یەیان هەر لە چوارچێوەی خەون‌دا مایەوە. لە کاردانەوە لە بەرانبەر سەرکوت و زەبروزەنگ و گرتنی پارلمانتاران و رێبەرانی حیزبە کوردی‌یەکان و هەزاران چالاکوانی سیاسی و داخستنی راگەیەنە گشتی‌یەکان، پارلمانی ئورووپا لە ٢٤ی نوامبری رابردوودا وتووێژەکانی بە ئەندام بوونی تورکیەی هەڵپەسارد و رایگەیاند سیاسەت و هەنگاوەکانی ئەو وڵاتە لەپاش شێوەکوودتاکەی ژووئییەی رابردوو، لەگەڵ پێوەرە و بایەخەکانی یەکیەتیی ئورووپا ناتەبان.

لە بەرانبەردا ئەردۆغان وێرای مەحکووم کردنی ئەو بڕیارە، هەڕەشەی لە وڵاتانی ئورووپایی کرد کە دەرگا سنووری‌یەکانی تورکیە بۆ ئورووپا بەسەر پناخوان‌دا دەکاتەوە. هەروەها ئەردۆغان رایگەیاند بۆ تورکیە گرینگ نیە نەچێتە نێو یەکیەتیی ئورووپا، چونکە ئەوان بەدیلی دیکەیان هەیە و دەچنە نێو رێکخراوی هاوکاریی شانگهای. دیارە هەم ئەردۆغان و هەم وڵاتانی ئورووپایی باش دەزانن ئەو رێکخراوە گرینگی خۆی هەیە لە بواری ئابووری و ئەمنیەتی و دوو گەورە زلهێزی وەک چین و روسیە دامەزرێنەرین.

لە پیوەندی لەگەڵ هەڕەشەی ئەردۆغان و کردنەوەی دەرگا سنووری‌یەکانی بەسەر ئاوارە سوری‌یەکان و پەناخوازەکان‌دا، دەکرێ بڵێین ئەو هەڕەشەیە ئەگەری بەکردەوە بوونی زۆر کەمە. چونکە لەلایەک لەبەرەبەری وەرزی سەرما و سۆڵە کارەساتێکی مرۆیی دیکەی لێدەکەوێتەوە و تورکیە دەبێتە هۆکارێکی سەرەکیی ئەو کارەساتە و لە لایەکی دیکەش ئەردۆغان نایهەوێ بەو کارەی رق و تووڕەیی وڵاتانی ئورووپایی بەرز بکاتەوە و هەموو پێوەندی‌یە سیاسی و ئابووری‌یەکانی لەگەڵ ئەو یەکیەتی‌یە، کە بۆ دەوڵەت و ئابووریی تورکیە و هەروەها بۆ میلیۆنان تورکی دانیشتووی وڵاتانی ئورووپا زۆر گرینگە، تووشی قەیران و شکست بکات.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەو راستی‌یانە، بەروونی دیار و ئاشکرایە ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیە بۆ دەرباز بوون لەو کێشە و گرفتە نێوخۆیی و دەرەکی‌یەکان لە دووڕێیانێکی مێژوویی دان. گەڕانەوە بۆ بەها دێمۆکراسی‌یەکان و دەسهەڵگرتن لە سیاسەتی توندووتیژی و گرتن و توقاندن و راودوونان و چارەسەری کێشە لەمێژینەکان وەک کێشەی رەوای نەتەوەی کورد لەو بەشە لە کوردستان و... لە نێوخۆی تورکیە و لە دەرەوەش وازهێنان لە دەستێوەردان لە شەڕی ماڵوێرانکەری سوریە و تێکۆشان بۆ ئاشتی و سەلماندنی مافی یەکسان بۆ پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە بە رۆژاوای کوردستانیشەوە؛ یان بەردەوام بوون لە رێرەوی سیاسەتەکانی ئێستایان لە نێو خۆ و دەرەوەدا.

ئاشکرایە ئاراستەی سیاسیی ئێستای تورکیە دەتوانێ لەوەی کە هەیە زیاتر ئەو دەوڵەتە بەرەو ناوەندگەرایی و دیکتاتۆری بەرێ و کێشەکان قوول‌تر بکەتەوە و لە ئاکام‌دا کۆمەڵگە بەسەر دوو جەمسەری نەتەوەیی‌دا زیاتر دابەش بکات، ئەگەری پێکەوەژیانی ئاشتیانە لاوازتر و تەنانەت مەوجوودی‌یەتی تورکیە لە درێژخایەن‌دا بەرەوڕووی مەترسی بکاتەو. ئەو رێڕەوە سیاسی‌یە لە ئاستی جیهانیش دەرەوەش‌دا دوورکەوتنەوەی زیاتری تورکیە لە ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی لێدەکەوێتەوە و هیچ بە دوور نازاندرێ، گرژیی نێوان ئەو وڵاتە و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەلایەک و لەلایەکی دیکەش هاوتەریب بوون لەگەڵ روسیەکان و چوونی تورکیە بۆ نێو رێکخراوی ئابووری و ئەمنی‌یەتیی شانگهای، سەرەتایەک بێ بۆ رەوتێک کە تورکیە لە رێکخراوی «ناتۆ»ش دابڕێ.

---

**روانینی دەرەکی**

# ئاخۆ ئەمریکا دەبێ لە یەمەن ڕوومەتەکەی‌تری ڕاگرێ؟*

ئەنستیتۆی ئەمێریکەن ئێنتێپرایز- مایکێل روبین
وەرگێڕان لە ئینگلیسی‌یەوە: کەماڵ حەسەنپوور

لانیکەم دوو تا سێ جار یاخییبووە حوسی‌یەکانی یەمەن، کە ئێران پشتیوانیانە، بە موشەک هێرشیان کردۆتە سەر پاپۆڕی جەنگی «یو ئێس ئێس نیمیتس» لە نزیک «باب ئەلمەندەب»؛ یەکێک لە مەترسیدارترین وێستگەکانی کۆنترۆلی دەریایی جیهان. «یو ئێس ئێس سان ئانتۆنیۆش» هەروەها هێرشی کراوەتە سەر. پاش دووهەمین رووداو، یو ئێس ئێس نیتز بە موشەکی تۆماهاک تەقەی لە سێ پێگەی راداری کەنار دەریا کرد. پێنتاگۆن ناوی [عەمەلیاتەکەی] نا «هێرشی سنووورداری داکۆکی لە خۆ»؛ زۆرتر وەک کردەوەیەکی سەمبۆلیک، نەک وەک هەنگاوێک بۆ سزادانی بەرپرسیارەکان.

وێدەچێ کە کۆشکی سپی، وەزارەتی کاروباری دەرەوە و پێنتاگۆن بێ‌مەیل بن کە ئێران تاوانبار بکەن کە پلاندانەری ئەو هێرشانەیە. ئەوە سەرەڕای ئەو راستی‌یە حاشاهەڵنەگرەی کە نیشان دەدا کە ئێران بەرپرسی دابین کردنی موشەکی دژە پاپۆڕ بۆ حوسی‌یەکانی یەمەن و راهێنانی ئەوان بۆ بەکارهێنانیانە. لە کاتێک‌دا کە یەمەن هەمیشە پڕ بووە لە چەکوچۆڵ، موشەکی دژە پاپۆڕ زۆر دەگمەن دەوری هەبووە لە ناکۆکی‌یە تایفی‌یەکان لە بیابان و کێوەکانی ئەوێ.

کەوابوو پرسیارەکە نەک هەر ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان چۆن بەڵکوو لە کێ تۆڵە بستێنێتەوە؟ ئاخۆ رۆژێک یا دوو رۆژ چاوەڕێ‌بوون، پێش ئەنگاوتنی راداری حوسی‌یەکان بە شێوەیەکی کاریگەر پێش بە دووپات بوونەوەی رووداوی نوێ دەگرێ؟ لەجیاتان، ئاخۆ باشترین رێگا بۆ ئاشتی و پێشگرتن بە بازنەی توندوتیژیی راگرتنی ڕوومەتەکەی‌ترە؟

لێرە، مێژوو پێمان دەڵێ:

لە ١٩٩٣، تێرۆریستانی ئیسلامی بە رێبەریی شێخی کوێر عومەر عەبدولرەحمان ناوەندی بازرگانی جیهانی لە شاری نیویۆرکیان تەقاندەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکان وەڵامی نەدایەوە. ئەوسا ئەلقاعیدە هێرشی کردە سەر دوو باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە خۆرهەڵاتی ئەفریقا. بەڕێوەبەرایەتیی کلینتۆن بە لێدانی موشەکی کروز لە کارخانەیەکی دەرمانسازیی سودانی کە دەوترا گازی عەسەبی VX بەرهەم دەهێنێ و بنکەی سەرەکیی وەزارەتی سیخوڕیی تالیبان لە کابول، وەڵامی دانەوە. ئەو هێرشانە هەروەک ئەوەی دژی راداری حوسی‌یەکان زۆرتر سەمبۆلیک بوون تا کاریگەر. لە ساڵی ٢٠٠٠، ئەلقاعیدە هێرشی کردە سەر پاپۆڕی «یوئێس ئێس کۆل» لە عەدەن، ئەو شوێنەی کە پاپۆڕەکە بۆ بارگیریی سوتەمەنیی وێستابوو، کە ئەویش بەشێک لە مامەڵەی وەزیری کاروباری دەرەوە مادێلێن ئۆلبرایت بۆ دانی پارە بە ئابووریی یەمەن بوو. بەڕێوەبەرایەتیی کلینتۆن وەڵامی ئەو تەقاندنەوەی نەدایەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوە ئەلقاعیدە ساڵی دواتر هێرشی کردە سەر نیویۆرک و واشینگتۆن. لەوانەیە بیرۆکەی راگرتنی ڕوومەتەکەی‌تر بۆ سیاسەتوانانی ئەمریکایی شتێکی پێشکەوتووانە بێ، بەڵام بۆ دژبەرانی ئەمریکا ئەوە نیشانەی لاوازییە و دەبێ کەڵکی لی وەرگیرێ.

ویلایەتە یەکگرتووەکان مێژوویەکەی پڕ موشکیلەی بەرپەرچدانەوەی تێوەگلانی ئێران لە کوشتنی ئەمریکاییان‌دا هەیە. ئێرانی‌یەکان هیچکات نرخی هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ١٩٧٩ (و درێژەدانی داگیرکردنی بنکەکەیان) نەدا، هەروەک ویلایەتە یەکگرتووەکان تۆڵەی رۆڵی راستەوخۆی ئێران لە تەقاندنەوەی بۆمب لە پێگەی دەریاوانان لە ١٩٨٣ نەکردەوە. لە ١٩٩٦ سوپای پاسداران پلاندانەری هێرش بۆ سەر بنکەی هێزی ئاسمانی ئەمریکا لە «خوبار»ی عەرەبستانی سعودی بوو. لێکۆڵینەوەیەکی ئێف بی ئای ئاشکرای کرد کە تاران بەرپرس بووە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتیی کلینتۆن پێشی بە هەر شێوە تۆڵەکردنەوە گرت کاتێک کە سەرکۆماری ئێران موحەممەد خاتەمی باسی «وتوویژی شارستانییەکانی» هێنایە گۆڕێ. ئێران هیچکات نرخی بە قاچاغ بردنی تەقەمەنی بۆ میلیشیاکانی لە ئێراق، کە بوو بە هۆی کوژرانی سەدان ئەمریکایی، نەدا. هەر لەو دواییانەدا، بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما خۆی لە بەرپەرچدانەوەی پلانی سوپای قودس بۆ کوشتنی باڵوێزی عەرەبستانی سعودی لە ناوەندی واشینگتۆن دی سی بوارد.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنیا یەک جار بە شێوەی سەربازی وەڵامی ئێرانی داوەتەوە: لە ١٩٨٨، پاش ئەوەی کە مینێکی دەریایی پاپۆڕێکی ئەمریکایی کردە ئامانج، سەرکۆمار رێیگان فەرمانی بە هێزەکانی ئەمریکایی دا تا لە تویێ عەمەلیاتی سیسرک تۆڵەی ئەو کارە بە هێرش بۆ سەر پلاتفۆرمێکی نەوتی بکەنەوە. هێزەکانی ئەمریکا ئێرانی‌یەکانی لە بەڕیوەبوونی هێرشەکە ئاگادار کردەوە تا رێژەی قوربانییان بە کەمترین بگەیەنێ. لەجیاتی چۆڵ کردنی پلاتفۆرمەکە، سوپای ئێران شەڕی کرد. ئاکامەکەی شکستی بێ ئەملا و ئەولا [ی ئێران] بوو. ئێران بۆ ماوەی چەندین ساڵان خۆی لە ورووژاندن بە دژی ئامانجەکانی ئەمریکایی بوارد و بە دڵنیاییەوە پانتایی عەمەلییاتی بەرینی بۆ ماوەی دە ساڵ بە هێزی دەریایی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەخشی.

با بگەڕێینەوە بۆ کاتی ئێستا: راگرتنی ڕوومەتەکەی‌تر، جا چ بۆ جەنگاوەرانی ئیسلامی بێ یا بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتی، ئاشتی لەگەڵ خۆی ناهێنێ. هەندێ جار، باشترین رێگا بەرەوە ئاشتی ئەوەیە کە بە پلانداریێژەرانی تێرۆر بسەلمێنی کە ئەوان بەرپرسیارن و نرخی هێرش بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکایی زۆر لەوە قورسترە کە ئەوان بتوانن لە ژێری بێنە دەر. عەمەلیاتی سیسرکی ٢ لەوانەیە بە زوویی ببێتە شتیک کە نەکرێ خۆی لی لادەی.

* ئاماژە بە وتەی عیسای مەسیحە کە وتوویەتی ئەگەر کەسێک زلـلەیەکی لێدان تۆڵەی لێ مەکەنەوە بەڵکو ڕوومەتەکەی تریشی بۆ راگرن.

ئەدەبی



عەلی فەتحی

# ساپفۆ

ژنە شاعیری یونانی کە لە سەدەی حەوتەمی بەر لەدایکبوونی مەسیح ژیاوە. یەکەم ژن بووە کە پێبەپێی هەستە کەسێتی‌یەکانی، نهێنیترین هەستە شاراوەکانی لە شێعرەکان‌دا بەیان کردووە. بەپێی کۆمەڵێک سەرچاوە، ئەو، شێعرەکانی لە ٢٦٠٠ ساڵ پێشدا نووسیوە. خۆی هاوسەدەی سۆلۆنۆس (یاسازانی یونانی) و بەختوننەسر و جێرمیا بووە. پلاتۆناس(ئیفلاتوون) ئەو خاتوو شاعیرە وەک خواژنی شێعر دەناسێنێ. کاتولۆس بە ناوی ساپفۆی پیاو ناوی دێنێ. تاتیانۆسی ئاسووری پێی دەڵێ: رووسپی، دێوانەی عەشق، کەسێک کە رەفتاری لە شێعرەکانی‌دا رەنگیان داوەتەوە. ماکسیمۆسی تیرۆسی دەنووسێ: «ساپفۆی روخسار جوان، چونکە بۆخاتری جوانی، شێعری بەهەست و سیمای ژنانە کە ئەو خاتوونە هەیبووە، سوقرات حەزی کردووە بەو ناسناوە بیناسێنێ، هەرچەند کورتەباڵا و رەشتاڵەش بووە». لە یەکێک لە شێعرەکانی‌دا دەڵێ: دەستەکانی نەگەیشتوونەتە ئاسمان، چونکە کورتەباڵا بووە. لێرەدا پرسیارێک هەیە، ئاخۆ باسی جەستە و روحی کردووە یا



لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ جیهانی کاکێشان، خۆی بچووک دیتووە. لە زۆربەی دۆزراوەکانی باستانی‌دا، روخساری ئەو ژنە، هاوتای ئەفرۆدیت جوان بووە. ساپفۆ لە هەڵبەستەکانی‌دا زۆر گرینگی بە خۆشەویستی و ئەوین لەنێوان ژنەکان داوە و زۆربەی کێشەکانی بۆی خولقاون، سەبارەت بە هاوجنسگەری ئەو شاعیرەیە بووە. ساپفۆ منداڵی بنەماڵەیەکی ساماندار و ئەشرافی، لە گوندی ئێریسۆسی دورگەی لێسڤۆس لەدایکبوو. هەر بەو بۆنەوە، ئیمڕۆ بە ژنانی هاوجنسباز دەگووترێ لێسڤییەن(لێزبییەن). لەسەر چۆنیەتی پێوەندییەکانی ساپفۆ لەگەڵ ژنان و کچان زۆر شت گوتراوە. دەگێڕنەوە کە بۆخاتری حورمەتێکی کە بۆ ئەفرۆدیتی هەبووە، فێرگەی گۆرانی و موسیقی دامەزراندووە. کچانی قوتابی لە بۆنەی ئایینی میتیلینی‌یەکان‌دا بەشدارییان کردووە. روون نییە کە پێوەندی ئەو لەگەڵ قوتابی‌یەکانی، هاوجنسگەری یا پیشەیی یا هەردووکیان بووە. لە هەرحاڵ‌دا، ئاسەوارێک لە پێوەندی ماموستا و قوتابی یا مرید و مراد لە شێعرەکان‌دا بەدی ناکرێ.

کۆمەڵێک لە توێژەران دەڵێن ساڵی ٥٢٦ی پێش‌زایین لەدایکبووە و ئارتوور ویگالی ئەمریکیش پێی وایە ساڵی ٢٦١ دروستترە. دورگەی لێسڤۆس تا سەد ساڵ بەر لە سەردەمی زێڕینی پێریکلیس، نێوەندی ئەدەبی و فەرهەنگیی یونان بووە. ساپفۆ دوو یا سێ برای هەبووە: خاراکسۆس، لاریخۆس و رەنگە ئۆریغیۆس. ساپفۆ لە زۆر شێعردا باس لە پێوەندی عاشقانەی خاراکسۆس لەگەڵ دووریخا، واتە ژنە دەوڵەمەندی شەرابفرۆش دەکا و دەیداتە بەر تانە و تەشەر. خەڵکانێک دەڵێن کە ساپفۆ جارێک مێردی بە کێرکیلاس، بازرگانی خەڵکی دورگەی ئاندرۆس کردووە. بە باوەڕی توێژەرانێک، زانیاریی مێردکردنەکەی جێی گومانە. بەڵام کاتێک خۆی ناوی کچەکەی لە شێعرەکانی‌دا دێنێ و دەڵێ: «کچێکم هەیە بەناوی کلاییس...». شک و گومانەکان دەڕەوێنێتەوە. ساپفۆ ئامێری چنگی ژەنیوە و گۆرانی چریوە، بۆوەی باسی عەشقی خۆی بکا. لە شێعرەکانی‌دا، ئەو لەگەڵ گوڵ، وەنەوشە، کەزی درێژ، خەندە و بزەی لێو و خوێن‌شیرینی دەدوێ.

**هەست دەکەم ئەو پیاوە هاوتای خواکانە**
**لە بەرامبەر تۆ دانیشتووە**
**شەیدای روخساری جوانە و گوێی هەڵخستووە**
**بۆ خەندە**
**بۆ ئاواز**
**بۆ دڵسۆزی تۆ**
**چونکە شیرینن**
**گفتەکانی تۆ**

_ _ _

**دڵم لەنێو هەناومدا**
**چەند بە خورپەیە**
**کاتێک بە خێسەوە سەیرت دەکەم**
**وشەکان لێم دەتۆرێن و**
**زمانم تەواو بەستەیە**

_ _ _

**لەنەکاو بڵێسەیەک لەشم دادەگرێ**
**چاوەکانم هێزی دیتنی تۆیان لێدەبڕێ**
**بە گوێیانم جیا لە دەنگت،**
**هیچی‌تر نابیسترێ و**
**هەموو شتگەلێ بە تاریکی خوو دەگرێ**

_ _ _

**لەش ئارەقاوی، وەلەرزە کەوتووە**
**رەنگم وەک گیای ویشکهەڵگەڕاوی لێهاتووە**
**تۆفانێکە لە شێتایەتی**
**لە کاتی مەرگ و بێ‌هیوایەتی**

_ _ _

**هەسارە لە دەوری مانگ تروسکە تروسکیانە**
**جاوبرکێیان لەنێو تریفەی مانگەشەوا، مایەی تێداچوونیانە**
**مانگ بەڕێوەیە و حەوداڵی نیسێ و تارماییەکانە**
**بە رووناکی زێڕینی خۆی سەرقاڵی وێران‌کردنیانە**
**بەسەر فێنکایی جۆیبارا**
**سرتەی شنەبا دێ**
**بەنێوان گەڵای سێوەکانا**
**بە جووڵەی پەلکەکانا**
**خەو کۆتایی دێ.**

مێژووی زیندوو

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ساڵە رەبەتی



هەیاس کاردۆ

لە بەرزترین لووتکەی زاڵ بەسەر دەشتی رەنگاوڕەنگی ناوچە، لەژێر سێبەری ئەشکەوتێکی داپۆشراو بە تەختەبەردی پان وساف و لووس‌دا پاڵی دابۆوە. هەودای خەیاڵ هەڵی گرتبوو و شەپۆلی دەوران سووڕی پێ دەدا. ویستبووی سەرخەوێک بشکێنی و بە کز بوونی تینی خۆرەتاو داگەڕێتە خوار و وەدوای گەیشتن بە ئاواتی دڵ کەوێ. لە شیرین‌خەوی بەرفێنکایی سێبەری ئەشکەوت‌دا بەدیداری یار شاد ببوو کە بە کۆشێک ئەوین و باوەشێک خۆشەویستی‌یەوە هاتبوە لای و خەریکی راز و نیاز بوون. ئێشی سەری کە بە گاشەبەردی ئەشکەوت تۆقڵەی دابوو لە خەو راپەڕاند و ئەم جارەش لە ماچی لێوی یار بێ‌بەش بوو:

**«کاتێ هاتی لەگەڵ قاقای پێکەنینا خۆت هاویشتە نێو باوەشم،**
**لێت دەپرسیم بۆ وا ماتی؟**
**وتت...**
**ئەمشەو بوونی جێژنی منە، گوێزەبانەی نوقڵی لێوم بۆ هێناوی، ها شیرینی لێ بچێژە،**
**دوگمەی سینگت ترازاند و،**
**وتت هانێ دوو سەیوانی مەمەکانم،**
**بەسەر هاتی دوو ساڵ دووری لێ بنێژە،**
**لەپڕ دەنگێ هات و راپەڕیم(ڕای پەڕاندم)،**
**کە راپەڕیم ژێر سێبەری گابەردێک بوو،**
**بۆ سەرخەوێک سەرم وەسەر ئەژنۆم نابوو،**
**لە جیاتی تۆش تفەنگەکەم لە کۆشا بوو».**

ئەوینێک کە پێشمەرگە بە خەبات و چارەنووسی گەلەکەی هەیەتی، لە سەرووی هەموو ئەشقێکە. رازێک کە ئەو ئەوینەی پێک هێناوە و رەمزێک کە لە پشت ئەو فیداکارییە هەیە نەناسراوە و رەنگە هەر نەناسراویش بمێنێتەوە. لەپێناو گەیشتن بە ئەوینی ئازادیی میللەتێک‌دا زۆر ئەوینی دیکە فیدا بوون و گەلێک دڵ بە نامرادی لە لێدان کەوتوون. کارمامزی ناز و جوانی ویستی دڵی پێشمەرگە بەفریو بەرێ و لە باوەشی بێخەمی‌دا بیخەوێنێ. دوای هەوڵێکی زۆر، خۆی کەوتە داوی ئەشقی پێشمەرگە و شانازیی بە هەڵگرتنی کۆڵەپشتیی ئەو دەکرد. «هەورازی کووڕ» ناحەقی نیە ئەگەر «بۆ پێشمەرگە» دانەوێ و لەحاند هەیکەلی جادوویی ئەودا کڕنۆش بەرێ.

****

هەتا زیاتر لە ژیانی پێشمەرگە خورت دەبمەوە و وردتر دەگەڵ دنیای ئازایەتی‌یەکانی ئاشنا دەبم، پتر ئۆگری دەبم و باشتر لێی حاڵی دەبم. ئەوەندەم باسی خۆڕاگری و فیداکاریی تێکۆشەرانی ناوچەی رەبەت بیستوە و هێندە ناوی ناودار لەو دەوەرە هەڵکەوتوون کە ناچارم هەر لەوێ بمێنمەوە و لە ژیانی شۆڕشگێڕانەی ئینسانێکی دیکە بدوێم کە بۆ خەڵک خۆشەویست و بۆ دوژمن نەترەبەر بوو. بەڵێ دەمەوێ کارنامەی «مێژووی زیندوو» بە سەبتی ناوێکی ئاشنای دیکە دەوڵەمەند و ئۆگرانی خەباتی پێشمەرگەش دەگەڵ تێکۆشەرێکی نەسرەتووی ئەو مەیدانە زیاتر ئاشنا بکەم. ئەویش کەسێک نیە جگە لە«ساڵە رەبەتی» کە زەمانێک لووتکەی چیا سەرکەشەکانی کوردستانی کردبوە هێلانە و دەگەڵ پۆلی هەڵۆ سەربەرزەکان بۆ راوی قالاوان دادەگەڕانە پێدەشتەکان.

«ساڵی ١٣٤١ لە رەبەت کە ئەوکات لە ٣٢ ماڵ تێنەدەپەڕی، وەک هەموو منداڵێکی زوڵم‌لێکراوی کورد لە بنەماڵەیەکی دەستکورت و هەژاری جوتیار چاوم بە دونیای پڕ لە نابەرابەری و بێعەداڵەتی هەڵێناوە. لەتەمەنی ٦ ساڵی‌دا چوومە قوتابخانە و پۆلەکانی سەرەتایی و راهنماییم هەر لە رەبەت تەواو کردوە و دەورانی دەبیرستانیشم لە شاری سەردەشت تەواو کردوە. ساڵی ١٣٦٠ دیپلۆمم لە رشتەی ئەدەبیات‌دا وەرگرتووە. لە وەرزی هاوینان‌دا کە قوتابخانە تەعتیل دەبوون لە مەزرای خۆمان یارمەتیی باوکم و براکانم دەدا. یەکێک لە بیرەوەریەکانی دەورانی قوتابخانەمتان بۆ دەگێڕمەوە: ساڵی١٣٥٢ ئەوکات لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دەرسم دەخوێند. مامۆستاکەمان لەسەر تەختەڕەشەکە نووسی: «گربە شیشە را شکست». فاعیل و فیعل و مەفعوولی دیاری کرد و تەوزیحی لازمی دا. یەک دوو قوتابیی بانگ کردە تەختەڕەشە و دواتریش منی بانگ کرد و گوتی بنووسە «گربە شیشە را شکست». نووسیم. گوتی فعل و فاعل و مەفعول دیاری بکە. نەمزانی و جێگاکانم هەموو بە عەکسەوە گوتن. زۆری گوت و نەمزانی، رووبەڕووم راوەستا و یەک زللەی باشی لە لاچاوم دا. ئازاری زۆرم پێ گەیشت وزۆر ناڕەحەت بووم. مامۆستا تێگەیشت و گوتی پێم بڵێ کێ لە تۆی دا؟ گوتم مامۆستا. گوتی نا ناوم بڵێ. گوتم جەلال. گوتی زۆر باشە، گوتی کێ لێی درا ؟ گوتم ساڵح. گوتی چی لەبەینی من و تۆ روویدا ؟ گوتم لێدان. گوتی زۆر باشە ئێستا من کە لە لاچاوی تۆم داوە فاعیلم. تۆش کە لەلاچاوت دراوە مەفعولی. لێدانەکەش فعلە و راش حەڕفی ئیزافەیە. بەمجۆرە بە هۆی ئەو زللەوە بووم بە شاگردی نموونەی کلاسەکە و تەنانەت رشتەی ئەدەبیشم هەڵبژارد. وای لێهات لەسەر کلاس مامۆستا بانگی دەکردم و ئەدەبیاتم بۆ قوتابی‌یەکان تەوزیح دەدا».

هەر وەک چۆن زللەی مامۆستا فێری کرد باش لە مانای ژان بگا و بۆ بەرگری لە ئازاری زیاتر خۆی ماندوو بکا و باش بخوێنێ، هەرواش دواتر بۆ نەهێشتنی ئێش و ئازاری گەلەکەی شانی وەبەر خەباتێکی قورس و قایم دا و ڕێگایەکی گرتە بەر کە شاڕێگای گەیشتن بە ئاوات بوو. کاک ساڵەش وەک زۆربەی لاوانی کورد تەنیا بە ئەشقی رزگاریی گەل و نیشتمان رێگای پێشمەرگایەتیی گرتەبەر و بێ ئەوەی هیچ ئەزموونێکی نیزامیی هەبێ یەکسەر خۆی دەسەنگەر هاویشت. گەلۆ ئەو بێ‌ئەزموونی‌یە زۆر جار نرخی گرانی بۆ دراوە هەر وەک لەسەر ئەو تێکۆشەرەش بە گران تەواو بووە.

تێکۆشەر رەبەتی هەرچەند زۆر زوو ئێشی بێ ئەزموونیی خۆی چێشت بەڵام دیسان دەرسی باشی وەرگرت و ئەزموونێکی وەسەریەک نا کە لە مەیدانی بەکردەوەدا بۆ خزمەت بە بەردەوامیی خەبات کەڵکی لێ وەرگرت. دواتر، ئەوە ساڵە رەبەتی بوو بە کۆمەکی هاوسەنگەرانی لێبڕاوی، تەنگی بە هێزی پەلاماردەر هەڵچنی و ئاگری لەسەر پشتی کردنەوە. نەک هەر ناوچەکانی رەبەت و سەردەشت، بەڵکوو زۆر شوێن و ناوچەی دیکەی کوردستان قەڵافەتی ساڵە رەبەتی‌یان دەباوەش گرتوە و وەک رۆڵەیەکی خۆشەویستی خۆیان بۆ پارێزگاری لە خاک و خەڵک یارمەتی‌یان داوە.

باسی بەرپرسایەتی‌یە نیزامی و سیاسی‌یەکانی لێ دەپرسم کە لە ماوەی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی‌دا بوونی کە ئاوای جواب دامەوە: «لە ناوچەی سەردەشت و رەبەت و پیرانشار و شنۆ و زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان تێکۆشانم بووە. بەلای منەوە هیچ جیاوازییەک بەنیسبەت ناوچەکانەوە نەبووە. لە هەرشوێنێک کاری حیزبیم پێ ئەسپێردرابێ بەوپەڕی توانامەوە جێبەجێم کردوە. لەنێو هیچ حیزب و سازمانێکی تر جیا لە حیزبی دێموکرات تێکۆشانم نەبوە. بەرپرسایەتی‌یەکانم لە نێو حیزب‌دا بریتین: لە سەردەشت جێگری پەل، سەرپەل، جێگری لک، سەرلک و لە کاتی شەڕی ئالانی سەردەشت‌دا بۆ ماوەی دوو مانگ بە مەئمووریەت بەرپرسی جەبهەی عەمەلیاتی ئالان بووم. لە رەبەت ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی و فەرماندەری هێزی زمزیران بووم. لە شنۆ بەرپرسی تەداڕوکات بووم. لە پیرانشار ئەندامی مەڵبەند و فەرماندەری هێز بووم.

هەرچەند پێشمەرگەی ترسەنۆک وجوودی نیە چونکە بڕیاری هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی خۆی غیرەتی زۆری دەوێ بە تایبەت ئەگەر هەوڵەکە رەنگی بەرگریی چەکداری بە خۆیەوە بگرێ، بەڵام بەو حاڵەش هەر لەنێو هێزی پێشمەرگەدا توانا و نەترسی‌یەکان جۆراوجۆرن. هێندێک لەو تێکۆشەرانە بەڕادەیەک لە نیشاندانی غیرەت و تواناداا دەچنە پێش کە هەموو پردەکانی پشت سەری خۆیان دەڕووخێنن و مەجالێک بۆ سازان دەگەڵ پاشەکشە ناهێڵنەوە. رەنگە من لەو حەددەدا نەبم قەزاوەتی دروست لەسەر پێشمەرگەی ئازا و نائازا بکەم چونکە هەر لەجێ‌دا زۆری لێ نازانم، بەڵام ئەوەی لەسەر تێکۆشەر رەبەتی و رادەی فیداکارایییەکانی بیستوومە شاهیدی ئەوە دەدەن کە وەک پێشمەرگەیەکی نموونە حیسابی بۆ بکرێ و میداڵی سەرفیرازی دەملی کرێ. هەر لێرەدا پێم خۆشە هەڵسەنگاندنی کۆنە فەرماندەرێکی هێزی پێشمەرگە لەسەر کاک ساڵە تۆمار بکەم کە لە نزیکەوە ناسیویەتی و بۆ ماوەیەکی زۆر هاوخەباتی بووە. ئەویش کەس نیە جگە لە کاک حوسێن پەیرەوان:

«بارایی» نازناوێک کە ئاوارەی مامۆستا حەسەن‌زادە بۆ کاک ساڵەی دیاریی کردبوو وەک هەر تاکێکی کۆمەڵ خاوەنی تایبەتمەندیی لاواز و بەهێزە کە ئەوەش شتێکی سروشتی‌یە. بەڵام لە روانگەی منەوە کە بۆ ماوەی ١٤ ساڵ لەنێو جەرگەی شەڕی پارتیزانی و لەنێو دەریای خوێن و فرمێسک‌دا شاهیدی هەڵسوکەوتی ئەو کوڕە هەژار، بەڵام جەسوور و بلیمەتە بووم دەتوانم بڵێم تای تەرازووی خاڵە بەهێزەکانی تەنگیان بە خاڵە لاوازەکانی هەڵچنیوە. سەت خۆزگە خاوەنی پێنووسێکی بەپێز و بەبڕشت بوایەم تا بمتوانیبا جڵەوی ئەسپی سەرکێشی پێنووسەکەم شل کردبا و بە ناخی بارایی و بارایی‌یەکان‌دا چووبامە خوار کە لەشیان شەڵتانی خوێن بووە و کاتێک بە پشتی ئەسپ و کۆڵی پێشمەرگەوە بوون «هەورازی کووڕ» کڕنۆشی بۆ دەبردن. ئەگەر بەشێک لەو شۆڕشگێرە قەت نەسرەوتانە هەر بە لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتی‌یەوە وبە دوور لە ناز و خۆشەویستیی کەس و کاریان لە دۆڵ و چیاکانی کوردستان بە خاکی پیرۆز ئەسپێردراون، بەشێکیان بە لەشی هەڵدڕدادڕ سەنگەریان چۆڵ نەکردوە و بۆ وەدیهێنانی ئاواتی شەهیدان درێژەیان بە رێگایان داوە. گومانم لەوەدا نییە ئەگەر بڕیار بێ رۆژێک میداڵی فیداکاری و خۆبەخت کردن لەپێناوی گەل و نیشتیمان دابەش بکرێ بارایی یەکێک لەو کەسانەیە کە پێویستە ئەو شانازییەی پێ ببخشرێ. بارایی وەک پێشمەرگە کەسێکی بەدەست و تفەنگ، بەورە، بەنەزم و هەڵسووڕ، هەڵمەتبەر و دەستوەشێن، وریا و خۆڕاگر و لەسەر یەک پێشمەرگایەتیی زۆر لێ جوان بوو. بارایی لە بواری فەرماندەهی‌دا کەسێکی لێزان و بەتوانا بوو. زۆر بە کەمی هەڵدەکەوت گەڵاڵە نیزامی‌یەکانی بەرهەمی باش و سەرکەوتوانەی تێدا بەدی نەکرێن. ئەزموونی ناوبراو، بەتایبەت لە بواری نیزامی‌دا وای کردبوو هەمیشە بەرپرسایەتیی نیزامی بەدوای‌دا بگەڕێ. بارایی لە باری مودیرییەتەوە ئینسانێکی بەتوانا بوو دەگەڵ ئەوەش‌دا هەتا بڵێی سادە و خەڵکی بوو کە ئەوەش هێندەی دیکە خۆشەویستی کردبوو. خەباتی بێوچانی بارایی و ئەو زەبرە قورسانەی بە فەرماندەریی ناوبراو وە هێزە دژی گەلی‌یەکان کەوتن وایان کرد بنەماڵەکەشی بە تایبەت باوکی (کاک عەوڵا فەرەج) هەموو کاتێک لەژێر چاوەدێری‌دا بێ و تووشی ئازار و شکەنجە بێ. لە کۆتایی‌دا یادی هەموو باراییەکان بە خێر بێ و دەڵێم:

«جدایی تا نافتد دوست قدر دوست کی داند
شکسته استخوان دانه بهای مومیایی را»

گڕی ئەشقی پێشمەرگە کوژانەوەی بۆ نییە. ئاگرێک کە لە دەروونی پێشمەرگەدا دایسێ، ئاگری شۆڕشە و دیارە هەتا ستەم لەسەر گەل لانەچێ هەستی شۆڕش و شۆڕشگێڕی هەر بەردەوامە. گرینگ نییە پێشمەرگە لە کوێیە، چۆن دەژی و بە چییەوە خەریکە. گرینگ ئەوەیە بە بیر و بە هەست و بە باوەڕ هەر پێشمەرگەیە و هەر پێشمەرگەش دەمێنێتەوە.

# مەبەست لە توندوتیژی دژی ژنان، ئەرکی دەوڵەتان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەم پێوەندییەدا

وەرگێڕان لە فارسییەوە: قادر وریا

## بەیاننامەیپێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان

### بڕیارنامەی٤٨/١٠٤یکۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

٢٥ی نۆڤامبەر، بە «ڕۆژی جیهانیی لە نێو بردنی توندوتیژی دژی ژنان» ناودێر کراوە. ئەم ڕۆژە، ١٧ی دیسامبری ١٩٩٩ لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، لە هەشتاو سێهەمین کۆبوونەوەی گشتی (دەورەی پەنجاو چوارەم)دا بە ڕۆژی جیهانیی توندوتیژی دژی ژنان ناودێر کرا. «بەیاننامەی پێشگیری لە توندو تیژی دژی ژنان»، پەسەندکراوی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، مەبەست لە توندوتیژی دژی ژنان، ئەرکی دەوڵەتان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەم پێوەندییەدا ڕوون دەکاتەوە.

**کۆمەڵەی گشتی،**

بە ئاگاداری لەم پێویستییە بەپەلەیە کە مافەکان و بنەماکانی پێوەندیدار بە یەکسانی، ئاسایش، ئازادی، تەواوەتی و گەورەیی هەموو مرۆڤەکان، دەبێ بە شێوەیەکی جیهانگیر لەباری ژنانیشەوە ڕەچاو بکرێن،

بە سەرنجدان بەوە کە ئەم مافو بنەمایانە، لە بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکاندا، بۆ وێنە لە «جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ»(١)، «پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان»(٢)، «پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان»(٢)، «ڕێککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان»(٣)و «ڕێککەوتننامەی دژی ئەشکەنجە و ڕەفتار یان سزای توندوتیژ، نامرۆیی و پڕ لە سووکایەتی»(٤)دا، ڕێزیان لێگیراوە،

بە ئاگاداری لەوە کە بەڕێوەبردنی هەرچی کاریگەرتری «ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان» یارمەتی بە نەهێشتنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان دەکا و، «بەیاننامەی نەهێشتنی توندوتیژی بە دژی ژنان» بەو جۆرە کە لەم بەیاننامەیەدا دەخرێتە ڕوو، ئەم ڕەوتە بەهێز و تەواو دەکا،

نیگەران لەوە کە توندوتیژی دژی ژنان کۆسپی گەیشتن بە یەکسانی، پێشکەوتن و ئاشتییە، هەروەک لە «ستراتیژییە داهاتووبینەکانی کۆنفرانسی نایرۆبی بۆ پێشکەوتنی ژنان»دا ڕوون کراوەتەوە و لەواندا هێندێک گەڵاڵە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی دژی ژنان پێشنیار کراوە و،

بە مەبەستی بەڕێوەچوونی بە تەواویی «ڕێککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان»،

پێداگر لەسەر ئەمە کە توندوتیژی دژی ژنان، بناغەیەکە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی ژنان و، دەستڕاگەیشتنی ژنان بەم مافو ئازادییانە تاڕادەیەک یان بە تەواوی ڕەت دەکاتەوە،

نیگەران لە سەرنەکەوتن لە پشتیوانیو بەرەوژووربردنی ئەم مافو ئازادییانە لە درێژخایەندا، سەبارەت بە توندوتیژی بە دژی ژنان،

بە ئاگاداری لەمە کە توندوتیژی دژی ژنان، نوێنگەیەکە بۆ پیشاندانی نایەکسانیی مێژوویی پێوەندییەکانی دەسەڵات لە نێوان ژنانو پیاواندا، کە بووە بە هۆی ژێردەست کردن و هەڵاواردنی ژنان بەهۆی پیاوانەوە و ، پێشگیری لە بەرەوپێشچوونی بە تەواویی ژنانی لێکەوتۆتەوە،

هەروەها (بە ئاگاداری لەمە کە) توندوتیژی دژی ژنان یەکێک لەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییە گرنگانەیە کە ژنان ناچار دەکا مل بۆ پلە و پایە و پێگەی نزمتر ـ لە چاو پیاوان ـ رابکێشن،

نیگەران لەوە کە هێندێک لە گروپەکانی ژنان بۆ وێنە ژنانی سەر بە گروپە کەمایەتییەکان، ژنانی خۆوڵاتی(بومی)، ژنانی پەنابەر، ژنانی کۆچەر، ئەو ژنانەی لە لادێ یان ناوچە دوورە دەستەکان دەژین، ژنانی بێئەنوا، ژنانی بەندکراو یان دەسبەسەر، کچانی مێرمنداڵ، ژنانی نەقوستانو بێتوانا، ژنانی بەساڵاچووو ژنانی ناوچە شەڕلێدراوەکان بەتایبەت لە بەرانبەر توندوتیژیدا لاوازن،

بە وەبیرهێنانەوەی دەرئەنجامی پاراگرافی ٢٣ی هاوپێچی بڕیارنامەی ٢٤ی مای ١٩٩٠ی شووڕای کۆمەڵایەتی (ژمارە ١٩٩٠/١٥)و هەست کردن بەوە کە توندوتیژی دژی ژنان لە بنەماڵەو کۆمەڵگەدا پەرە گرتوویە و، لە سنووری داهات، چین و کولتوور تێدەپەڕێ، دەبێ هەنگاوی بە پەلەو کاریگەر بۆ لەنێوبردنی ئەم دیاردەیە بنرێ،

هەروەها بە وەبیرهێنانەوەی بڕیارنامەی ١٩٩١/١٨ی شووڕای ئابووری و کۆمەڵایەتی (٣٠ی مای ١٩٩١) کە شوورا لەودا پێشنیاری ئامادەکردنی بەڵگەنامەیەکی نێونەتەوەیی هێناوەتە گۆڕێ کە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە سەرنج بداتە کێشەی توندوتیژی بە دژی ژنان،

وەک پێشوازی لە ڕۆڵێک کە بزووتنەوەکانی ژنان لە ڕاکێشانی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتری سەرنجەکان بۆلای نێوەرۆک، جیددیبوون و ڕەهەندەکانی کێشەی توندوتیژی بە دژی ژنان‌دا هەیانە،

بە هەستکردنی ئەم مەترسییە کە دەرەتانو دەرفەتەکانی ژنان بۆ بەدەستهێنانی یەکسانیی مافەکان و بەرابەری لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابووریی کۆمەڵگەدا، بەهۆی جۆراوجۆر و یەک لەوان توندوتیژیی پەرەگرو بەردەوام، بەرتەسک و سنووردارن،

بە سەرنجدان بەو خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، بڕوامان وایە کە پێناسەیەکی گشتگیر و ڕوون بۆ توندوتیژی دژی ژنان، بەیاننامەیەکی ڕوون لە بارەی ئەو مافانەی دەبێ ڕەچاو بکرێن و دەستەبەری نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە هەموو شێوەو جۆرەکانی دان، هەروەها دەروەستبوونێک لەلایەن دەوڵەتانەوە بە نیازی ڕێزگرتن لەبەرپرسایەتییەکانیانو، دەروەستبوونێکیش لەلایەن سەرجەمی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان پێویستە،

هەر بۆیە بەڕەسمی بەیاننامەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە خوارەوەدا ڕادەگەیەنین و، سوورین لەسەر ئەمە کە بۆ ناساندن و ڕێزگیرانی لە لایەن هەموانەوە، دەبێ هەر چەشنە هەوڵێکی پێویست بدرێ:

**ماددەی ١:**

لەم بەیاننامەیەدا، مەبەست لە دەستەواژەی «توندوتیژی دژی ژنان» هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەتە کە ببێتە هۆی ئازاردان و زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جینسی یان دەروونیی ژنان، یان لەوانەیە ببێتە هۆی ئەم جۆرە ئازار و زیانانە. هەڕەشە یان کردەوەی هاوشێوە، زۆری کردن لە ژنان، بێبەشکردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی کە لەبەرچاوی خەڵک یان لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتیدا ڕوودەدەن، لە ڕیزی ڕەفتارو کردەوەی توندوتیژ دان.

**ماددەی ٢:**

لێکدانەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بەڵام هەر بەم نموونانە نابەسترێتەوە:

ئەلف- توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە لە بنەماڵەدا ڕوودەدەن، بۆ وێنە لێدان، ئازاردانی جینسیی کچانی مێرمنداڵ لە ماڵدا، توندوتیژیی پێوەندیدار بە جیاز، دەستدرێژی لەلایەن مێردەوە، خەتەنەکردنی ژنان و ئەو دابونەریتانەی زیان بە ژنان دەگەیەنن، توندوتیژی لە پێوەندیی بەدەر لە ژن و مێردایەتیدا و توندوتیژی تایبەت بەژنان.

ب- توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە لە بەستێنی ژیانی بە کۆمەڵدا ڕوو دەدەن، بۆ نموونە: دەستدرێژی، کەڵکی خراپ وەرگرتنی جینسی، ئازاردانی جینسی و ترساندن لە شوێنی کار، لە ناوەندە فێرکارییەکان و شوێنەکانی دیکەدا، کڕین و فرۆشتنی ژنان و لەشفرۆشیی بە زۆری.

پ- توندوتیژی جەستەیی، جینسی و دەروونی کە بە هۆی دەوڵەتەوە ئەنجامدەدرێ یان لە لایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ دەخرێ.

**ماددەی٣:**

ژنان بە شێوەیەکی یەکسان [لە گەڵ پیاوان] مافی دەستڕاگەیشتن بە هەموو مافە مرۆییەکان و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، مەدەنی و هەموو بوارەکانی دیکەداو، هەر وەها مافی پاراستنی ئەو ماف و ئازادییانەیان هەیە. ئەم مافانە بریتین لە:

ئەلف- مافی ژیان(٦)

ب- مافی یەکسانی (٧)

پ- مافی ئازادی و ئاسایشی کەسی(٨)

ت- مافی پشتگیری لەلایەن قانوونەوە(٧)

ج- مافی ڕزگاری لە هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن(٧)

چ- مافی کەڵکوەرگرتن لە زۆرترین ڕادەی گونجاوی سڵامەتیی جەستەیی و دەروونی(٩)

ح- مافی [هەبوونی] هەلومەرجی دادپەروەرانەو جێگای ڕەزامەندی بۆ کار(١٠)

خ- مافی ئەوە کە تاک نەکەوێتە ژێر ئەشکەنجە یان سزاو ڕەفتاری توندوتیژ، نامرۆییو پڕسووکایەتی.(١١)

**ماددەی ٤:**

دەوڵەتان دەبێ توندوتیژی دژی ژنان مەحکووم بکەن و، نابێ هیچ دابونەریت یان تێبینیی ئایینی، بکەنە بیانوو بۆ ئەنجام [نە]دانی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ نەهێشتنی توندوتیژیدا. دەوڵەتان دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوە گونجاوەکان و بێڕاوەستان، سیاسەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان هەتا سەر ئەنجامەکەی درێژە پێ بدەن. هەروەها دەبێ:

ئەلف- ئەگەر تا ئێستا بە تەواوی لە ئاست «ڕێککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن دژی ژنان» خۆیان بەرعۆدە نەکردووە، دەبێ پەسندی بکەن، یان بەشێوەی ڕەسمی ببن بە ئەندامیو، واز لە مەرجە تایبەتییەکانی خۆیان لەبارەی ئەم ڕێککەوتننامەیەوە بێنن.

ب- لە بە ئەستۆگرتنی هەر چەشنە توندوتیژییەک، خۆ بپارێزن،

پ- بە مەبەستی پێشگیری لە توندوتیژی و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەم پێوەندییەدا و، دانانی سزا بۆ کردەوەی توندوتیژ دژی ژنان، هەموو هەوڵێکی پێویست بە گوێرەی قانوونەکانی وڵات بدەن. جا چ ئەم کردەوانە لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجام درابن، چ لەلایەن کەسانی تایبەتییەوە.

ت- لە قانوونەکانی وڵاتدا دەبێ لایحەی ڕەسمیی سزایی، مەدەنی، کاریو ئیداری بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو خەتایانە ئامادە بکەن کە دەرهەق بە ژنانی توندوتیژی چێشتوو، ئەنجامدراون. ئەو ژنانەی لەگەڵ توندوتیژی بەرەوڕوو دەبن، دەبێ ڕێگاچارەی قەزاییان بۆ دابین بکرێو، بە پشتیوانیی قانوونەکانی وڵات، زیانەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو کاریگەر بۆ قەرەبوو بکرێتەوە. دەوڵەت هەروەها دەبێ ژنان لە مافەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ داوای قەرەبووکردنەوەی زیان و وەدەستهێنانی توانایی بەهۆی ئەم ڕێگاچارانەوە ئاگادار بکاتەوە.

ج- بەرنامەی نەتەوەیی بە مەبەستی پەرەپێدانی پشتگیری لە ژنان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەرچەشنە توندوتیژییەک، یان زیادکردنی هێندێک ماددە لە بەرنامەکانی خۆیان بەو مەبەستە، هەروەها هاوکاریی گونجاو لە هێندێک بواردا لەگەڵ ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان بەتایبەتی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی بە کێشەی توندوتیژییەوە خەریکن.

چ- دیاریکردنی ڕێگاکانی پێشگیری لە توندوتیژی و، دانانی پلانی گشتگیری کاری لە بوارەکانی حقووقی (مافەکان)، سیاسی، ئیدارىو کولتووریدا کە پشتیوانی لە ژنان لە بەرانبەر هەر چەشنە توندوتیژییەک برەو پێ دەدەن و، دەبنە دەستەبەرێک بۆ ئەوەی ژنان سەبارەت بە هەستیارنەبوونی قانوون لە ئاست تێبینییە جینسییەکان‌داو لە ئاکامی جۆرەکانی بەڕێوەبردنی قانوونو خۆ تێهەڵقوتاندنە دەوڵەتییەکانی دیکەدا، نابنەوە بە قوربانیی توندوتیژی.

ح- هەوڵ بدەن بۆ دەستەبەرکردنی ئەوە کە ژنانی ژێر توندوتیژی، ئەگەر پێویست بوو منداڵەکانیان لە یارمەتییە تایبەتییەکانی وەک توانایی پێبەخشین، هاوکاری لە سەرپەرستی و چاوەدێریی منداڵان و ژیان و بەرێچووندا، دەرمان، ڕاوێژکاری و خزمەتە لەشساغی و کۆمەڵایەتییەکان بەهرەمەند بن. ناوەندەکان، پرۆگرامەکان و ڕێکخراوە یارمەتیدەرەکان دەبێ هەنگاوی پێویست بۆ بەرەوژووربردنی ئاسایش و توانایی بەخشینی جەستەیی و دەروونی بەوان، هەڵبگرن.

خ- لە بوودجەی دەوڵەتدا، بەڕادەی پێویست بۆ تێکۆشانی پێوەندیدار بە نەهێشتنی توندوتیژی تەرخان بکەن.

د- بۆ فێرکردن و ڕاهێنانی هێزەکانی ئاسایش و بەرپرسانی دەوڵەتیی بەرپرسیار لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی تایبەت بە پێشگیری، لێکۆڵینەوە و سزادانان بۆ توندوتیژی لە دژی ژنان، هەنگاوی پێویست هەڵبگرن تا ئەم کەسانە هەمبەر بە پێویستییەکانی ژنان هەستیار بن.

ر- هەنگاوی پێویست بەتایبەتی لە بواری فێرکاریدا هەڵبگرن بۆ ئەوەی چاکسازی لەسەر مەشقە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ڕەفتاری پیاو و ژندا بکەنو، هەڵاواردنەکان، ڕەفتاری باو و هەموو چەشنە ڕەفتارێک کە لەسەر بناغەی ژێردەستی یان باڵادەستیی جنسێکە و، ژن و پیاو پێی ڕاهاتوون، لە نێو ببەن.

ز- لێکۆڵینەوە، کۆکردنەوەی زانیاری و ئامار(ئەژمێرەکان)، بەتایبەتی لە باری توندوتیژیی بنەماڵەیی و شێوە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان، برەو پێ بدەن و هاندەر بن بۆ لێکۆڵینەوە لەباری هۆیەکان، نێوەرۆک، ڕادەی جیددیبوون و ئاکامەکانی توندوتیژی بەدژی ژنان و، ڕادەی کاریگەریی هەنگاوەکان بە مەبەستی پێشگیری لە توندوتیژی و هەروەها قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی توندوتیژی لە هەمبەر ژنان. ئەم ئامارو زانیارییانە دەبێ بخرێنە بەرچاوی هەمووان.

ژ- هەنگاوی پێویست بە مەبەستی نەهێشتنی توندوتیژی بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ژنانەدا کە لە بەرانبەر توندوتیژی لاوازن، هەڵبگرن.

س- لەو ڕاپۆرتانەدا کە لە پێوەندی لەگەڵ بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤدا پێشکێشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەکەن، زانیاریی پێوەندیدار بە توندوتیژی دژی ژنانو، [ڕاپۆرتی] هەنگاوی هەڵگیراو بە مەبەستی جێبەجێکردنی داواکانی ئەم بەیاننامەیە، بگونجێنن.

ش- هاندەری دانانی پلانی کاری بە مەبەستی جێبەجێبوونی بنەماکانی ئەم ڕاگەیەندراوە بن.

ع- هاوکاریی چالاکی و تێکۆشانی بزووتنەوەو ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکانی ژنان بکەنو لە ئاستی خۆجێیی، نەتەوەیی و ناوچەییدا یارمەتییان بدەن.

غ- ڕێکخراوە ناوچەییە نێودەوڵەتییەکان کە تێیاندا ئەندامن هان بدەن، ئەگەر بۆیان دەگونجێ لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنان بخەنە نێو بەرنامەی خۆیان.

**ماددەی ٥:**

ئۆرگانەکان و نوێنەرایەتییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ ئەوەندەی لە توانایان دایە، یارمەتیی ناساندن و هێنانەدیی ئەو ماف و بنەمایانە بدەن کە لەم بەیاننامەیەدا هاتوون. بۆ نموونە دەبێ:

ئەلف- یارمەتی بە گەشەکردنی ئەو هاوکارییە نێونەتەوەیی و ناوچەییانە بکەن کە ئامانجیان پێناسەکردنی ستراتیژییە ناوچەییەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی، گوازتنەوەی ئەزموونەکان و، بەرنامە ماڵییەکانی تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنانە.

ب- هاندەری ئەو کۆبوونەوەو سمینارانە بن کە ئامانجیان پێکهێنانو گەشەپێدانی ئاگایی نێوان هەموو تاکەکان هەمبەر بە پرسی لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنانە.

پ- یارمەتیی گەشەپێدانی هاوهەنگاوی و هاوبەشیی نێوان بنیات و ناوەندەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن تا پرسی توندوتیژی دژی ژنان بەشێوەیەکی کاریگەر بکەوێتە بەر سەرنج.


ت- لەو لێکدانەوانەدا کە بۆ دامەزراو و ناوەندەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی کێشە و گرفت و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ئامادەی دەکەن، وەک ڕاپۆرتە ناوبەناوە (دەورەییە)کان لە بارەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی جیهان، توێژینەوە لەبارەی مەیل و بۆچوونەکان لە پێوەندی لەگەڵ توندوتیژی دژ بە ژنانیش‌دا بگونجێنن.

ج- فۆرمۆلەکردنی پلانکاری یان نامیلکەکانی ڕێنوێنی لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان، برەو پێ بدەن و، ئەو هەنگاوانەی لەم بەیاننامەیەدا ئاماژەیان پێ کراوە، بگونجێنن.

چ- پرسی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان، ئەگەر دەگونجێ، ببەستنەوە بە جێبەجێکردنی بەرپرسیارەتییەکانی خۆیان لە بەڕێوەبردنی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤدا.

ماددەی ٦:

هیچ شتێک لەم بەیاننامەیەدا نابێ هیچ یەک لە ماددەکانی قانوونی وڵاتێک یان هەر ڕێککەوتن و پەیماننامەیەکی کۆمەڵایەتی یان هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە کە لە وڵاتێک جێبەجێ دەکرێ و بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان ڕوونتر و بەبڕشتترن، بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی.




پەراوێزەکان:

- بڕیارنامەی (٢١٧ )
- بڕوانە بڕیارنامەی AXXI٢٢٠٠ ، هاوپێچ
- بڕوانە بڕیارنامەی ١٨٠/٣٤، هاوپێچ
- بڕیارنامەی ٤٦/٣٩، هاوپێچ
- ڕاپۆرتی کۆنفرانسی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی دەسکەوتەکانی دەیەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان: یەکسانی، پێشکەوتن و ئاشتی، نایرووبی، ٢٦- ١٥ی ژوئیەی ١٩٨٥ (لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارەی E. ٨٥. IV.١٠) فەسڵی I ، بەشی A )
- بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ماددەی سێهەم، ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددەی ٦.
پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددەی ٢٦.
- بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ماددەی ٣ و، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددەی ٩.
- پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەلایەتی و کولتوورییەکان، ماددەی ١٢.
- بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ماددەی ٢٣ و، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، ماددەکانی ٦ و ٧.
- بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ماددەی ٥، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددەی ٧ و، ڕێککەوتننامەی دژی ئەشکەنجە، ڕەفتار یان سزای توند، نامرۆیی و پڕ سووکایەتی..

سەرچاوە: ماڵپەڕی «ایران امروز»

# KURDI STAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 693 5 December 2016

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com




ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


## کۆڕیادێک بۆ بەرز راگرتنی یادی مامۆستا حەسەن قزڵجی




ڕێکەوتی ٢٦ی نوامبری ٢٠١٦، بە بۆنەی ١٠١ەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی مامۆستای ئەدەبی کوردی، رۆشنبیر و تێکۆشەری ڕێگەی رزگاریی کوردستان، مامۆستا حەسەنی قزڵجی کۆریادێک لە شاری کۆڵنی ئەڵمان بەڕێوەچوو. بەشدارانی ئەم کۆڕە لە بواری جۆراوجۆرەوە باسی ژیان و بەرهەمەکانی مامۆستا قزڵجی، هەروەها بارودۆخێکیان کرد کە مەلایەکی نیشتمانپەروەری ئایینی کرد بە راوێژکاری حیزبێکی کومونیست و تێکۆشەرێکی چەپ کە لە پێناوی ئازادیی کوردستان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سیاسی، پتر لە سێ دەیە لە تاراوگەدا ژیا و لە کۆتاییشدا لە بەندیخانەی ئێوینی تاران پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر شەهیدکرا.

لەم کۆڕیادەدا وەرگێڕدراوی کتێبی «پێکەنینی گەدا» بە فارسی خرایە بەردەستی بەشداران و بۆهەوەڵین جار کۆی چیرۆکەکانی «پێکەنینی گەدا» و چەند بابەتێکی دیکەی مامۆستا لە کتێبێکدا بە فارسی بڵاوکرایەوە هەتا بەم چەشنە شاکارە ئەدەبی‌یەکانی مامۆستای نەمر بە زمانی فارسی بکەوێتە بەردەستی ئەو کەسانەی کە هۆگری ئەدەبیاتی کوردین. لەم کۆڕیادەدا پەیامەکانی مامۆستا عەبدوڵلای حەسەن‌زادە، مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعیی کوردستان، هەروەها کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیش خوێندرایەوە.

لە کۆتایی‌دا هەر وەکوو مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعیی کوردستانیش لە پەیامەکەی‌دا پێشنیاری کردبوو، بەشدارانی ئەم کۆڕە داواکاریەکیان واژۆ کرد کە لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەری ئەم کۆڕە روو بە سەروکایەتیی هەرێمی کوردستان ئامادە کرابوو. لەم داواکارییەدا داوا لە بەرپرسانی حکوومەتی کوردستان کراوە هەتا لە هەولێری پێتەخت بە دانانی پێکەری مامۆستا قزلجی یا ناونانی شەقامێک بە ناوی ئەم بلیمەتە، هەروەها بە چاپگەیاندنی سەرجەم مێژووی خەبات و نووسینە ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی، پشکی خۆیان لەم یادە پیرۆزەدا ئەدا بکەن و وەکوو حکوومەتی هەرێم لە بەرز راگرتنی یادی ئەو کەسایەتی‌یە ئەدەبی و خەباتکارەدا، رۆڵ ببینن.

## یەکەمین ساڵیادی وەشانی «دەنگی کوردستان» بەرز راگیرا




لە شاری سنە بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە چالاکانی فەرهەنگی و رۆژنامەنووسان، ساڵیادی وەشان و بڵاوکردنەوەی حەوتوونامەی «دەنگی کوردستان» بەرز راگیرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا وێڕای ریزگرتن لە ساڵێک ماندووبوون و تێکۆشانی خەمخۆران و قەڵەمبەدستانی کورد، کە لاپەڕەکانی «دەنگی کوردستان»یان رازاندۆتەوە، چەند بڕگەیەکی هونەری و فەرهەنگیش پێشکەش کران.

سەرەتا فەرهاد هادی ئەندامی دەستەی نووسەرانی «دەنگی کوردستان» بە باس کردن لەو حەوتوونامەیە کە هەوڵی داوە دەنگی خەڵک کورد و، ئاوێنەی رووداوەکان بێ و، هەروەها وەک بڵاوکراوەیەکی خەڵکیی هەوڵی داوە لە نێو میدیاکانی نێوخۆی وڵات و دەرەوەش جێگەیەک بۆخۆی بکاتەوە.

ناوبراو لە درێژەقسەکانی‌دا بە خستنە بەرباسی دۆخی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی کوردستان و، بەتایبەتی پارێزگەی سنە، لەسەر چەند دیاردەیەک وەکوو کوڵبەرکوژی هەڵوەستەی گرت و، گوتی: ئەرکی سەرشانی راگەیاندکاران و میدیاکارانە کە زیاتر گرینگی بەم کارەساتە بدەن و بە بێ‌دەنگی بەلای‌دا تێنەپەڕن.

دوابەدوای قسەکانی ناوبراو چەند کەس لە قەڵەمبەدەستان و رۆژنامەنووسانی ناسراو، بابەت و وتار و شێعری خۆیان پێشکەش بە ئامادەبوان کرد.

مامۆستا جەلال مەلەکشا، مەسعوود بینەنندە، کامبیز کەریمی، رەزا عەلیپوور و چەند قەڵەمبەدەستێکی ناسراوی دیکە، لە مێوانانی ئەو کۆڕیادە بوون.

لە بڕگەیەکی دیکەدا هونەرمەندی دەنگخۆش عادڵ نادری چەند تابلۆیەکی لە گۆرانی کوردی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی رۆژی جیهانیی مافی منداڵان



ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی رۆژی جیهانیی مافی منداڵان ڕێوڕەسمێکی پێکهێنا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بەیانیی رۆژی شەممە، ٦ی سەرماوەز بەبەشداریی سەدان کەس لە منداڵان و ئەندامانی بنەماڵەکانیان بەڕێوەچوو، کۆمەڵێک چالاکی و بڕگەی هونەری پێشکێش کران.

لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا کە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی رەقیب» دەستی پێکرد، پەیامی ناوەندی منداڵپارێزی لە لایەن خاتوو «سۆنیا نوسرەتی»یەوە خوێندرایەوە.

گۆرانیی «دنیای ئێمە»، «باران» و چەند تابلۆیەکی هەڵپەڕکێی گرووپی «رێژنە» چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە خوێندنەوەی کۆمەڵێک بڕگەی مافەکانی منداڵان لە لایەن «نیان بداغی» و «کارزان حەسەن‌پوور»، بەڕێوەبەرانی جێژنەکە درێژەی پێدەدرا، گۆرانی‌یەک لە لایەن «ئازیتا مۆئمێنی» پێشکێش کرا و چەند چالاکی‌یەکی دیکەی منداڵان وەک شێعرخوێندەوە و پێشبڕکێی ماست خواردن بەڕێوەچوون.

لە بڕگەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی «تۆڕی بەرگری لە مافەکانی منداڵ» لە لایەن «دوکتور رزگار فەقێ‌سەلیم» خوێندرایەوە و لە بڕگەکانی کۆتایی‌دا خەڵات بەسەر منداڵانی بەشداردا دابەش کرا. هەروەها لەوحی رێزلێنانی ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان بەو کەسانە درا کە لە بەڕێوەبردنی ئەو جێژنەدا هاوکاریی ئەو ناوەندەیان کردبوو.

### بەر لە ماڵاوایی

## جێگە و پێگەی منداڵان و مافەکانیان لە ئێرانی ئێستادا



عەلی بداغی

رۆژی ٢٠ی نۆڤامبری هەموو ساڵێک رۆژی جیهانیی پەسەندکرانی کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵانە، هاتنەوەی ئەو رۆژەش وەک بۆنەیەک دەکەینە بیانوو بۆ ئاوڕدانەوە لە پرس و دۆخی منداڵان لە ئێران‌دا.

لە پێوەندی لەگەڵ منداڵان و مافەکانیان گەلێ پەیماننامە و بەڵگەی حقوقی پەسند کراوە کە کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵان، پەسەندکراوی ساڵی ١٩٨٩ی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گرینگترین و فرەڕەهەندترینی ئەو بەڵگەنامانەیە.

ئامانجی ئەو کۆنڤانسیۆنە دروستکردنی دنیا و ژیانێکی باشتر بۆ منداڵان و هەوڵدان بۆ دابینکردنی مافەکانی و یارمەتیدان بە گەشە و هەڵدانی لە بواری جەستەیی، دەروونی و عاتفی‌یە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران ٥ ساڵ دوای پەسەندکرانی ئەو کۆنڤانسیۆنە لە ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی‌دا قامکی پێوەنا و چووە ڕیزی ئەو وڵاتانەی بە ئیمزاکردنی بەڵێنیان دا ئەو مافانە بۆ منداڵانی وڵاتەکەیان لەبەرچاو بگرن و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو قانوون و پرەنسیپانە گۆڕانکاری لە قانوونە گشتی‌یەکانی وڵاتدا پێکبێنن، بابەتێک کە نەک ٢٢ ساڵە خۆی لێ دزیوەتەوە، بگرە قانوونی زۆر ناسەردەمیانەی دیکەشی لە دژی منداڵان و مافەکانیان لە ئێران‌دا پەسند کردوە.

بەپێی قانوونەکانی ئێران سزای کوشتنی بە ئانقەستی کەسێک «قەساس»ە، واتە کردوەی بەرامبەر و وەک یەک؛ بەڵام منداڵ ئەگەر بە دەستی باوکی، یان باپیرەی بکوژرێ ئەو قانوونەی نایگرێتەوە. ئەوە سەرەتایەکە بۆ ئەوەی لە قانوون‌دا منداڵ ون و نادیار بێ.

هەر بەپێی قانوونەکانی ئێران ئەو منداڵانەی لە دایکێکی ئێرانی بەڵام لە باوکێکی نائێرانی لەدایک دەبن، پێناسیان نادرێتەوە و بە قانوون لە سەرەتاییترین مافی شوناسی خۆیان بێبەش دەکرێن.

هەڵاواردنی رەگەزی سێهەمی بەردی بناغەی پێشێلکردنی مافی منداڵان لە قانوونەکانی ئێران دایە. خۆ ئەگەرچی ئێران دەبوا تەمەنی گەیشتن بە بەپرسایەتیی قانوونی بۆ منداڵانی ١٨ ساڵی هەتاوی و بەپێی پەسندکراوەکانی کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵان ڕێکخستبا، بەڵام نەک ئەوەی نەکردوە بەڵکوو بۆ کچانی ٩ ساڵی مانگی (قمری) و بۆ کوڕان ١٥ ساڵی مانگی داناوە، واتە سزای تاوانێک کە کچێکی تەمەن ٨ ساڵ کردبێتی هەر ئەو سزایەیە کە لە پیاوێکی تەمەن ٥٠ رووبدا.

بێبەشکردنی زیاتر لە نیوەی منداڵانی ئێران لە خوێندن بە زمانی زگماکی، بارهێنانی منداڵان لە سەر بنەمای ئیدۆلۆژیی ئیسلامیی شیعە (بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی نیزیک بە نیوەی خەڵکی ئێران پێڕەوی ئایینزای شیعە نین)، تێوەگلاندنی منداڵان لە سیاسەت لە پێناو پاراستنی ڕێژیم بەهۆی ڕێگەپێدان بە ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکان بۆ پرۆژە فێرکارییەکانیان لە سەر منداڵان لە قوتابخانە و خوێندنگەکان و توند و تیژی دژی منداڵان، چەند بوارێکی دیکەی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی منداڵانە لە ئێران کە لەلایەن دەوڵەت و دەزگا حکومەتییەکانەوە لە دژیان دەکرێ.

باسکردن لە بارودۆخی نالەباری منداڵان لە ئێران چەندی لەسەری بگوترێ هێشتا کەمە، هەر لە پێوەندی لەگەڵ خوێندن‌دا، ساڵی نوێی خوێندن بۆ منداڵان ئەمساڵ لە حاڵێکدا لە ٨٥ هەزار و ٤٥٥ قوتابخانە دەستی پێکرد کە ٢٦ هەزار و ٦١٠ قوتابخانەیان هەر بۆ ئەوە نابن تێیدا دابنیشی و ٣٢ هەزار قوتابخانەش پێویستییان بە نۆژەنکردنەوە هەیە [ ایسنا، ٢٩ی خەرمانان]. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا عەباس عەباسپوور، سەرۆکی ستادی نوێژی وەزارەتی خوێندن و پەروەردە دەڵێ ئەمساڵ ٦ میلیارد تمەنیان بۆ پەرەپێدان بە بەرنامەکانی نوێژپێکردن بە منداڵان لە قوتابخانەکان تەرخان کردوە. [ هەواڵدەریی مێهر، ٧ی رەزبەر]

کاریگەریی خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکانی وەک بێکاری و هەژاری وایکردوە کە بە نیزیک بە یەک میلیۆن منداڵ چ بە دڵخواز یان لە رووی ناچاری وەبەرکار بنرێن، ئەویش لە کاتێکدا کە هیچ چاوەدێرییەکی قانوونی بەسەر کارکردنی ئەو منداڵانەدا ناکرێ و بەشی هەرە زۆریان مەترسیی توشبوون بە ماددەی هۆشبەر و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیان لەسەرە.

بارودۆخی دڵتەزێن‌و ژیانی سەخت و تاقەتپڕووکێنی منداڵان لەمێژە زۆر کەسی وەدەنگ هێناوە، بەڵام ئەو وەدەنگ هاتنەوەش شوێنیان لە سەر ژیانیان، لەسەر بارودۆخی گوزەرانیان دانەناوە، چونکی لە بیر کراون، چونکی لە بازنەی بیرکردنەوە و تێفکرینی بەڕێوەبەرانی ئەو وڵاتەدا نین.

فاتمە دانیشوەر، بەرپرسی ڕێکخراوی «مهرآفرین» لە رۆژی جیهانیی منداڵانی ساڵی رابردوودا کە منداڵانی کار لە ئێران لەو رۆژەش هەر بێبەشن، گوتی کە لە بەرنامەی پێنجەمی گەشە و پەرەپێداندا ١٧ جار باسی ئاوەڕۆی پیس کراوە، بەڵام تاقە یەک جار باس لە «منداڵ» و وشەی منداڵ لەو بەرنامەیەدا نەکراوە.

خۆ لەوە بترازێ بارودۆخی منداڵانی کورد لە کوردستان لەچاو منداڵانی دیکەی ئێران گەلێ ناخۆشترە.

بێکاری، هەژاری، لەدواکەوتوویی‌داڕاگیرانی کوردستان کە بەرهەمی روانگەی ئەمنیەتیی دەسەڵات لە کوردستانە، کاریگەریی سلبی و چەند قات زیاتریان لەسەر منداڵان لە کوردستان داناوە. خەسارەکانی دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکان ئەگەر لە ئێران وەک یەکن، کاریگەرییەکانیان لە کوردستان بەهۆی ئەو دۆخە ئەمنیەتییە لەسەر منداڵان زیاترن؛ بەو واتایە ژمارەی منداڵانی کار زیاترە، بەڵام ئیمکاناتی پەروەردە و خۆشبژیوی بۆ منداڵان لە کوردستان کەمترە. لەوە بترازێ ئێستاش تەقینەوەی مینە لەکارنەخراوەکان مەترسییە لەسەر ژیانی هەزاران منداڵ لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان، کە ساڵ نییە ژمارەیەک لەوان بەو هۆیەوە گیانیان لە دەست نەدەن یان نقوستان نەبن.

بە گشتی دۆخی منداڵان لە ئێران چ لە ڕووی ماف و چ لە ڕووی پەروەردە و دابینبوونی کۆمەڵایەتییەوە دەرخەری ئەو راستییەن کە منداڵان جێگە و پێگەی شیاوی خۆیان نەدراوەتێ و کلتووری کۆمەڵگە و سیاسەتی حاکمییەت وایکردوە کە ئەوان لە زۆربەی مافەکانیان بێبەش بن.